# مەلای گەورە

# و

# مەسعوود محەممەد

## لە چەند دیدارێکدا



کامەران بابانزادە | عەبدوڵڵا حەسەنزادە
ئاراس محەممەد | خوسرەو جاف
هاوکار عەبدوڵڵا | نەبەز سەمەد
نەوزاد جەمال

زامدار ئەحمەد

مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد

زامدار ئەحمەد

# Melay Gewre û Mes'ûd Mhemmed

بنەماڵەی جەلیزادە یەکێکن لە بنەماڵە دیارەکانی کوردستان، لە ماوەی نیشتەجێبوونیان لە باشووری کوردستان و سنووری کۆیە، ناوبانگیان بڵاوبۆتەوە، مەلای گەورەی باوک (١٨٧٦-١٩٤٣) و مەسعوود محەممەدی کوڕ (١٩١٩-٢٠٠٢)، دوو کەسایەتی دیاری نێو ئەو بنەماڵەیەن، کە ڕۆڵی گرنگیان لە ڕەوتی ڕۆشنبیری و هزری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی وخوێندنی ئایینی لە مێژووی کوردستاندا هەبووە.
ئەم کتێبە دید و بۆچوون و شرۆڤەی حەوت کەسی شارەزای سەبارەت بە مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد لەخۆگرتووە، زۆر لایەن و ڕەهەندی جیاواز و کەم باسکراو و نەبیستراوی تێدایە.

Zamdar Ahmed

لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی مەلای گەورە چاپ کراوە

بەرگ: کۆڤەند فەتاح

# مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد

## لە چەند دیدارێکدا

م. کامەڕان بابانزادە
پ. د. ئاراس محەممەد
هاوکار عەبدوڵڵا

عەبدوڵڵا حەسەنزادە
خوسرەو جاف
م. نەبەز سەمەد
د. نەوزاد جەمال

زامدار ئەحمەد

٢٠٢١

**ناسنامەی کتێب**
کتێب: مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد (لە چەند دیدارێکدا)
دیدار: زامدار ئەحمەد
دیزاینی بەرگ: گۆڤەند فەتاح
وێنەکانی بەرگ: قەرەنی جەمیل
چاپی یەکەم: ٢٠٢١
تیراژ: ٥٠٠ دانە
شوێنی چاپ: چاپخانەی تاران
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٠٦١)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە.

لەسەر ئەرکی "ڕێکخراوی مەلای گەورە" لە کۆیە چاپکراوە.

# مەلای گەورە و مەسعوود محەمەد

پێرستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| لەبری پێشەکی | ٩ |
| مەلای گەورە و هەوڵە ڕیفۆرمخوازییەکانی | ١١ |
| بنەماڵەی جەلیزادە | ١٢ |
| ژیان و بەرهەمەکانی مەلای گەورە | ١٤ |
| ڕیفۆرم و چاکسیازییە ئاینییەکانی مەلای گەورە | ١٨ |
| مەلای گەورەی کۆیە | ٢٦ |
| دیداری م. کامەڕان بابانزادە | ٣١ |
| پوختەی ژیاننامەی م. کامەڕان بابانزادە | ٤٧ |
| دیداری پ. د.ئاراس محەممەد ساڵح | ٤٩ |
| پوختەی ژیاننامەی پ. د.ئاراس محەممەد ساڵح | ٦٧ |
| دیداری هاوکار عەبدوڵڵا | ٦٩ |
| پوختەی ژیاننامەی هاوکار عەبدوڵڵا | ٨٠ |
| مەسعوود محەممەد | ٨١ |
| پوختەی ژیاننامەی مەسعوود محەممەد | ٨٢ |
| کاریگەری مەسعوود محەممەد لەسەر کۆمەڵگای کوردی | ٨٥ |
| دیداری عەبدوڵڵا حەسەنزادە | ٩١ |
| پوختەی ژیاننامەی عەبدوڵڵا حەسەنزادە | ١١١ |
| دیداری خوسرەو جاف | ١١٣ |
| پوختەی ژیاننامەی خوسرەو جاف | ١٢٧ |
| دیداری نەبەز سەمەد | ١٢٩ |
| پوختەی ژیاننامەی نەبەز سەمەد | ١٤٧ |
| دیداری د. نەوزاد جەمال | ١٤٩ |
| پوختەی ژیاننامەی د. نەوزاد جەمال | ١٦٨ |

سپاس و پێزانینی تایبەتی بۆ
هاوڕێی هێژا و هاوژینی ئازیزم
"بەناز محەممەد"
ئەرکی کێشا و دەگەڵمدا ماندوو بوو

## لەبری پێشەکی

مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد، بەرهەمی دوو دیداری تەلەفزیۆنی (خەندان)ە، لەژێر ناونیشانی بەرنامەی (کەسایەتییە ناودارەکان) لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٨ تۆمار کراوە و پەخش بووە.
بەرنامەی مەلای گەورە، بە میوانداری مامۆستا کامەڕان بابانزادە، نووسەر و لێکۆڵەر و شارەزا لە ژیانی مەلای گەورە، دکتۆر ئاراس محەممەد ساڵح، توێژەر و مامۆستای زانکۆ، شارەزا لەمەڕ مەلای گەورە، هاوکار عەبدوڵڵا، نووسەری دوو کتێب لەبارەی مەلای گەورە، تۆمار کراوە.
بەرنامەی مەسعوود محەممەد، بە میوانداری عەبدوڵڵای حەسەنزادە، نووسەر و وەرگێڕ و هاوڕێی مەسعوود محەممەد، خوسرەو جاف نووسەر و هاوڕێی مەسعوود محەممەد، نەبەز سەمەد، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، دکتۆر نەوزاد جەمال، نووسەر و لێکۆڵەری فەلسەفی و نووسەری کتێبی (دید و جیهانبینی مەسعوود محەممەد) تۆمار کراوە.
بە پێویستمانزانی ئەم دیدارانە بنووسینەوە و بیانهێنینە سەر زمانی نووسین، بۆ ئەوەی وەکو ئەرشیفێکی نووسراو لە شێوەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

بـۆ داهـاتوو بمێنێـتەوە. لە گـۆڕینی زمـانی قسـەکردن بـۆ زمـانی نووسـین، هەوڵمانـداوە هەمـان چەمك و وشـە و شـێوەزاری دەمـی بەشـداربووانی دیـدارەکان وەك خـۆی دابنێیـنەوە. ڕیزبەنـدی وتووێژەکـان لەژێـر بنەمـای ئەنجامـدانی وتووێژەکـان دانـراوە، ئەو دیمانـەی زووتر ئەنجامدراوە ئەمیان لە ڕیزبەندی پێشتر دانراوە.

زامدار ئەحمەد

بەفرانباری ٢٧٢٠

کۆیە

هەواڵنامەی کتێب

# مەلای گەورەی کۆیە و

# هەوڵە ڕیفۆرمخوازییەکانی

## بنەماڵەی جەلیزادە

بنەماڵەی جەلی زادە، یەکێکە لە بنەماڵە دیارەکانی کوردستان، لە ماوەی نیشتەجێبوونیان لە باشووری کوردستان و سنووری کۆیە، ناوبانگیان لەرێی کەسایەتییەکانی نێو بنەماڵەوە دەرکردووە، لەوانە (مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە، مەلای گەورە، مەسعوود محەممەد، نەجیبە جەلی زادە) لەو ماوەیەشدا، ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕەوتی ڕۆشنبیری و هزری و فەلسەفی و کۆمەلایەتی و خوێندنی ئایینیدا لەمێژووی شارەکە بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی هەبووە. تەنانەت حاجی قادری کۆیی لە بارەی بنەماڵەی جەلی زادە، دەڵێ: (شارەزا، ٢٠٠٧: ٢٠٣)

به غەیری جەددی ئێوە کێیە دانا

لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا

حاجی قادر ئەم پارچە شیعرەی لە ئەستەنبۆڵەوە بۆ مەلا عەبدوڵڵای باوکی مەلای گەورەی هاوڕێی ناردووە. (علاءالدین، ٢٠٠٩: ١٥)

ڕەچەڵەکی بنەماڵەی جەلی زادە، دەگەڕێتەوە بۆ جەزیرە و بۆتان لە نەوەی شێخ برایمی جەزیرین، لە باکووری کوردستان، تاکوو ئێستا هۆکاری جێهێشتنی باکوور و هاتنیان بۆ باشوور، بەنادیاری ماوەتەوە. (جەلی زادە، ٢٠١١: ٣٧). لەدوای هاتنیان بۆ باشووری کوردستان، ڕوو دەکەنە پشدەر و لەناوچەی بێگەلاس نیشتەجێدەبن (گورژی، ٢٠٠٩: ٩٢)، هەریەک لە مەلا ئەبوبەکر (حاجی گەزۆ)،

مەلا حەسەنی کوڕی مەلا ئەبووبەکر، مەلا برایمی کوری مەلا حەسەن، مەلا حەسەنی کوری مەلا برایم و مەلا برایمی کوری مەلا حەسەن کە پێنج پشت دەکات، لە بێگەلاس دەمێننەوە. لەدواتردا، لەسەردەمی مەلا برایمی کوری مەلا حەسەن ڕوودەکەنە بناری کۆسرەت و لە گوندی شیواشان نیشتەجێ دەبن و لەوێدا کوڕێکی مەلا برایم بە ناوی محەممەد ناسراو بە مەلازادەی شیواشان لە ناوچەکەدا ناوبانگ پەیدا دەکات و بە کەسێکی دیندار و خواناس ناسراوە. دواتر کوڕە گەورە مەلازادەی شیواشان بەناوی عەبدوڵڵا کە دە برای لەخۆی بچووکتری هەبووە، لە شیواشانەوە دەچێتە گوندی جەلی بەدووری (٣٠) کیلۆمەتر لە کۆیە، لە بناری شاخی ئاوەگرد. (محەممەد، ٢٠٠٩: ٣،٤،٥). هەریەک لە مەلا عەبدوڵڵا، مەلا عەبدولرەحمان لە گوندی جەلی ژیان بەسەردەبەن. لەدواتردا، مەلا ئەسعەدی کوڕی مەلا عەبدولرەحمان، مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەد، (مودەڕیس، ٢٠١٠: ٤٣٠، ٤٣١). ناسراو بە کاکی جەلی (جەلی زادە، ٢٠١٣: ١١) مەلا محەممەدی کوری مەلا عەبدوڵڵا، مەسعوودی کوڕی مەلا محەممەد لەکۆیە لەدایک دەبن و لە سنووری جوگرافی کۆیە نیشتەجێدەبن. (مودەڕیس، س.پ، ٤٣٣،٤٣٢). لەماوەی ژیانیاندا، هەریەک لەئاست خۆیەوە ڕۆڵ و دەوری گرنگیان بۆ کورد و کوردستان هەبووە، بەتایبەتی لە ڕووی فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەوە. چونکە هەریەک لەوانە و لە سێکتەرێکدا، لەڕێگەی نووسینەکانیانەوە کاریان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی و هانی کورد پەروەریی و نیشتیمان دۆستیان داون.

## ژیاننامە و بەرهەمەکانی مەلای گەورە

مەلا محەممەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەدی کوری مەلا عەبدولرەحمانی کوری مەلا عەبدوڵڵای کوری مەلا محەممەدی کوری مەلا ئیبراهیمی کوری شێخ حەسەنە، دایکی ناوی عائیشەی کچی حاجی بەکر ئاغای حەویزییە. مەلا محەممەد به مەلای کۆیە و مەلای گەورە و مەلای گەورەیی کۆیی ناسراوە، لە ساڵی (١٨٧٦) لەشاری کۆیە لەبنەماڵەی جەلی زادە، لەدایکبووە. (حاجی، ٢٠٠٨: ٣٢).

مەلای گەورە، لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا لەلایەن باوکییەوە ئیجازەی مەلایەتی پێدەدرێت. لەدوای بوونە مەلا، دەست دەکات بە کاری مەلایەتی و وتاردان، لەماوەیەکی کەمدا بەهۆی بەتوانایی و لێهاتووییەوە ناو دەردەکات، تەنانەت ئیجازەی مەلایەتی بەچەند هاوڕێیەکی خۆیشی دەدات لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا. (عەلاءالدین، ٢١٠٤: ٣٣). تەنانەت لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵک دێنە لای مەلای گەورە و دەخوێنن (الجوم حیدري، ٢٠٠٦: ١٠٦).

مەلای گەورە، زۆر پلە و پۆستی سیاسی و ئیداری وەردەگرێ، لەسەر داواکاری مەلا محەممەد، والی سلێمان نەزیف بڕیاردەدا قوتابخانە لە شاری کۆیە بکاتەوە لەدوای ڕووخانی خیلافەتی عوسمانی، بەناوی (کویسنجاق ئولا) قوتابخانەی یەکەم. ئەڵبەتە لە ساڵی (١٩٢٠)دا مەلای گەورە و جەمیل ئاغای حەویزی حاکمی

شاری کۆیە، یاداشتیان بۆ حاکمی سیاسی بەریتانی بەرز کردۆتەوە و داوای دروست کردنی دەوڵەتی کوردییان کردووە (عەلاءالدین، س.پ، ٣٥) ئەڵبەتە مەلای گەورە لە شیعرێکیدا دەڵێ:

هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەناڵم

عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم

مەلای گەورە، بایەخێکی زۆری بە خوێندنەوەی کتێبی زانستی و سیاسی و مێژوویی بووە، هاوکات زۆر بایەخی بە زمانی کوردی داوە، لەگەڵ ئەوەی کە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بەباشی زانیوە (بابانزادە، ٢٠١٢: ١٤٦). لە ساڵی (١٩٣٠) بە دواوە، بە وادەی پێگەیشتنی فیکری و فەلسەفی مەلای گەورە دادەنرێ، چونکە لەو سەردەمەدا زۆربەی زانستە دینییەکانی بەباشی زانیوە، لەم ساڵە بەدواوە دەستی کردووە بە تەفسیرکردنی قورئان بەناوی کەلامی خودا، کە لە دە بەرگ پێکدێ و لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٣٣ بۆ ١٩٤٣)دا تەفسیری کردووە. (گەورە، ٢٠٠٩: ٧).

مەلای محەممەدی کۆیی، لە تەمەنی (٦٧) ساڵیدا و لە دوازدەی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٤٣) بەهۆی نەخۆشی قورعەی مەعیدە، لە شاری کۆیە گیان لەدەست دەدات. (ڕۆڤار، ٢٠١٢: ٧).

مەلای گەورە، لەماوەی ژیانیدا ژمارەیەکی زۆر نووسین و کتێبی هەبووە، زۆربەی کاتەکانی بۆ زانست و زانیاری تەرخان کردووە، بە وەرگرتن و بەبەخشین. مەلای گەورە، بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی و زمانی کوردی نووسیوە، کە ئەمانەن: (گەورە، س.پ، ٩).

هەواڵنامەی کتێب

## کتێبە کوردییەکان

١ -کەلامی خوداوەند/ تەفسیری قورئان

٢ -فڕی فڕی قەل فڕی

٣ -عەقیدەی کوردی

٤ -نویٚ کەرەوە

٥ -دیاری مەلا محەمەدی کۆیی/ شیعر

٦ -حیکایەت، خەون، کەرامەت

## کتێبە عەرەبییەکان

هەوالنامەی کتێب

١ -التكميل فی وجوب الفرق بين الممكن و والمستحيل

٢ -ضياعان: ضياع الحياة، ضياع الدين (دين الاسلام)

٣ -ابهی المارب فی اثبات الواجب

٤ -الالة والطبيعة العقل و النبوة

٥ -حقيقة الاسلام و الايمان والاحسان

٦ -الحدس سلم الارتقاء

٧ -خراب العالم

٨ -ستة اشخاص

٩ -غايتي واملي فی علمی وعملي

١٠-القائد الي العقائد

١١- الكلام الجديد

١٢- مسالة الاختيار

١٣- المشاهد

١٤- المعجزات والكرامات
١٥- مقالة في تحقيق صفة الكلام
١٦- المصقول في علم الاصول

ئەو کتێبانەی کە لەلایەن مەلای گەورەوە نووسراوە، لەسەردەمی خۆی بڵاونەکراوەتنەوە، بەهۆی کەمی و نەبوونی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەددەی بیستەم بەشێکیان بڵاوکرایەوە، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردووشدا زۆربەی کتێبەکانی چاپکرا و خرایە بەردەستی خوێنەران، بەتەفسیری کەلامی خوداوەندەوەش.

کتێبخانەی هەوالنامە

## ڕیفۆرم و چاکسازییە ئاینییەکانی مەلای گەورە

بەکارهێنانی چەمکی "مەلای گەورە" بۆ کەسایەتییەک، گوزارشتە لە لێهاتوویی و مەزنی و گەورەیی و جیاوازی ئەو کەسە. مەلای گەورە، مەلا و کەسایەتییەکی ئاینیی بوو، هاوشێوەی سەعید نەورەسی لە باکوور، ئەحمەدی موفتیزادە و ناسرِ سوبحانی لە ڕۆژهەڵات و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە باشوور، واتە جیاواز لە کەسایەتییە ئاینیی و مەلاکانی دیکەی هاوسەردەمی خۆی و دوای خۆیی بووە. لەدوای ئەوەی مەلای گەورە، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت و نازناوی مەلای گەورەی پێدرا و لەگەڵ ڕۆیشتنی مێژوودا، ژمارەیەک چاکسازی کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئاینیی کردووە، لێرەدا ئاماژە بە چەند چاکسازییەکی ناوبراو دەکەین.

مەلای گەورە، لەژیانیدا دژی زۆردار و ئەفسانە پەرست و مێشک وشک و دوژمنی ناحەزانی کوردایەتی بووە (محەمەد، ٢٠٠٩: ٩) بەردەوام دژی هەموو ئەو مەلایانە بووە کە دژی پێشکەوتنن و هەوڵی چاندنی خوڕافە لە دەماغی خەڵکی دەدەن. (شێخ وەسانی، ٢٠١٦: ١١٣) بەتایبەت ئەوانەی هەوڵیانداوە دین بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاربهێنێ، بە نموونە شێخەکان، کە هەوڵیانداوە خەڵکی بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاری بهێنن بیانکەنە دەروێش و موریدی خۆیان. مەلای گەورە لە شیعرێکدا دەڵێ:



هەواڵنامەی کتێب

هــەتا شێخی لە کـوردستان بمێنێ

ئومێدی زیندەگـانیت پـێ نـەمێنێ

تەریقی قــادری و نــەقشـبەنـدی

بـەبـای دا رەونـەق و ئـاهـەنگی کوردی (علاءالـدین، س.پ، ١٠٧)

هـەروەها، لـە شیعرێکـی دیکـەدا دەڵـێ:

شێخی ئەهلی ســوننە و جەماعەت

بە هەموو فێڵ و تەدبیر و کیاسەت

هـەر وەکوو پاپا بەهەشت دەفرۆشی

وەی قورت بـەسەر گـەلـێ بـێ هۆشی (علاءالـدین، س.پ، ١٤٨)

جگـە لـەم دوو شیعرە، لـە چـەند شوێن و شیعری دیـکـەدا سـەبارەت بـە شـێخـەکان قسـە دەکـات، ئـەمـەش گوزارشـتـە لـە زۆر بـوونـی شـێخ و تـارادەیەک باڵادەستییان بـەسەر کۆمەڵگە. لـەم شیعرەشدا دەڵـێ:

بەســـیە بۆ خاتری خـــوا بەسیە

تابەکەی بەزمی خانەقا و تەکیە

شێخە فەندی ئیتر بترسی لە خوا

میللەتی قورِ بەسەر چ حاڵ نەما (علاءالـدین، س.پ، ١٥٨)

ڕووبەڕووبونـەوەی شێـخ و تـەکـیە و خـانـەقـا، لـەلایـەن مـەلای گـەورەوە، یـەکێکە لـە چاکسـازییەکانـی کـە بـۆ کـۆمـەڵگەی کـوردی کردوویـەتـی، هـەوڵیـداوە کـە خـەڵکـی هۆشـیار بکـاتـەوە و تێیـان بگـەیـەنـێ ئـەمـەی دەکـــــرێ تـەنیــــا کـــــرداری دونیــــایین و بـــــۆ مـەبـەســـــتـە دەکـرێ. لـەهـەڵوێستێکی لـەم شێوەیـەدا، ئـەگـەر پـێگـە کـۆمـەڵایـەتـی و

پـێگە زانسـتیی و نـاسـراوی بنـەمـاڵـەی جەلـی زادە نـەبـووایـە، دوور نـەبـووە مەلای گەورە لـە شـارەکە دەربـکـەن، چـونکە شـێخـەکان لـەو سەردەمدا خـەڵکی زۆریان لـەگەڵ دابووە. لـە پێشوتریش لـەسـەردەمی مەلا عەبـدوڵڵای بـاوکی مەلای گەورە، حـاجی قـادری کـۆیی، لە کۆیەوە ئاوارەی ئەستەنبۆڵ کراوە. (ساڵح، ٢٠١٦: ١٣)

لەو سـەردەمەدا، لەلای خەڵـکـی زمـانـی قورئـان و دینـداری تـەنیـا زمـانـی عەرەبـی بـووە واتە نەدەکـرا بە زمـانێکی دیـکە، قورئـان بخوێنیتەوە و بنووسی، بەڵام مەلای گەورە، ئەو قسانەی ڕەتکردەوە و بە پڕاکتیکـی تەفسـیری قورئـانی کـرد و بە زمـانی کـوردی لـە دە بەرگـدا بـڵاوی کـردەوە و تەفسیرەکەشـی هەڵـقـوڵاوی نێـو کـۆمەڵگەی کـوردەواریی بـوو، واتە خوێنـدنەوەیەکی کـوردانەی بـۆ کـردووە. ئەڵـبـەتە لەنێـو تەفسیرەکەشـیدا، بانگەشـەی بـۆ چاکسـازی کـۆمەڵایەتی و کولتـوری و فەرهەنگـی و سیاسـی کـردووە. (سـاڵح، ٢٠١٦: ١٦) و ڕای وابووە، کە دەبێت دین کاریگەری پۆزەتیڤی بەسەر مرۆڤەوە هەبێ، دەبێ بەردەوام بەبەرزی بڕوانێ و خۆی بە بچووک و زەلیلی نەبینێ (شێخ وەسانی، س.پ، ١٢٧).

مەلای گەورە، خەڵکـی ڕاهێنـا کە سەربەسـت بـژین و بەردەوام بـۆ ئازادی هەوڵبدەن (شێخ وەسانی، س.پ، ١١٩)، هاوکات لە تەفسیری قورئانەکەیدا باسی لەوە کردووە کە پێویستە سوود لەو چاکسازی و شارسـتانیەتەی ئەوروپـا وەربگـرین، بە نمـوونە بڵاوکـردنەوەی ڕۆژنامە و چاپخانە و کردنەوەی فێرگە و زانکۆ، تەنانەت لە هەندێ

شوێندا سەرسامی خۆی بە شارستانیەتی ڕۆژئاوا نیشان دەدات. ئەمە لەکاتێکدا بووە، کە بەشێک لەمەلاکانی ئەو سەردەم، دووبارەکردنەوەی کارەکانی ڕۆژئاوا و تەنانەت قسەکردن بە زمانیان گوناح و حەڕامە. بەڵام مەلای گەورە بەم شێوەیە ڕوانیویەتی کە باسکرا. (ساڵح، ٢٠١٦: ١٧)

یەکێک لە چاکسازییە کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی مەلای گەورە، کە تاڕادەیەک پێوەندی بە ئاینییشەوە هەیە، پرسی ناردنی منداڵانە بۆ فێرگە، لەو سەردەمدا بەشێک لە مەلاکان لەو بڕوایەدا بوون کە ناردنی منداڵ بۆ فێرگە کارێکی پەسند و باش و ڕەوا نییە، بەڵکو پێویستە منداڵان لە حوجرەکان بخوێنن. بەڵام مەلای گەورە، ئەو قسانە پەراوێز دەخا و نەجیبەی کچی لەگەڵ کوڕان دەنێرێتە فێرگە، ئەمەش بۆ ئەو سەردەم زۆر سەخت بوو، چونکە مەلاکان ڕازی نەبوون کوڕەکانیان بچنە فێرگە. (عەبدولمەجید، ٢٠١٤: ٨٦)

لەم بارەوە مەلای گەورە لە شیعرێکدا دەڵێ:

عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە
(قال) و (قول) گشتی هەبایە
عیلمی کیمیات گەر نەخوێندووە
بەخوا نازانی خوا چی کردووە (علاءالدین، س.پ، ١١٤)

نەجیبە جەلی زادە، بەیەکەم فێرخواز دادەنرێ کە لەگەڵ کوڕاندا لە فێرگە خوێندوویەتی، ئەمەش بە چاکسازییەکی گرنگی کۆمەڵایەتی کولتوری فەرهەنگی کوردیدا دەنرێت.

هەواڵنامەی کتێب

ئەمانەی کە باسکرا، بەشێک بوو لەو ڕیفۆرم و چاکسازییانەی کە مەلای گەورە، لەسەردەمی خۆیدا ئەنجامیدا[1].

## لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**

١- عەبدولخالق علاءالدین: مەلای گەورە-زانا و ئەدیب و شاعیر، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢- قانع خورشید: مەلای گەورە-کوێخای دیوەخانی هزر و میوانی دیوانی شیعر، بیری میانڕەو، هەولێر، ٢٠١٤.
٣- کامەران بابانزادە: مەلای گەورەی کۆیی-سێیەمین ڤیستیڤاڵی سەنتەری پەرەپێدانی لاوان، سلێمانی، ٢٠١٢.
٤- مەسعوود محەممەد: گەشتی ژیانم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩.
٥- مەلای موحەممەدی جەلی کۆیی (مەلای گەورە): فڕی فڕی قەل فڕی، بڵاوکراوەی پرۆژەی تیشک، هەولێر، ٢٠٠٩.
٦- مەلای گەورە ڕووناکبیرێکی پێشکەوتووخواز، ڕۆڤار، ژمارە ٧١، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢
٧- هاوکار عەبدوڵڵا شیخ وەسانی: دین و جیهانبینی مەلای گەورە-هەڵبژاردەیەک لە بەهێزترین بابەتەکانی تەفسیری مەلای گەورە، بڵاوکراوەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٧.

[1] ئەم وتارە لە ژمارە حەوتی گۆڤاری خاڵ بڵاوکراوەتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

٨- جواد فقي رسول الجوم حيدري: محمد بن عبدالله الجلي وجهودة العلمية، مكتب التفسير، اربيل، ٢٠٠٦.
٩- مغديد حاجی: الملا محمد الكويي (مەلای گەورە)، مطبعه وزارة الثقافية، ط٢، اربيل، ٢٠٠٨.

**توێژینەوەکان:**

١٠- ئاراس محمد ساڵ (دکتۆر): هەوڵەکانی مەلای گەورەی کۆیە لە چاکسازی و نوێکردنەوەی بیری ئاینییدا، لە ژمارە (٣٨)ی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٧، هەولێر.
١١- ئاڵا دارا عەبدولمەجید: ئافرەت لە دیدی مەلای گەورە، نامەی ماستەر پێشکەش بەبەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە کراوە، ٢٠١٤، (بڵاونەکراوە).

هەوڵنامەی کتێب

# مەلای گەورەی کۆیە

هەواڵنامەی کتێب

## مەلای گەورەی کۆیە

مەلای گەورە (١٨٧٦-١٩٤٣) یەکێکە لە مەلا دیار و بەرچاوەکانی کورد و کوردستان، لەماوەی ژیانیدا، بەردەوام هەوڵیداوە کۆمەڵگەی کوردی هۆشیار بکاتەوە و لەسەردەمی تاریکی و نەهامەتی و ئەفسانە پەرستی و خورافیاتی شێخ و دەروێشەکان ڕزگاریان بکات. هاوکات، هانیان بدات، بۆ خوێندن و خوێندنەوە، بە ئامانجی ئایندەیەکی گەش و ڕووناک بۆ کوردستان.

مەلای گەورە، ناوی تەواوی مەلا محەممەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەدی کوری مەلا عەبدولرەحمانی کوری مەلا عەبدوڵڵای کوری مەلا محەممەدی کوری مەلا ئیبراهیمی کوری شێخ حەسەنە، ساڵی (١٨٧٦) لە بنەماڵەی جەلی زادە لە شاری کۆیە لەدایک بووە، کە بە مەلا محەممەد بە مەلای کۆیە و مەلای گەورە و مەلای گەورەیی کۆیی ناسراوە، لە دوازدەی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٤٣) لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی دەروێش خدر، بە خاک سپێردرا.

دوکتۆر جەواد فەقێ، ماستەرنامەکەی بەناونیشانی (محمد بن عبدالله الجلي وجهودة العلمية) نووسیوە، سەبارەت بە چاکسازییەکانی مەلای گەورە، دەڵێ: مەلای گەورە لە ژیانیدا، بەهەموو شێوەیەک هەوڵیداوە چاکسازی و ڕیفۆرم لەسەرجەم بوارەکاندا بکات، وەک مەلا کە کاریگەری زیاتری بەسەر کۆمەڵگاوە

هەیە، کۆمەڵگا لە زۆر ئەفسانە و خورافیات و شتی ناجۆر لەڕێگەی گوتاریی ئایینیی و شیعرەوە هۆشیار بکاتەوە، ئەڵبەتە، زۆر دژی زۆردار و ئەفسانە پەرست و مێشک وشک و دوژمنی ناحەزانی کوردایەتی بووە بەتایبەت ئەوانەی هەوڵیانداوە دین بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاربێنن، بۆ نموونە شێخەکان، خەڵکیان بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشا و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریان دەهێنان و دەیانکردنە دەروێش و موریدی خۆیان. لەبەرانبەر ئەوەدا، مەلای گەورە، بە شیعر وەڵامی داوەتنەوە، لە شیعرێکدا دەڵێ:

هەتا شێخی لە کوردستان بمێنێ
ئومێدی زیندەگانیت پێ نەمێنێ
تەریقی قادری و نەقشبەندی
بەبای دا ڕەونەق و ئاهەنگی کوردی

لەدرێژەی قسەکانیدا، پرۆفیسۆر دوکتۆر جەواد فەقێ، وتیشی: مەلای گەورە، کەسایەتییەکی تایبەت و لێهاتوو و شارەزا و بلیمەت بوو، هزر ڕۆشن و بیر فراوان بوو، لەبەرئەوە خەڵک لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە دەهاتنە لای مەلای گەورە، بەمەبەستی دیدار و چاوپێکەوتن و بەمەبەستی خوێندن و بڕینی قۆناخە ئاینییەکان و وەرگرتنی مۆڵەی مەلایەتی لەلایەن مەلای گەورە.

لەبارەی مەلای گەورەوە، کامەران بابانزادە، ماستەر لە مێژووی ئیسلامی و مێژووی نوێی و هاوچەرخی کورد، وتی: مەلای گەورە،

هەواڵنامەی کێڕ

بایەخێکی زۆری بە خوێندنەوەی کتێبی زانستی و سیاسی و مێژوویی داوە، هاوکات بایەخی زۆری بە زمانی کوردی داوە، لەگەڵ ئەوەی کە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بەباشی زانیوە، لەسەردەمی خۆی تەقینەوەیەکی گەورەی ئاینیی، ڕۆشنبیری، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و کولتوری ئەنجامداوە، ئەڵبەتە زۆر پلە و پۆستی سیاسی و ئیداری وەرگرتووە، لەهەموو کاتێکیشدا، هەوڵیداوە خزمەت بە کورد و کوردستان بگەیەنێ و بەردەوام بێ، لە هۆشیارکردنەوەیان، ئەگەرچی هەندێ جار، بێ ئومێد بووە لێیان، ئەمەش لە خوێندنەوەی شیعرەکانیدا بەدیاردەکەوێ، کاتێ دەڵێ:

هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەناڵم

عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم

من یەخەی خۆم لەبۆیە دا ئەدڕم

ئێوە نابن بە هیچ و من دەمرم

بابانزادە، وتیشی: مەلای گەورە لەبزوتنەوەی سیاسی کورددا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەبووە، خاوەن هەستی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی بووە لە زۆربەی بۆنە و پرسە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکان کوردانە و بوێرانە دوواوە، لە نەورۆزی ساڵی (١٩٣٨)ی کۆیە، بە کورتی بە ناواخنێکی بەهێزەوە لە بارەی نەورۆز و جەژنی نەتەوەیی کورد دواوە، کاتێ دەڵێ: نەورۆزی گەلە، ڕۆژێکی زۆر موبارەکە، ئەوەڵی بەهارە. جەژن جەژنی ئۆمەتە. جەژنی موحەبەت و ئولفەتە.

هەواڵنامەی کتێب

لەبارەی تێڕوانین و دیدگای مەلای گەورە بۆ ژن، ئالّا دارا، مامۆستای زانکۆی کۆیە دەڵێ: مەلای گەورە، جیاواز لەمەلاکانی سەردەمی خۆیی لە دەوروبەر و ڕووداوەکانی ڕوانیوە، بەتایبەتی تێڕوانینی بەرانبەر پرسی خوێندن زۆر جیاواز بووە، گرنگی و بایەخی خوێندەواری لابووە، بۆیە نەجیبەی کچی لەگەڵ کوڕاندا ناردۆتە فێرگەی ئولای یەکەم، کە بەیەکەم کچ دادەنرێ لەگەڵ کوڕاندا چۆتە بەرخوێندن، ئەگەرچی ئەو کارەی مەلای گەورە لەلای بەشێکی کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمدا قبوڵ و ڕێگە پێدراو نەبوو، بەلّام مەلای گەورە گوێی بە قسەی خەڵک نەداوە، ئەو کارەشی بە چاکسازییەکی گرنگی کۆمەلّایەتی و فەرهەنگی دادەنرێ. بۆیە لە شیعرێکدا، دەڵێ:

عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە

(قال) و (قول) گشتی هەبایە

عیلمی کیمیات گەر نەخوێندووە

بەخوا نازانی خوا چی کردووە

ئالّا دارا، ماستەرنامەکەی بە ناونیشانی ئافرەت لە دیدی مەلای گەورەوە نووسیوە، وتیشی: مەلای گەورە، ڕێز و قەدرێکی زۆری لە ئافرەتان گرتووە، هەردەم بە چاوی بەرزەوە لێی ڕوانین، بۆ نموونە لە شیعرێکدا، دەڵێ:

بڵێن بە قەومی کوردان

دەستی من و دامێنیان



هەولێرنامەی کتێب

عەیبە بە هەقی
یەزدان.
ژن هێنان و تەڵاقدان
ژن زینەتی دونیایە
ئامانەتی خودایە
حەبیبی مستەفایە.
قەڵاتن لە بۆ مێردان

مەلای گەورە، خاوەنی شەش کتێب بە زمانی کوردی و هەژدە کتێبە بە زمانی عەرەبی. هاوکات، ساڵانی (١٩٣٣-١٩٤٣) قورئانی لە دە بەرگدا تەفسیر کردووە، بەنێوی کەلامی خوداوەند.

# دیداری م. کامران بابانزاده

**پرسیار**: دیدی مەلای گەورە بۆ کورد و بۆ قەزیەیی کوردایەتی چۆن و چی بووە؟

**وەڵام**: ئەگەر ئێمە زانایانی کورد لە سەدەی ڕابردوو دیراسە بکەین، یان بە شێوەیەکی گشتی لە عالەمی ئیسلامی، بەشێک لە زانایان کە لە عالەمی عەرەبیدا محەممەد عەبدە، جمال الدین ئەفغانی و محەممەد ڕەشد ڕەزا دەگرێتەوە، بەوەی کە خەمی ئاین و خەمی نەتەوەیان پێکەوە گرێداوە، هەردوو خەمیان پێکەوە باسکردوە، عیلاجیان بۆ هەردوو ئاریشەکە داناوە، مەلای گەورە یەکێکە لەو ڕەوتەیە کە خەمی نەتەوەکەی لەگەڵ خەمی ئاینەکەی لێکدانەبڕیوە، ئەمە لە نووسینەکانی، لە هەڵوێستەکانی، لە هەموو جوڵەکانی دیارە.

**پرسیار**: چۆن؟ ئەم نووسین و هەڵوێستانەی کە مەلای گەورە کردوویەتی چی بووە؟ بۆ نموونە کاتێک لە کۆتاییەکانی ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی، دژی عوسمانییەکانە و پاڵپشتی ئینگلیزەکانە، دواتریش بۆی یەکلایی دەبێتەوە کە ئینگلیزەکانیش بە هەمان شێوە، هاوکار و هەماهەنگی کورد نیین، لە قەزیەیی کوردایەتی؟

**وەڵام**: بابەتەکە ئەوە نییە، ئەگەر بێت و ئەو دۆکیۆمێنتانەی مەلای گەورە کە لەگەڵ جەمیل ئاغای کۆیە یاداشتییان بەرز کردۆتەوە بۆ حاکمی سیاسی بەریتانی لە هەولێر، لەوێشەوە بۆ مەندوبی سامی لە بەغداد، لەوێ مەلای گەورە چونکە بەتەئکید چووە لەگەڵ

جەمیل ئاغادا، هەست بەوە دەکەی ئەم نووسین و دارشتنە، ئەم زانیارییانەی کە لەناو دۆکیۆمێنتەکەدا هەیە، من لە کتێبی (کورتە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا)دا وەرمگێڕاوە، دەگەی بەو نەتیجەیەی کە مەلای گەورە دارێژەری ئەم داواکاریەیە بۆ بەریتانیەکان، دوو موزەکەرەی تێدایە، لەوێدا مەلای گەورە زۆر بە واقیعیانە داوای قەوارەی سەربەخۆ دەکات، دەیەوێت لە بەریتانیەکان بپرسێت ئەگەر بێت و قەوارەی ئێوە لەسەر بەڵێنەکانی خۆتان سوربن و پابەند بن بە بەڵێنەکانی خۆتان و پشتیوانی قەزیەی کورد و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی باشوور بکەن، کەواتە ئەو کاتە مەلای گەورە تەئیدی ئینگلیزەکانی کردووە بەوەی کە پشتیوانی لە قەزیەی کورد بکەن و لە عوسمانی باشتر بوون، بۆ قەوارەی سەربەخۆی کورد، بەڵام کاتێک دەزانێت ئینگلیزەکانیش ئەو نییەتەیان نییە و پشتیوانی ناکەن، بە تەئکید لەوانیش دڕوداو دەبێت.

**پرسیار:** مەلای گەورە زۆرجار زۆرینەی پەیامەکانی لە ڕێگەی شیعرەوە بڵاوکردۆتەوە، لە یەکێک لە شیعرەکان دەڵێت: (هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەناڵم... عیلاجان چۆن بکەم هاوار بەماڵم) ئەمە بە تێڕوانینی تۆ، یاخود لە شرۆڤەی ئەم شیعرەی مەلای گەورە کە سەبارەت بە کورد نووسیویەتی، دەکرێ بڵێین لە بێ ئومێد بوونی لە کورد نووسیویەتی؟

**وەڵام**: یەکێک لە سروشتی نووسینەکانی مەلای گەورە، لە سەر کورد چ بە ڕێگای شیعر، چ بەڕێگای نووسینەکانی تری، بۆ نموونە لە تەفسیرەکەیدا لە پەراوێزی تەفسیری زۆر ئایەت کە دێتە سەر دەربارەی کورد و میللەتەکەی خۆی و شاری کۆیە جۆرێک لە ڕەشبینی پێوەیە مەلای گەورە، بەڵام نیشانەی ئەوەیە کە مەلای گەورە ڕەشبینییەکەی لە ڕوانگەی سەرکۆنەوەیە لە ڕوانگەی بەئاگا هاتنەوەیە، بەو حسابەی کە مەلای گەورە کۆڵی نەداوە، بێ ئومێد نەبووە، لە خەباتەکەی بەردەوام بووە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە مەلای گەورە پیاوێکی بێ ئومێد نییە، پیاوێکی ماندوو و گەشبینە، بەڵام زیاتر ڕەشبینی لەو ڕێگایەوە دەیەوێت جۆرێک سەرکۆنەی میللەتەکەی خۆی بکات و بە ئاگای بهێنێتەوە و هۆشیار ببنەوە.

**پرسیار**: بۆچوون و دیدی تۆ بۆ کوردایەتی لای مەلای گەورە چییە؟ هەوڵەکانی مەلای گەورە بۆ کوردایەتی چییە؟

**وەڵام**: من دەڵێم ئەگەر لەکۆتایی ڕژێمی مەلەکی بژیابووایە یان لە پەنجاکان، وەکو زۆر ڕۆشنبیر و چالاکوانی سیاسی دەچووە سجنەوە، چونکە لە پەنجاکان بەتایبەتی لە کۆتای ساڵی ١٩٤٨ و دوای پەیمانی پۆرتسمۆرد حکومەتی عێراقی بەشێکی زۆری چالاکوانە سیاسییەکانی لەسەر کوردایەتی خستە سجنەوە، مەلای گەورە لە قۆناغێک ژیا، هەم لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق و مەندوبی کۆیە بووە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، واتا

پێگەیەکی گەورەی سیاسی هەبووە، بەشێک بووە لە داڕێژەرانی دەستوری عێراق وەکو کوردێک بەژدار بووە، لە سەرەتای پەرلەمانی عێراقەوە کە لە چوار خول بەژدار بووە، داوای مافی میللەتەکەی خۆی کردووە، ویستوویەتی لەو ڕێگەیەوە خەبات بکات، مەلای گەورە یەکێک لەو دیپلۆماتکارە باشانە بووە کە والی عوسمانی لە موسڵی قەناعەت پێهێناوە بۆ ئەوەی بایەخ بە کۆیە و بە قوتابخانە بدات لە کۆیە، لەو ڕێگەیەوە مەلیکی یەکەمی عێراقی بینیووە، بۆ ئەوەی پشتیوانی لێبکات لە کۆیە قوتابخانە بکاتەوە، هەوڵە دیپلۆماسییەکانی مەلای گەورە یەکێکە لە ڕوخسارەکانی کوردایەتی، واتا ئەم پەیوەندیانەی بەکار نەهێناوە بۆ بەرژەوەندی خۆی، هێندە بەکاریهێناوە بۆ کردنەوەی قوتابخانە و بۆ خوێندەواری و بۆ ڕێگاوبان لە شارەکەی، مەلای گەورە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە خزمەتێکی گەورەی بە میللەتەکەی خۆی کردووە، مەلای گەورە لە ڕێگای نووسینی تەفسیری قورئان بە کوردی و کوردایەتیەکان و خەمی کورد و هۆشیار کردنەوەی نەتەوەکەی، مەلای گەورە لە ڕوانگەی خوێندنەوەیەکی تر بۆ ئیسلام و بۆ ئایین، بەوەی کە چۆن بتوانێت تێکەڵاوی بکات لەگەڵ خەمی میللەتەکەی، خزمەتێکی زۆر گەورەی بە کوردایەتی کردووە، مەلای گەورە لەڕێگای نووسینی ئەم یاداشتانەوە بۆ بەرپرسانی بەریتانی و بەژداری کردنی لە دەیان کۆبوونەوە لە هەولێر، لە بەغداد، خزمەتی گەورەی کردووە بە میللەتەکەی، لە ڕێگای ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ حەماغا و پیاو

ماقوڵان و سەرۆک هۆزی نەتەوەکەی خزمەتێکی زۆری بە کوردایەتی کردووە، مەلای گەورە وەکو مەلایەکی تێر و تەسەل لەڕووی ئابورییەوە کە چاوی لە دەستی دەسەڵاتدار و ئاغاکان نەبووە، لەو ڕوانگەوە سەرکۆنەی کردوون کە پێکەوە یەک دەنگبن، خزمەتی گەورەی بە کوردایەتی کردوە، من وای بۆ دەچم، مەلای گەورە دەستکەوتەکانی لە بواری خزمەتکردن بە میللەتەکەی هۆشیاری میللەتەکەی، تەسەوڕ دەکەم کۆمەڵێک بوارن هەر یەکێک لەم بوارانە پێویستە ئێمە زوومێکی تایبەتی بخەینە سەری و شرۆڤەی بۆ بکەین، واتا بە جۆرێکی تر مەلای گەورە تەنیا لەیەک ڕووەوە کورد نەبووە و خزمەتی میللەتەکەی نەکردووە، مەلای گەورە لە کۆمەڵێک ڕووەوە خزمەتی بە میللەتەکەی خۆی کردووە.

**پرسیار**: مەلای گەورە لە هەندێک لە شیعرەکانیدا میللەتی کورد بەراورد دەکات بە گەلی هیندستان، باسی ئەوە دەکات خۆی وەکو مەلای گەورە لە بەرانبەر گاندی کە یەکێکە لە ڕێبەرانی هیندستان هەوڵی ئازاد کردنی هیندستانی دابوو، کە لە شیعرەکەدا دەڵێت (منیش هەروەکو غاندی.. هەناسە سارد و ماندی.. لە قەومی کورد و هیندی.. هەرچی خێربوو نەماندی) یانی مەلای گەورە ئاگاداری دۆخی ئەو وڵاتانەی دیکەش هەبووە کە بارودۆخیان وەکو بارودۆخی کوردستان خراپ بووە، لە ژێر دەسەڵاتی وڵاتانی ئەوروپی دابوون، دۆخیان دۆخێکی خراپ بوو، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە لە دەرفەتێکی بچووکدا میللەتەکەیان بەرەو باشتر بەرن؟

**وەڵام:** یەکێک لە حاکمە سیاسییەکانی بەریتانی کاتێک دێتە کۆیە و قسە دەکات لەگەڵ مەلای گەورەی کۆیە، مەلای گەورە باسی هاوپەیمانەکان دەکات کە لە ئەستەنبول گەروی دەردەنیل و بسفۆر و هاتنی لە دەریایی سپی ناوەڕاست و ئیجەوە چۆن محاسەرەی ئینگلیزەکان و هاوپەیمانەکان و محاسەرەی ئەستەنبوڵیان کردووە، بە نیازن چی بکەن ئێستا لە ڕێگای کەشتی ئەم دەریایە لەگەڵ دەریای ڕەش کە ڕوسەکان سوودی لێوەردەگرن سوودەکەی بۆ کێیە؟ دەڵێن وایزانیووە مەلای گەورە ئەمانەی هەمووی بینیووە و تێیدا شارەزا بووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە مەلای گەورە شارەزای تەواوی هەبووە بە ڕووداوەکانی ئەو کات، مەلای گەورە لە تەفسیرەکەی و نووسینەکانیدا نەک هیندستان و غاندی، هەست بەوە دەکەی کە شارەزایەکی سیاسی گەورەی هەبووە، کە سەیری کتێبخانەکەیم کرد، لە کتێبخانەکەیدا کتێبی نهێنی سەرکەوتنی نەتەوەکانی تێدا بووە، مەلای گەورە هەر ئەوە نییە بڵێین شیعری داناوە و لەو شیعرەیەوە دەلیلی ئەوەیە کە ئاگاداری هیندستان بووە، وەکو مستەعمەرەیەکی بەریتانی و دواتر کە غاندی سەرکردایەتی جوڵانەوەی ڕاپەڕینێکی گەورەی لە هیندستان کردووە و خەمی میللەتەکەی خۆی بووە، مەلا مەحەممەدی جەلیزادە تەنها شارەزا نەبووە بە گەلی هیندستان و غاندی، تا لەو بوارە شیعر بنووسێت و نەتەوەیی بکات، مەلای گەورە شارەزای گەورەی بە ڕووداوەکانی جیهانی ئەوروپی و جیهانی ڕۆژهەڵات بووە، یەکێک

لە حاكمە سیاسییەكانی بەریتانیا كە سەردانی دەكات، سەری سوڕ دەمێنێت بەوەی كە كۆمەڵێك كتێبی گەورە لەسەر مێژووی ئەوروپا لەسەر ژیانی پێشكەوتنی نەتەوەكان لە كتێبخانەكەیدا هەبووە، كاتێك كە پرسیار و گفتوگۆ دێتە كایەوە، پرسیار دەكات لە حاكمی سیاسی بەریتانی، بەوەی هاوپەیمانەكان ئێستا واتە مەبەستی دوای دووەمین جەنگی جیهانییە، لە كوێی ئەستەنبوڵن گەروی دەردەنیل و بسفۆر لەژێر دەستی كێدایە، بازرگانی لە دەریای سپی و ناوەڕاست كە ڕوسەكان تێیدا باڵادەستن ئێستا لە ژێر دەستی كێدایە، دەڵێت كاتێك كە وردەكاری ئەو پرسیارانەی لێدەكردم هەستی كردووە لەوانەیە لیژنە بوو بێت لەو ناوچەیەدا، یاخود جوگرافیزان و سیاسییەكی گەورە بووە ئەمانەی بینیووە، كاتێك داوای دەوڵەت و داوای قەوارە دەكات لە ڕێگای ئەو موزاكەراتەوە، ئەوە دەسەلمێنێت كە مەلای گەورە بەراوردی كورد دەكات بە كۆمەڵێك نەتەوەی ناوچەكە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە كە مەلای گەورە شارەزای باشی نەتەوەكانی دەوروبەر و بە ئازادی نەتەوەكانی دەوروبەر هەبووە، شارەزای بە سیاسەتەكانی بەریتانیاش هەبووە كە لە پشتیوانی كردن یان پشتێكردنی نەتەوەكان لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی.

**پرســیار:** گرینگتــرین ئەو هەوڵانەی مەلای گەورە داویەتــی، چ بە کردار چ بە پەیام، چی بووە؟

**وەڵام:** جارێ پێش هەموو شتێک ئاگاداری ئەوەبە مەلای گەورە سێ عەسری جیاواز لە بەرانبەر بە سحێمەنەی سێ دەسەڵاتی جیاواز سێ قۆناغی جیاوازی بینیووە، لەهەر سێ قۆناغەکەشدا نموونە هەیە بۆ بایەخی مەلای گەورە بە کورد و بە میللەتەکەی خۆی، یەکەمینیان لە سەردەمی عوسمانی بە خوێندنەوەی وتارێک لە موسڵ بووە، لە کاتی کردنەوەی پردێک کە بە سلێمان نەزیف دەڵێ ئینجا بۆ ئەوە دەبێت کە بێ مەدرەسە بکاتەوە لە کۆیە و لێرەوە هەوڵە دیپلۆماسەکانی دەخاتەگەڕ لە ڕوانگەی ئەو تەعاروفەوە کە چۆن ئاوڕداتەوە لە کۆیە و ئاوڕبداتەوە لە هەولێر و کوردستان، لێرەوە پەیوەندی باشی دەسەڵاتدارانی عوسمانی بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەی لە هاتنی ئینگلیزەکان وجودی مەلای گەورە زۆر ڕۆشنە کە چۆن مخاتبەی کردوون و دواندوونی بۆ مافەکان لە ڕێگەی مزەکەرەوە لە ڕێگەی گفتوگۆ و لە ڕێگەی سەردانی کردنی لە رێگای گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان تێڕوانینێکی هاوسەنگ، لە گەرمەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموددا مەلای گەورە دیدی خۆی هەبووە دەربارەی شۆڕشی کورد، لە گەرمەی ململانێی دەوڵەتی تورکیای تازە لەگەڵ بەریتانیادا دیدی خۆی هەبووە لە سەر چارەنوسی ویلایەتی مەسڵ دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێڕاقی ئەندامی مەجلیسی نەوابی عێڕاقی بووە، لێرەوە سەرنجی مەلیکی ڕاکێشاوە

کە چۆن گرینگی بە مەدرەسە، بە خوێندەواری بدات لە کوردستان، لێرەوە چۆن قسە بکات لەسەر حقوق و مافەکانی کورد، یانی مەبەستم ئەوەیە لە سێ قۆناغی جیاواز مەلای گەورە پاڵەوان بووە، ئەو بوارانەی کە مەلای گەورە وەکو کوردایەتی بایەخی پێداوە، مەلای گەورە لە دوو ڕێگایەوەیە، یەکەمیان لە ڕێگەی نووسینەکان و پەیامەکانییەوە، هەروەها لە ڕێگەی هەنگاوە عەمەلییەکانیەوە مەلای گەورە، بۆ خۆی لە بیرەوەرییەکانی کاک مەسعوودی کوڕی دەگێڕێتەوە لە ناو ژیان نامەکەیدا مەلای گەورە بەژداری بەشێکی باش و کارای کردووە لە قسە کردن لەگەڵ نوێنەرانی بەریتانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی هاوکار و هاوئاهەنگییەکی گەورە بووە لەگەڵ بنەماڵەی مەلا ئەفەندی لە هەولێرێ بۆ قسەکردن لەسەر چارەنووسی موسڵ بۆ قسەکردن لەسەر گەشەپێدانی ئابوری و ڕێگەوبان و بواری سەقافی کوردستان، مەلای گەورە پەیوەندی گەورەی هەبووە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی پارچەکانی تری کوردستان، مەلای گەورە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە دەتوانم بڵێم یەکێکە لە شاعیرە ئاگرینەکان و شیعرەکانی مەلای گەورە جیاواز لە شیعری شاعیرانی تر، سادەیە واتە بەزمانێکی سادە نووسیوە، هەموو میللەتی ئێمە کاتێک شیعری مەلای گەورە دەخوێنێتەوە بەتایبەت بۆ قۆناغی نەخوێندەواری ئەم ڕۆژگارە هەموویان لە مەلای گەورە تێدەگەن چونکە بە زمانێکی زۆر سادە دەیهەوێ خەڵکەکە هۆشیار بکا و بە زمانێکی زۆر سادە سەر کۆنەی تاکەکانی میللەتی خۆی دەکات.

**پرسیار**: دەکرێ بڵێین مەلای گەورە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵەی داویەتی، نەیتوانیووە کاریگەری لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت؟ یاخود لایەنی کەم ئەم ڕێبازەی کە مەلای گەورە گرتبوویەبەر لەدوای خۆی درێژەی پێ بدرێ؟

**وەڵام**: ئێمە لە کوردستانی باکوور بەدیعوزەمان سعیدی نەورەسیمان هەیە، لەدوای خۆی ڕێبازەکەی دەبینین، ئێستاش مەدرەسەیەکە و مەدرەسەیەکی پەروەردەیی بابڵێین کوردانە دەروا بەڕێوە، ئەحمەدی موفتی زادە لە ساڵانی دواتر هات کە دووبارە دەبینین بە ئەندازەیەک ڕێچکەی گرتووە و شاگردی هەن بۆ درێژە پێدانی ئەو ڕێبازە، بەڵام مەلای گەورە لەدوای خۆی ئەم شاگردانەی خۆی یان لەدوای خۆی نەبوو بە ڕێچکەیەکی بابڵێین کەسانێک درێژە پێدەری ڕێبازەکەی بەڕێوە ببەن، من تەسەور ناکەم ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ڕابردووشدا ئەگەر هەستت پێ کردبێ دواجار لە کوردستان ئاراستەی دینداری لەگەڵ ئاراستەی نەتەوایەتی پێکەوە بوون بە خاڵی هاوبەش، واتا ئێستا کە کوردستان دەبینین، خەمی دینداری و خەمی کوردایەتی و خەمی میللەت بوون بوو، دەتوانم بڵێم دوو تەوەری جیاواز نین یانی زۆر کەم دینداری دەست دەکەوێت، هەیە لێرە و لەوێ کە خەمی کوردایەتی نەبێ، زۆر خەڵک وایلێهاتووە خەمی کوردایەتیش بە خەمی دینداریەتی بزانێ، من تەسەوڕ دەکەم ئەوە ڕێبازی حەقیقی مەلای گەورەیە، بەڵام مەلای گەورە بۆ لە دوای خۆی کە لە ١٩٤٣ مردووە و لە

سـالانی دواتـر ئەم ڕێچـکەیە لە پەنجایەکـان و شەسـتەکان نەبینیووە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نووسینەکانی مەلای گەورە لەدوای خـۆی تەفسـیرەکەی چـاپ نەکـرا، لەدوای خـۆی کتێبەکانی چاپ نەکرا، لەدوای خۆی پەیامەکـانی وەک نووسین لە خـوێنەران و ڕۆشـنگەرانی کـورد دابـڕا، لە کۆتـایی چلەکـان و پەنجاکـان کوردسـتان دەتـوانم بڵـێم ڕەوتـی زاڵـی نـاو حەڕەکەی مـونەویری بریتـی بـوو لە حەڕەکەی چەپ، حەڕەکەی چەپ بە ئەنـدازەیەکی دیـدی مەلای گەورەی پەڕاوێـز خسـت لەنـاو ڕەوتـی ڕۆشـنگەری کـورددا ئەمـانەش هەمـوو تەئسـیریان هەیە، خـاڵێکی تـریش هەیە مەلای گەورە لە کـۆیە ژیـاوە یـانی ئەگەر مەلای گەورە لە شارێکی گەورە وەک سلێمانی یان هەولێر ژیـابووایە بە تەئکید کاریگەرییەکەی جیاوازتر دەبوو لەوەی لە شارێکی وەک کۆیە ژیاوە، دەتـوانم بڵـێم ئەو مەلا و زانـایـانەی کە لە کـۆیە بـوون و قوتـابی مەلای گەورە بـوون ئەگەر تێبینیـت کردبـێ بەم ئەنـدازەیە بڵاونەبـوونەتەوە بە کوردسـتان، پەیامەکەیـان لە چوارچێـوەی شـارێکی لۆکـاڵی تێنەپەڕیـوە، واتە مەوقیعـی جـوگرافی مەلای گەورەش کـاریگەری گەورەی هەبـووە لەوەی مەلای گەورە نەبـوەتە ڕەوتێکی گەورە لە دوای خۆی، لەوانەشە مەلای گەورە خۆی ئەوەی نەویسـتبێ، ئەگەر مەلای گەورە تێبینیـت کردبـێ وەک حەڕەکەی تەبلیغی پاکستان وابووە، تەبلیغی ئەفکاری کردووە، بەڵام شـاگردی پـێ نەگەیانـدووە، کە لەدوای خـۆی درێـژەی پێبـدات، هێنـدە

پەیـــامەکەی خـــۆی گەیانـــدووە و ڕۆیشـــتوە، بیـــری لە میراتگـــری نەکردووەتەوە، لەدوای خۆی ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بێ، ڕەوتێکی بێت بە سەرۆک ڕێبازێک، وەکو لە مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ مەعروفی نۆدەیی لە ڕابردوودا هەمانە.

**پرسیار**: دەکرێ بڵێین مەلای گەورە تەنیا لە کۆیە مەلای گەورەیە، یاخود لە کوردستانی باشوور یان یاخود لە کوردستانی گەورە؟

**وەڵام**: مەلای گەورە بە حوکمی نووسینەکانی تەنها لە کۆیە مەلای گەورە نەبووە، بەڵام کاریگەری نووسین و مەلایەتییەکەی بە زۆری لە کۆیە چڕببۆوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ گۆڤاری نیشتمان، گۆڤاری نیشتمان لە مێژووی خۆیدا سێ کتێبی چاپ کرد لە چاپخانەکەی خـــۆی کە هێنـــابووی لە ورمـــێ، عەبـــدولرەحمانی زەبیحـــی و جەماعەتێك کە حەڕەکەیەکی موونەویر بوو با بڵێین ژێکافیان لە کوردستانی ئێران دروست کرد، یەکێک لەو سێ کتێبەی کە چاپیان کرد، دیاری مەلا محەممەد مەلای کۆیی بوو، کە شیعرەکانی لەوێ چاپ کراوە، واتە یەکەمین کتێبی چاپکراوی مەلای گەورە لە چاپ کراوەکانی گۆڤاری نیشتمانی سەر بە کۆمەڵەی ژێکاف بووە، کاتێک کە مردووە لە مهاباد پرسەنامە و پرسەی بۆ دانراوە، لە گۆڤاری نیشتمان بە ستونێکی زۆر گەورە بە مەتح و سەنایەکی زۆر گەورە کە ئەمـرۆ عـالم و زانـای کـوردایەتی مەلای گەورە کـۆچی دوایـی کـــردووە، ئێســـتاش لە کوردســـتانی ڕۆژهەڵات و لەبەشـــێک لە

بەشەکانی کوردستان دەبینین ئەم بەسەرهاتانەی مەلای گەورە لە بــواری قەزاوەت و دادگەری لە بــواری دیــن و تێروانینەکــانی حەڕەکەتێکــی شــەفەیی بڵاوبــووەتەوە، یــان بە دیــوێکی دی مەلای گەورە لە ڕێـی نووسینەکانییەوە لە دوای مردنــی خـۆی نەناسراوە، بەڵام کاریگەری قسە و کـاریگەری قەزاوەت و هەڵوێستەکانی ماوە، لە نــاو مەلایەکــانی کوردســتان، ئەمە ڕۆژهەڵاتــی زۆر بە ســەختی گرتــۆتەوە، لەوانەیە بەهــۆی جیــاوازی لەهــجەوە، بەهــۆی ئەم حەڕەکەتە ڕۆشــنبیرییەی کە لە کوردســتانی تورکیــا نەبــووە، لە چلەکــان و ســییەکان چــونکە جۆرێــک لەمــت بــوون هەبــوو، لە کوردستــانی بـاکوور لەو قۆنـاغەدا، بەڵام کوردستانی ڕۆژهەڵات زۆر بە شــێوەیەکی گرینــگ بــابڵێین دیــدی مەلای گەورەی کــاریگەری بەسەرەوە بەجێهێشتووە.

**پرسیار**: زۆر جـار بـاس لەوە دەکەن کە مەلای گەورە سـەرتۆپ یـان پێشەنگی ڕابەری بزووتنەوەی کوردی بووە، بۆ نموونە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٣٨ لە لەبەردەرکی سەرای شاری کۆیە، وتـارێکی ئـاگرین پێشکەش دەکـات و جـۆش و خـرۆش دێـتە جەستەی ئامادەبووانەوە، ئەمەش شادی و چێژ بە جەستەیان دەبەخشێ، ئەم هەوڵانەی مەلای گەورە بەرهەمەکەی چی بوو؟

**وەڵام**: ســەیری تەفســیرەکەی مەلای گەورە بــکەی بەشــێکی زۆری دژایەتی کردنی خراپییـان و دواکەوتن و نەخوێندەوارییە، نەورۆزی ســاڵی ١٩٣٨ لە کــۆیەدا ئەنجــام دراوە، مەلای گەورە ســوودی لەم

بۆنەیە وەرگرتووە، کە نەورۆز بۆنەیەکی کورد و کوردانەیە، لە هەمانکاتیشدا ئەم حەشر و کۆبوونەوە و ئاپۆڕا جەماوەرییە گەورەیەی سودی لێ وەرگرتووە، چۆن بتوانێ ئەمەی کە کاک مەسعوود محەممەد لە بیرەوەرییەکانیدا باسی لێوە دەکات، ئەمەی سود لێ وەرگرتووە، کە چۆن بتوانی لەو ڕێگەیەوە پەیامەکەی خۆی بگەیێنێ لەسەر خەڵکی شاری کۆیە، پەیامەکەشی وەکو پێم وتی پەیامێکە هەم پەروەردەیەکی کوردانە و زانستیانە بووە، بۆ تەجاوزکردنی کۆمەڵگاکەی خۆی لەو نەفامیە و نەخوێندەواریەی، دیوێکی تری مەلای گەورە کە پێیوایە دامەزراندنی دەوڵەت و دامودەزگا و حکومەت و پێشکەوتن لە ڕێگەی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەوە دەبێت لە ڕێگەی فیزیا و کیمیا و عیلمی فەلەک و قوتابخانەوە دەبێت، ئەمە دیدێکی گەورەی مەلای گەورەیە پێیوانیە لە ڕێگەی خوڕافیات و دواکەوتوویی و نەفامی و نەخوێندەواری دەبێت، پێیوایە دەوڵەت لەسەر ئەساسێکی عیلمی زانستی لە سەر ئەساسێکی ئابوورییەکی سەربەخۆ لە سەر ئەساسی ئاوەدانی و ڕێگەوبان دادەمەزرێت، پێت سەیر نییە مەلای گەورە لە دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوکدا لە نوسینێکدا خەمی ژینگەی هەیە بۆ ئەوەی لە ئاکامدا سوودێکی گەورەی هەیە بۆ ئابوری کوردستان، بەڵام لە هەمانکاتدا ژینگەی کوردستان پیس دەکات، کەواتە ئەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە مەلای گەورە ڕووئیایەکی زۆر گەورەی هەبووە بۆ دەوڵەتداری بۆ ئاوەدانی و بۆ حوکمڕانی.

## پوختەی ژیاننامەی م. کامەڕان بابانزادە

کامەڕان حەسەن ئاغا، ناسراو لە کامەڕان بابانزادە، ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی کێلەزیندانی دەشتی کۆیە لەدایك بووە، بەشی مێژووی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ تەواو کردووە، خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی کۆیە، لەسەر مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، هەروەها ماستەر و دکتۆرایەکی ئۆنلاینی لەسەر مێژووی نوێ و هاوچەرخ وەرگرتووە. لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان و زانکۆی ڕاپەڕین و بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنان و گەشەپێدان مامۆستای مێژوو بوووە.

بابانزادە، ئەندامی سکرتاریەتی پەیوەندی خوێندکاران و لاوانی کوردستان بووە، لە نێوان ساڵەکان (١٩٩٣-١٩٩٦). ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و ئەنجوومەنی کارگێڕی (سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی بابان لە ٢٠٠٥ تا ئێستا) بووە. سەرنووسەری گۆڤاری بابان بووە لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٢. ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی بوار بۆ چالاکی ڕووناکبیری بووە، لە ساڵی ٢٠١١. ڕاوێژکاری سەنتەری ڕۆشنبیری قازی-یە.

لەبواری نووسیندا ژمارەیەك بەرهەمی وەکو کتێب بڵاوکردۆتەوە، سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە. تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردۆتەوە: (میرنشینی سۆران (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسی)یە (تویژینەوە)، ساڵی ١٩٩٨ لە هەولێر چاپکراوە. فیدرالیەتی عێراق

لە نێوان چەمکی ئیسلامی و ڕۆژئاواییدا، لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کردووە، ساڵی ۲۰۰۱ لە سلێمانی چاپکراوە. چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد (دوو بەرگ)، لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ١٦ تویژینەوەی لەخۆگرتووە، ساڵی ۲۰۱۰ لە سلێمانی چاپکراوە. دامەزراندنی چەند میرنشینێکی کورد لە هەردوو سەدەی ۷و۸ك-١٤و١٥ز، تویژینەوە، نامەی ماستەر لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، ساڵی ۲۰۱۲ لە هەولێر چاپکراوە. ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشوور ۱۹۷۰-۱۹۸۰ (تویژینەوە) نامەی ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، ساڵی ۲۰۱۲ لە سلێمانی چاپکراوە. کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ۲۰۱۳ چاپکراوە. گفتوگۆی ئیسلامی- عەلمانی لە کوردستان خوێندنەوەیەك بەریەککەوتن و لێك تێگەیشتن لە کوردستان).

هاوکات ئەم بەرهەمانەشی لە ژێر چاپدایە: (کەی مێژوو دەبێتە چرا؟. ڕۆژنامەی ڕابوون. میرنشینی بابان. بیرەوەرییەکانی جەمالی حەسەن ئاغای کێلەزیندان. کۆمەڵێك وتار و تویژینەوەی فیکری. هەروەها چەندان تویژینەوە و وتاری لەبارەی فکری سیاسی و کوردایەتی مەلای گەورەوە نووسیوە.

# دیداری پ.د. ئاراس مەحەمەد ساڵح

**پرسیار**: ڕیفۆرم و چاکسازییەکانی مەلای گەورە لە بیری ئایینیدا چیە؟ تا چەند توانی سەرکەوتوو بێت لەمەی کە دەیویست و هەوڵی بۆ دەدا؟

**وەڵام**: مەلای گەورەی کۆیە یەکێکە لە کەسایەتییە هەرە دیار و کاریگەرەکانی سەرەتای سەدەی بیستی مێژووی گەلی کورد، کۆمەڵێک هەوڵ و چاکسازی زۆری کردووە، بێگومان مەلای گەورەی کۆیە، ناوەکەی خۆی بە خۆیەوەیە مەلا بووە و لە بیئەی دینییەکەدا کاری کردووە، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە مەلای گەورەی کۆیە دەکەوێتە ژێر کاریگەری و بۆچوون و تێزەکانی مەدرەسەی ئیسلاحی ئیسلامی لە میسر و بۆچوونەکانی جەمال الدین ئەفغانی و شێخ محەممەدی عەبدە و محەممەد ڕەشید ڕەزا، کە داوای چاکسازی دەکەن لە بیری ئیسلامی و لە فکری ئیسلامی، مەلای گەورەش دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییە، لەو سەردەمەشدا سەردەمی هاتنی داگیرکەری ئینگلیزی و بەریتانی و ڕۆژئاوایی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکاندا بوو، بەتایبەتی لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عوسمانی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات دەبن بە خاوەن دەوڵەت، مەلای گەورە دەیەوێت لە ڕێگای دینەوە و لە ڕێگای مەلایەتییەکەی خۆیەوە چەمکی دینداری و چەمکی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بەیەکەوە گرێ بدات، هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر دەدا و کەسایەتییەکی دیار و دەرکەوتووش بووە، هەوڵێکی زۆری داوە، ویستویەتی دین لەو

قۆناغە تەقلیدییە و چەق بەستوەی کە سالآنێکە و چەند سەدەیە پێیدا دەڕوات، لە کوردستانیش بەو نەمەتە تەقلیدییە تێپەڕێنێت و بێت تەفسیرێکی نوێ لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ دین بکات و لەگەڵ ژیـــانی دونیـــادا و لەگەڵ ژیـــانی کـــوردایەتی و لەگەڵ نیشتمانپەروەریدا و لەگەڵ خزمەت کردن بە نەتەوە کە زۆرێک لە گەلانی ئەم دەوروبەرەی ئێمە لە ڕێگەی دینەوە دەتوانن ببن بە خاوەن دەوڵەتی خۆیان، تورکەکان ٥٠٠ ساڵ خاوەنی دەوڵەت بوون بەناوی دینەوە، فارسەکان بە درێژایی مێژوو هەتا ئێستاش بە ناوی دینەوە خاوەنی دەوڵەتن، عەرەبەکان خاوەنی ئەو حەزارەتەن و خاوەنی ٢٢ دەوڵەتن، زۆربەی بەناوی دینەوەیە مێژوویێکی زۆریان هەیە. مەلای گەورەی کۆیەش دەیویست بێت بە ناوی دینەوە بە فکرێکی نوێی دینییەوە، ببێت بە خاوەن دەوڵەت، لەبەرئەوە دێت لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێک بانگەواز دەکات، یەکێک لە بانگەوازەکان تەفسیرێکی نوێ و لێکدانەوەیەکی نوێ دەکات بۆ دین و بانگەوازی خوێندەواری دەکات، داوا دەکات کە ئێمە گەلی کورد بە گشتی و بەتایبەتی خەڵک و چینی خوێندەوار ئیستفادەیەکی زۆر لە شارستانییەتی نوێی ئەوروپا وەربگرین و بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی مندالآن بخرێنە بەر خوێندن و قوتابخانەی نوێ بکرێتەوە، کاتێك والی موسڵ داوای لێدەکات و پێی دەڵێت داواکاریت چییە؟ لە وەلآمدا یەکێک لە داواکارییەکانی مەلای گەورە لە ساڵی ١٩١٥ دەڵێت داوام ئەوەیە لە شاری کۆیە قوتابخانەمان بۆ بکەنەوە،

ئەڵـێن بە لامەوە سـەیرە مەلایەکـی دینـی داواکـاری کـردنەوەی قوتابخانە دەکات، مەلای گەورە دەڵێت نەخێر قوتابخانە گرنگترین شتە بۆ میللەتەکەم و بۆ شارەکەم و بۆ وڵاتەکەم، ئێمە لە ڕێگای خوێنـدن و خوێنـدەواری دەتـوانین میللەتەکەمـان پـێش بخەیـن و دەوڵەتی نەتەوەی دروست بکەین، ئەمە بیرکردنەوەی مەلای گەورە بووە، لە کاتێکدا ساڵی شەست و حەفتاکانیشدا بەلای هەندێک مەلا خوێنـدنی کـوڕیش حەڕام بـووە، نەک خوێنـدنی کچـان. کـاتێکیش داگیرکاری ئیستعماری بەڕیتانی لە ساڵانی ١٩١٤-١٩١٥ کە عێراق داگیـردەکەن، دێـن لە کوردسـتان حکـومەت و دەسـەڵاتی خۆیـان دەسـەپێنن، لەسـەر ئاستی لیـوای هەولێـر بە لێکـدانەوە کـۆنەکە، یەکەم کەسێک کە نـوێنەری بەریتانیـا دەچێـت گفتوگـۆی لەگەڵـدا دەکـات مەلای گەورەی کـۆیە بـوو، کە ئەمە بەڵـگەیە مەلای گەورە کەسـایەتییەکی دیـار و کـاریگەری ئەو سـەردەمە بـووە، مەلای گەورەش زۆر سیاسـییانە و زۆر زیرەکـانە و زۆر لێهـاتووانە داوای مافەکانی گەلی کورد لە حکومەتی بەریتانیا دەکات.

**پرسـیار**: ئەو هەوڵانەی مەلای گەورە تـا چەنـد سـەرکەوتوو بـوو؟ دەکرێ بە نموونە دەستکەوتی بیر و فکری مەلای گەورە بهێنینەوە، کە چییە؟

**وەڵام**: لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا مەلای گەورەی کۆیە بە مێزەر و بە عەمامە و بەرگی مەلایەتییەوە دێت لە ناو مزگەوت کە ئەوکات

بیری نوێ خەریکە وردە وردە دەردەکەوێت، وەکو شیوعییەکان و عەلمانییەکان و ئیتجاهی نیشتمانی و نەتەوایەتی، ئەو دێت کە زۆریشی ڕەنگە دژایەتی بوعدە دینییەکە و مەلا و شێخ و ئەو جۆرە شتانەیان کرد بێت، ئەو دێت لە ڕوانگەی دینەوە دەیەوێت داوای مافەکانی کورد بکات، کە دەیان گوت نەخێر دەبێت هەرکەسێک نیشتمانپەروەری بکات، یان کوردایەتی بکات، دەبێت عەلمانی بێت، یان شیوعی بێت، یان چەپ بێت، یان دژی دین بێت، مەلای گەورە ئەم چەمکە ئاوەژوو دەکاتەوە، پێچەوانەی دەکاتەوە، مەلای گەورە خۆی دێت لە ڕێگای شیعرەکانییەوە بانگەوازی کوردایەتی دەکات، ڕەخنە لە ڕەوشی دینی دەگرێت، وەکو دەروێشگەری و ئەو فکرە دواکەوتوییە و خورافیاتە، ئیسرائیلیانەی کە باو بووە لەو سەردەم لە نێو ژینگەی دینداری کوردیدا، مەلای گەورەی کۆیە لە ساڵی ١٩٣٣-١٩٤٣ بۆچوون و تەفسیری قورئان دەکات، پێش ئەویش تەفسیر نووسراوە بە کوردی بەڵام ڕەنگە بڵاونەکرابێتەوە و ئەو دەنگدانەوە و ناوبانگەی نەبوو بێت، کاتێک مەلای گەورە تەفسیر دەکات خەڵک بە لایەوە حەڕام بووە قورئان بکرێت بە کوردی، بەڵام ئەو تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی بە تەعبیرەکەی خۆی، ناوی دەنێت تەفسیری کوردی کە ئەم هەستە کوردایەتییە و کورد پەروەرییەی هەبووە، بەلایەوەش حەڕام نییە کوردایەتیشی بە بەشێک لە دینداری زانیووە، مەلای گەورەی کۆیە دێت لەسەر نەهج و لەسەر ڕێبازی مەدرەسەی ئیسلاحی ئیسلامی میسری،

مەدرەسەکەی شێخ محەممەد عەبدە و تەفسیری مەناف، تەفسیری قورئـان دەکـات، بەڵام مەخـابن کۆمەڵێـک کۆسـپ و بەربەسـتێک هەبـووە لە بەردەم مەلای گەورەی کـۆیە کە نەیتوانیـوە لە کـات و ڕۆژگـاری خۆیـدا ئەو دەنگـدانەوەی هەبێـت و تەفسـیرەکەی چـاپ بکرێت، لە ساڵی ١٩٣٣-١٩٤٣ ڕەنگە ئەگەر چاپکرابووایە کاریگەری و دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی زۆر زیاتری هەبووایە، گۆڕانکاییەکی لە ڕەوشی دینداری لەبیرکردنەوەی کوردیدا دروستکردبووایە.

**پرسیار:** بـۆچی مەلای گەورە دواجـار نەیتـوانی وەکـو بەشێک لە کەسـایەتییە ئـاینییە دیارەکـانی سـەردەمی پێشـوو دەور و ڕۆڵــی کـاریگەری هەبێـت، یـاخود دەربکەوێـت بـۆ نمـوونە ئەگەر بەراوردی بکەین بە شێخ محەممەد عەبدە؟

**وەڵام:** بەڵــێ، مەلای گەورە لە کـۆیە و لە کوردسـتان بـووە، شـێخ محەممەد عەبدە لە میسر بووە کە زانکۆی ئەزهەری تێدابووە و بە هەزاران فێرخـوازی ئەجنەبـی لێبـووە، نووسـینەکانی بە زمـانی عەرەبـی بـووە، بڵێـین و نەڵێـین هەموو عـالەمی ئیسلامی عەرەبـی دەخوێنێتەوە و لە عەرەبـی تێدەگات، بەڵام مەلای گەورە بە کوردی بـووە ڕەنـگە لە جـوزئی کوردسـتان تێنەپەڕێـت، لە میسـر شـێخ محەمـمەد عەبـدە و محەمـمەد ڕەشـید ڕەزا ڕۆژنـامەی مەناریـان هەبووە، چاپخانەی لێ بووە و ساڵانێک لەکاتی ناپلیۆن چاپخانەی لـــێ بـــووە و ڕۆژانە نووســـین و تێـــز و ئەفکارەکانیـــان تێـــدا

بڵاوکراوەتەوە، بەڵام مەلای گەورەی کۆیە چاپخانەی لەبەر دەستدا نەبووە، ئەزهەری لەبەر دەستدا نەبووە، هەروەها باری ئابوری داڕوخاو لە کوردستان هەبووە، ئەو لە سەردەمێکدا بووە، بەربڵاوی و نەخوێندەواری لە ٩٥% بووە، خەڵک نەخوێندەوار بووە لە کوردستاندا، ئەمانە هەمووی ڕێگر بوون لە بەردەم پڕۆژەی ئیسلاحی و نوێگەرییەکانی مەلای گەورەی کۆیە کە نەیتوانیووە لە کات و ڕۆژگار و سەردەمی خۆی ئەو دەنگدانەوەی هەبێت، مەلای گەورەی کۆیە ڕاستە حوجرەی هەبووە و بە دەیان فەقێ و مەلای ئیجازە داوە و لەبەردەستیدا گەورە بوون، بەڵام هیچیان نەیانتوانیووە ئەفکارەکانی مەلای گەورەی کۆیە بگوێزنەوە، یان ببن بە مەلای گەورەی کۆیە لە دوای خۆی، بە لێکدانەوە کوردییەکەی خۆمان وەجاغی ڕۆشن بێت، ئەفکارەکانی ئەو لەناوەندە دینییەکان بڵاوبکەنەوە، ئەو هەژموونە دینی و دەروێشگەرییەی کە هەبووە لە ناوەندە تەقلیدییە دینییەکان مەلای گەورەی کۆیە پێگەیەکی بەهێزی عیلمی و بنەماڵەی هەبووە لە کۆیە، ڕەنگە کەس ئەو جورئەتەی نەبووایە، هەرکەسێکی تر ئەو قسانەی مەلای گەورەی بکردبووایە شاربەدەر دەکرا، وەکو حاجی قادری کۆیی ڕەنگە بیان ناردبووایە بۆ ئەستەنبوڵ یان بۆ وڵاتێکی تر، وەکو مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس وەکو مستەفا زەڵمی وەکو مەولانا خالیدی نەقشبەندی، ناچاری کۆچکردنیان کردبووایە و وڵات بەجێبهێڵت، بەڵام مەلای گەورەی کۆیە پێگەیەکی بەهێزی هەبووە،

ترسی کەسی کەسی نەبووە عیلمیەن و بنەماڵەییەن و ئیجتماعیەن کەس نەیتوانیووە تەنانەت مەلاکانی تریش نەیانتوانیووە بڵێن بۆ ئاوا دەڵێت، یان مەلایەکی تر ئەوانەی کە دەرسی پێگوتوون لە وڵاتی خۆیان ئەفکارەکانی ئەو بڵاوبکەنەوە.

**پرسیار**: مەلای گەورە لە کۆی بیست و دوو کتێب شازدە کتێبی بە زمانی عەرەبی نووسیووە و بڵاوکردۆتەوە، مەبەستمە بڵێم مەلای گەورەش نووسینەکانی زیاتر بە زمانی عەرەبی بووە، دواجار ئێمە لەنێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداین و دەوروبەری کوردستان عەرەب زمانن، بۆچی ئەم نووسین و ئەم کتێبانە و ئەم بەرهەمە عەرەبییانە نەیانتوانی تا ڕادەیەک مەلای گەورە لایەنی کەم نزیک کەنەوە لە محەممەد عەبدە؟
**وەڵام**: مەلای گەورە لەسەر ئاستی کەسێتی پەیوەندی هەبووە لەگەڵ میسڕ و لەگەڵ سەعد زەقلول و لەگەڵ زۆریان، ڕەنگە لەگەڵ محەممەد ڕەشید نامە گۆڕینەوەیان کەوتبێتە نێوانەوە، ئەو کتێبانەی کە بە عەرەبی نووسیوێتی ئەو کتێبانە نیین کە ئەفکارە ئیسلاحی و نوێگەرییەکان و تەجدیدییەکانی تێدایە، ئەفکارە ئیسلاحی و نوێگەری و تەجدیدییەکەی مەلای گەورە تەنیا لە تەفسیرەکەی دایە، کتێبی نووسیوە لە ئوسوڵی فقهدا مەجالی نوێگەری و تازەگەری تێدا نییە، یان هەندێک کتێبی نووسیوە چاپیش نەکراون، هەندێک لە کتێبەکانی القاعد فی العقائد و هەندێک کتێبی تری هەیە تا ئێستاش دەستنووسن و چاپ نەکراون،

تاکو ئێستا چاپ نەکراون و بڵاونەکراوەتنەوە، تا کەسێك بیخوێنێتەوە پێی کاریگەر بن، بڵێن ئەمە ئەفکاری مەلای گەورەیە، کێشەکە ئەوەیە چاپخانە نەبووە، بڵاوکردنەوە نەبووە، هۆیەکانی ڕاگەیاندن نەبووە وەکو ئێستاکە بەرجەستەن، ئەمانە هەموو کۆسپ بووە و ڕێگر بووە لە بەردەم مەلای گەورە کە بتوانێت ئەفکارەکانی بگەیەنێت.

**پرسیار**: بۆچی فێرخواز و فەقێیەکانی مەلای گەورە نەیانتوانی درێژە بە فکری مەلای گەورە بدەن؟

**وەڵام**: ڕاستە مەلای گەورە دەیان مەلا و زانای پێگەیاندووە و ئیجازەی داون، بەڵام هیچیان ئەفکارەکانی مەلای گەورەیان نەگواستۆتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە بۆی گەڕاونەتەوە و مەلایەتییان لێکردووە، لە کاتی مەلایەتیشدا جگە لە شێخ محەممەدی خاڵ لەساڵی ١٩٢٨دا لە سلێمانی تووشی کێشەیەک دەبێت و دەچێتە کۆیە، بۆ ماڵی مەلای گەورە، شێخ محەممەدی خاڵ توانیویەتی لای مەلای گەورە مجەلەی مەنار و عروەت و الویفقە و تەفسیری مەنار ببینێت و ئەفکارەکانی محەممەد عەبدە و محەممەد ڕەشید ڕەزا و بیریارانی، مەدرەسەی ئیسڵاحی ئیسلامی لای ئەو وەرگرتووە، شێخ محەممەدی خاڵ لە سەردەمێکی بەرەو پێشتر بووە، لە سلێمانی چاپخانە هەبووە و توانیویەتی تەفسیرەکەی بنووسێت، تەفسیری خاڵ، زۆر ئەفکاری تریشی لە گۆڤاری گەلاوێژ و لە گۆڤارەکانی تردا بڵاوکردۆتەوە، شێخ مەحمەدی خاڵ لە ڕێگای مەلای گەورەی کۆیە،

ئەو ئەفکارە نوێگەرییەی بۆ دروست بووە، جگە لە شێخ محەممەدی خاڵ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش مامۆستایەکمان هەیە مەلا هادی ئەفقەن زادەی پێدەڵێن، خەڵکی شاری بۆکانە لەوێ ئەفکارەکانی مەلای گەورەی نووسیوە، تا ئێستاش کاریگەری ماوە، بەڵام ئەو ژینگە نەخوێندەوارییی و دواکەوتوویییەی لە کوردستان باوبووە ناوەندە دینیەکەش زۆر دڵ ڕەق بووە، لە دەرەوەی خۆی هیچ شتێکی قبوڵ نەکردووە، هیچ قسەی تازەی قبوڵ نەکردووە، مەلاکانیش زۆر حەزەریان کردووە، ئەو مەلایانەی کە لای مەلای گەورە پێگەیوون هیچ کامیان نەیان توانیوە ئەفکارەکانی مەلای مەلای گەورە بگوازنەوە بۆ دەوروبەری خۆیان.

**پرسیار:** حاجی قادری کۆیی لە ئەستەمبوڵەوە شیعرێک بۆ مەلا عەبدوڵڵای بابی مەلای گەورە دەنێرێت و دەڵێ بەغەیری جەدی ئێوە کێیە دانا لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا، حاجی قادر بەم جۆرە لە بنەماڵەی جەلیزادە دەڕوانێ، بنەماڵەی جەلیزادە بنەماڵەیەکی دیاری دینی کۆمەڵایەتی بوونە لەسەر ئاستی کوردستان بەتایبەتی لە ڕووی دینیەوە، بۆچی ئەم بنەماڵەیە نەیانتوانی لایەنی کەم ئەم دەورەیان هەبێت و بەشێك لە خەڵكی کۆمەڵگەی کوردی هۆشیار بکەنەوە؟

**وەڵام:** ئەو بۆچوونەی حاجی قادر و شیعرەکەی لە جێی خۆیەتی، مەلا عەبدوڵڵای بابی مەلای گەورەی کۆیە هاوڕێی خوێندنی حاجی قادر بووە و باشی ناسیون، هەر لە سەردەمی عەبدولرەحمان پاشای

میـری بابانـدا، کـاکی جەلـی لەو دەڤەرە مەلایەکـی دیـار و زۆر خوێنـدەوار بـووە، میری بابـان دەیبـاتە شـاری کـۆیە و مزگەوتـی بـۆ دروست دەکات و یەکێک لە شتە هەرە بەنرخەکان کە لای عەبدوڵڵا پاشا میری بابان بووە دەستنووسێکی سەحیحی بوخارییە بە هەدیە دەیـدا بە بنەمـاڵەی جەلیـزادە، لەو ڕۆژگـارەی میـری سـەردەمی عەبدولرەحمان پاشای بابانەوە لەو سەردەمەوە بنەماڵەی جەلیزادە لە کـۆیەدا بـوون، بنەمـاڵەیەکی خوێنـدەوار بـوون، بەردەوام مەدرەسەیان هەبووە، مزگەوتە گەورە و دیار و کاریگەرەکـانی کۆیە بـووە، ڕەنـگە وەک پێویسـت کاریگەریـان نەبـووە، بەڵام ئەو هەمـوو خوێندەوارە ئەو هەموو خەڵکە ڕۆشنبیرە ئەو هەموو خەڵکە هۆشیار و سیاسییەی کە لە کۆیەدا پەیدا بووە و پەروەردە بـووە، بێگومـان ئەمە بەرهەمـی بنەمـاڵەی جەلیـزادە و چەنـد بنەمـاڵەیەکی تـری خوێنـدەواری شـاری کـۆیەن، شـاری کـۆیە زۆر لە پـێش شـاری سلێمانیشەوەیە، کە بزافی ڕێنساسی شیعری و ئەفکاری تـازە و نـوێ لە شـاری کۆیە سـەریهەڵداوە، ئەگەر بڵێـین مەڵبەنـدی ڕێنساسـی کوردسـتان شـاری کۆیەیە، هـیچ موبالـەغەمـان نەکـردووە، لە سـەدا سـەد تەئـریخیەن ئیسـپات ئەبـێ و ڕاستیشـە، بەشـێکی زۆری ئەو هۆشیاری و خوێندەواری و بزافی ئەدەبـی ڕۆشـنبیری و نـوێ بـوونەوە دینـیەی لە کـۆیە بـووە، فەزڵـی زۆری دەگەڕێـتەوە بـۆ بنەمـاڵەی جەلیـزادە، بنەمـاڵەی مەلای گەورەی کـۆیە، مەلا عەبـدوڵڵا و مەلا ئەسـعەدیش تـا دەگـاتە مەلا محەمـمەدی-مەلای گەورەی کـۆیە بەردەوام مەدرەسـەیان بـۆ مەلا گەورە و دیـارە و خوێنـدەوارەکانی

کۆیە بوون، بەڵام ڕەنگە وەک پێویستیش دەنگدانەوەیان نەبوو بێت، لە هۆشیارکردنی میللەت، ئەو بارودۆخە دواکەوتووەی کوردستان لە ڕووی ئابورییەوە دواکەوتوو بووە، لەڕووی سیاسییەوە نائارام و ناجێگر بووە، بەردەوام کێشە هەبووە، لەڕووی خوێندەوارییەوە میللەتێکی نەخوێندەواری داماو، هەموو ئەمانە کۆسپ و ڕێگر بوون و هۆی بڵاوکردنەوەی و چاپ نەبووە، لەناو مزگەوتەکەی خۆی قسە و خوتبەکانی نەگەیوەتە دەرەوە.

**پرسیار**: مەلای گەورە داوای ئەوە دەکات سوود لە شارستانیەتی ئەوروپا وەربگیرێت، ئەم قسەیە بۆ ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش، بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردی دەشێ زۆر قبوڵ نەکرابێ بەخاتر ئەوەی خەڵکی ئەو کاتە شێوازی بیرکردنەوە و ڕوانینی جیاواز بووە و لە دیدی بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی تاکی دواکەوتوو ئەم بیرکردنەوەی مەلای گەورەیان بە باسێکی جیاواز زانیوە کە دەڵێن ئەوروپییەکان کافرن، ئەمە نەبووە هۆکارێک بۆ ئەوەی مەلای گەورە تاڕادەیەک خۆشەویستی خەڵک لە دەست بدات؟
**وەڵام**: نەخێر، مەلای گەورەی کۆیە ١٠٠ ساڵ ئەقڵی لە پێش دەتوانم بڵێم ئەم میللەتەی خۆمانەوە بووە، مەلای گەورەی کۆیە ٦/ ١٩٢٠/٣دا نامەی بۆ نوێنەری حکومەتی بەریتانی نووسیوە و بەو زمانە سیاسییە و دیپلۆماسییەی خۆی داوای حکومەتی گەورە لێدەکا، ئێستا نامەکەی بەردەستە، بە ئینگلیزی و عەرەبی و کوردیش، داوا لە حکومەتی بەریتانی دەکات، کورد دروست بکا،

دەڵێ ئەگەر حکومەتی گەورەی بەریتانی دەوڵەت بۆ کورد دروست نەکات وەکو دەوروبەرمان، وەک عەرەب و تورک و فارس، ئێمە ١٠٠ ساڵ دوا دەکەوین، ئێستا ساڵی ٢٠١٨یە دوو ساڵمان ماوە بۆ ئەوەی سەد ساڵ بەسەر بۆچوونەکەیدا تێپەڕێ، کەچی تا ئێستا کورد هەر قوربانی دەدات، ئەو هەموو نەهامەتی و وێران کارییەمان بەسەردا هاتووە، کورد هێشتا نەبووە بە خاوەنی دەوڵەت، بۆچوونەکەی مەلای گەورە لە سەدا سەد ڕاست بوو. بەداخەوە لەژێر ئەئسیری بیری چەپدا لە سییەکان و چلەکان و پەنجاکان و هەتا هەشتاکانیش هەر کەسێک وتبای ئەوروپا یان بەریتانیا یان ئەمریکا حکومەتمان بۆ دروست بکا، دەیانوت ئەوە بەکرێ گیراوی ئینگلیز و بەکرێ گیراوی بریتانیایە، خەڵک هەمووی گۆرانی بە بالای ڕوسیا و ئیتیحادی سۆڤیەتدا هەڵدەدا، ئیتحیادی سۆڤیەتیش هیچی بۆ نەکردن، کورد ناچار بوو لە ٢٠٠٣دا گوڵبارانی ئەمریکا و ئینگلیز و بەریتانیا بکات و پێشوازییان لێبکات، هێنایانەوە بۆ عێراق، مەلای گەورەی کۆیە لە ١٩٢٠دا ئەو قەناعەتەی هەبوو، کە دەبێ ئێمە لە ڕێی زلهێزەکانەوە، لەڕێی بەریتانیاوە دەوڵەتمان بۆ دروست بکرێ، ئەگینا نابین بە خاوەنی هیچ، دیارە کە نەبووین بە خاوەنی هیچ و بۆچوونەکانی مەلای گەورەی کۆیە لە سەدا سەد ڕاست دەرچوو، ئەمڕۆ دانیشتووین ئەم قسانە دەکەین. یەکێک لە تایبەتمەندەکانی مەدرەسەی ئیسلاحی ئیسلامی محەممەد و عەبدە و محەممەد ڕەشید ڕەزا و هاوکارەکانی لەژێر کاریگەری مەدرەسەی ئیسلاح، ئەمەش یەکێکە لە ڕوادەکانی لە ڕێبەرەکانی مەدرەسەی

ئیسلاحی ئیسلامی، بەڵام ئەم لە کوردستاندا مەلای گەورەی کۆیە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکان ئەوەیە کە ئێمە ئیستیفادە بکەین لە شارستانیەتی ئەوروپی، دین هیچ ڕێگریەک نییە، خۆی مەعریفەی بەشەری وەحیمان هەیە، سەرچاوەکانی مەعریفەی بەشەری هەر بە مەفهومە قورئانیەکەش وەحییە جهودی بەشەرییە، ئێمە ئەو ڕابردووە مەورسی بەشەرییە دەبێت ئیستیفادەی لێبکەین، هیچ ڕێگریەک نییە کە ئێمە بتوانین ئیستیفادە لە شارستانیەتی تر هەر کەسێک دروستی کردبێ کێشەمان نییە، دەبێ ئیستیفادە لە شارستانیەتی ئەوروپی بکەین، ئێستا هەرچیمان هەیە ئەوروپی و ڕۆژئاواییە، جامیعەیە، سیستمی خوێندنە، هەندەسەیە، کولیەی توبە، هەموو هی ئەوروپایە و ئەوان دایان هێناوە.

**پرسیار**: مەلای گەورە بۆچی دەیهەوێ هێندە لە بەرانبەر شێخ و دەروێشەکان بوەستێتەوە، لە شیعرەکانیدا زۆر جار ئەوە بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە دەڵێ (تا شێخێک لە کوردستان بمێنێ ئومێدی زیندەگانیت نەمێنێ)، لە زۆر شیعردا ڕەخنەی توندی لە شێخەکان گرتوە، لە پێشتردا حاجی قادر بەهەر بەهۆی ڕەخنەگرتن لە شێخ و دەروێشەکانەوە ئاوارە بوو و بەرە و ئیستەمبوڵ ڕۆیشت، هۆکاری سەرەکی چییە کە مەلای گەورە دەیهەوێ هێندە لە بەرانبەر شێخ و دەروێشەکان بوەستێ؟

**وەڵام**: حاجی قادری کۆیی پێشەنگی ئەوانەیە کە ڕەخنەی لە ڕەوشی دینداری و دەروێشگەرای و شێخایەتی گرتووە لە

کوردستاندا، لە ساڵی ١٨٥١دا کە میرایەتی کوردەکان کۆتایان پێدێت و میرایەتی بابانیش دەڕوخێ، دەوڵەتی عوسمانی دێت لە ڕێگەی شێخەکانەوە ئەوانەی کە نفوسی کۆمەڵایەتیان بە هێز بووە، یان لە ڕێگەی سەرۆک عەشیرەتەکانەوە دەسەڵاتی کوردستان دەبەن بەڕێوە لە دەڤەری شارەزوردا، جافەکان دەسەڵاتدار بوون لە دەڤەری سلێمانیدا، ساداتی بەرزنجە دەسەڵاتدار بوون لە دەڤەری کۆیە و هەولێریش، کە ئەوانە بۆ شێخایەتی دەبێ بە ڕێگایەک بۆ کۆکردنەوەی ماڵ و موڵک و تاپۆ کردنی دێهاتی کوردستان لە سەریان، لە وێوە شێخایەتی وەزیفەی ڕاستەقینەی خۆی کە دینداری و ڕێنمای خەڵکە لە دەستدەدا، دەبێت بە سیستمی دەرەبەگایەتی و موڵکداری و زەوی، کە ئی خەڵکی فەقیر و هەژار بووە و لە سەریان تاپۆ کردووە، حاجی قادر ڕەخنە لەوانە دەگرێ دەنا حاجی قادر ستایشێکی زۆری مەولانا خالید دەکات، کە مورشیدی نەقشبەندی و ڕێبەری یەکەمی نەقشبەندییەکانە، کە بە شێخێکی گەورەی داناوە و بە شێخی کامیل وەسفی دەکات، مەلای گەورەی کۆیی ڕەخنە لەوانە دەگرێ، ئەوانەی هاتوون بە ناوی دینەوە خەڵک دەڕوتێنەوە، دێی خەڵک تاپۆ دەکەن لە سەر خۆیان، فەقیر و هەژارێکی داماو ئەگەر سالانە ژیانێکی کولەمەرگی بکات، ئەوەشی لێ دەسەنێ و دەیبا، ئەوان ڕەخنەیان لەوە گرتووە نەک ڕەخنە لە شێخی حەقیقی و مەلای حەقیقی ئەو دەڵێ (هەتا بە ڕیشی درێژ و پرچی پڕ ئەسپێ بناغەی ئیشی کوردان چۆن ئەچەسپێ) ئەو ڕەخنەی لەو

درێــژگەراییە دواکەوتــووە گرتــووە، نە بڕوایــان بە دینــداری ڕاسـتەقینەگەر بـووە، نە بڕوایـان بە کـورد و کـوردایەتی بـووە، نە بڕوایـان بە پرسـی نیشـتمان هەبـووە، وتـوویەتی ئەو ڕەخـنەی لەو فکـرە و لەو فەتـرە کۆنـانە گرتـووە، ویسـتوویەتی خەڵـک هۆشـیار بکـاتەوە کە ئەوە دینــداری نیــیە، دینــداری حەقیقــی ئەوەی نیشـتمانپەروەری و کـوردایەتییە ئەم هەمـوو ئەفکـار و خورافیـات و ئیسـرائیلیات و چیـرۆک و نـازانم مەهـدی و فـلان و کەرەکەی عـوزێر نەمێنـێ، ئـێمە بێـین دینـداری پاک و بـێگەرد بکەیـن، کـوردایەتی و نیشتمانپەروەرێکی پاک و بێگەرد بکەین باشترە.

**پرســیار:** هەوڵەکــانی مەلای گەورە، بــۆ دینــی ئیســلام لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی یەک بێتەوە و بگونجێ چی بووە؟

**وەڵام:** مەلای گەورە دێ ئەگەر تەعبیرەکەمــان ڕاســت بێــت، دیــن دەکات بە کوردی، مەلای گەورەی کۆیە لە ساڵی ١٩١٩ تاوەکو ساڵی ١٩٢٨ کە حاکمی کۆیە بـووە، هەمـوو فتواکـان و حوکمەکـانی کـردووە بە کوردی و بە کوردی دەریکردووە، ئێسـتا لە ئەرشـیفی مەحـکەمەی کـۆیە مـاون، لە کاتێکـدا تـا ئێسـتاش لە مەحـکەمە هەمـوو وەسڵ و فەتواکــان عەرەبیــیە، کە ئێسـتا ٢٠١٨یە و تەقـریبەن ٢٧ ساڵێشــە حکــومەتی کوردیمــان هەیە، ئەو لە ســاڵی ١٩١٩ بــۆ ســاڵی ١٩٢٨ فتواکـان و حوکمەکـانی دەریکـردووە لە مەحـکەمەی کـۆیە هەمـووی کـردووە بە کـوردی، لە سـاڵی ١٩٣٣ بـۆ ١٩٤٣ تەفسیری قورئـانی بە

زمـــانی کـــوردی نووســـیوە، دەیـــهـەوێ تـەفســـیرێکی کـــوردانـە و کوردەواریانـە بۆ دین بکات، کـە دین  شـەرت نییـە عـەرەبی بێت، ئـەو دەڵــێ دەکرێـت دیـن بـە کـوردیش بێـت دەکـرێ قورئــان و تـەفسـیری قورئـانیش بـە کوردی بێت، هـەموو علومـەکـانیش بـە کوردی بێت، ئـەم بۆچـــوونـەی مـەلای گـەورەی کـــۆیە، تـەفســـیری خـــاڵی بـەدوا دادێ تـەفسیری مـەلا عـەبدولکـەریمی مودەڕیس و دەیـان تـەفسیری تـری بـە دوادێ، تــاوەکو پـەنجاکــان و حـەفتاکــان دەیــانوت حـەرامـە قورئــانـی بکــرێ بـە کـــوردی، ئـەو دێ ئـەو تێگـەیشـــتنـە هـەڵـەیـە دەشـــکێنێت و خـەڵک هۆشیار دەکاتـەوە و ناوەنده دینیـەکـانیش و هـەتـا مـەلاکـانیش هۆشـیار دەکـاتـەوە، ئـەم بۆچـوونـە بۆچـوونـی سـەقەتـە، دیـن دەکـرێ بکـرێتـە فارسـی و ئینگلیـزی و کـوردی تـەفسیری قورئـان هـیچ ڕێگـری نییـە بـە هـەر زمانێک بکرێت، ئـەو کوردانـدنـە ڕەنگدانـەوەی بـووە، تـا ئێستاش زۆرێک لـە ناوەندە دینـەکان لـەژێر کاریگـەری بۆچوونـەکـانـی مـەلای گـەورەدان، وەکـــو شـــێخ محـەمـــەدی خـــاڵ، مـــن خـــۆم لـەو ناوەندانـەدام و ئاگام لێیـەتی.

## پوختەی ژیاننامەی پ.د. ئاراس محەممەد ساڵح

ساڵی ١٩٧٠ لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٩٦ کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکانی زانکۆی دهۆکی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩ وەک مامۆستا، لە ئامادەییەکانی سلێمانی دامەزراوە، ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی ماستەری وەرگرتووە، ساڵی ٢٠٠٤ وەک مامۆستا ڕاژەکەی گواستراوەتەوە بۆ زانکۆی سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٥ بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە، ساڵی ٢٠١١ پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەری لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە، ساڵی ٢٠١٩ پلەی زانستی پرۆفیسۆری لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە. ئێستا مامۆستای زانکۆی سلێمانییە. لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە وەک نوسەر و ڕۆژنامەنووس، دەستی بە نووسین کردووە، لە زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکاندا نوسینی هەبووە. ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی جیهانیە.

بەشداری ژمارەیەک کۆنگرەی زانستی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا کردووە. تا ئێستا پازدە کتێبی چاپکراوی هەیە و زیاتر لە ٤٠ توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوەی، لە گۆڤار و کتێبی کۆنگرە و کۆنفراسەکاندا هەیە. سەرپەرشتی دوو نامەی ماستەری کردووە لەسەر مەلای گەورە، توێژینەوەیەکی زانستی و ژمارەیەک گوتاری ڕۆژنامەوانی لەسەر مەلای گەورە و دید و بۆچوونەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردوەتەوە.

# دیداری هاوکار عەبدوڵڵا

**پرسیار**: تێفکران و وردبوونەوەکانی مەلای گەورە تەنیا لە چوارچێوەی ئیسلامدا بووە، یاخود فرە ڕەهەند بووە؟
**وەڵام**: نەخێر، خوێندنەوەی مەلای گەورە تەنیا چوارچێوەی ئیسلامی نەگرتۆتەوە، چونکە کاتێک تەفسیرەکەی یان کتێبەکانی تری دەخوێنینەوە دەبینین کە ئامادەی کردووە بە چەند کتێبێک لەوانەیە ئەوکاتی لەلای هەندێک لە زانایانی ئیسلام یاساغ بووبن، یان ئەسڵەن لەوانەیە لە جیهانی ئیسلامی یاساغ بووبن، بۆ نموونە کتێبەکەی داروین دێنێتەوە و ڕەخنەی لێدەگرێت، یاخود باسی کتێبەکەی سر تطور الامم گوستان لۆبۆن دەکات، یاخود باسی کتێبی جمهوریە ئەفلاتون دەکات، دەڵێت کتێبی جمهوریە و سر تطور الامم یوگستاف لۆبۆن یەکێکن لەو دوو کتێبەی کە دوای قورئان و فەرموودە، موسوڵمان دەبێت بیخوێنێتەوە، چونکە خۆم زۆر سوودم لەو دوو کتێبە بینیووە، دوای ئەوە دەبینین ڕۆژێک لە ڕۆژان وەفدێک لە وەزارەتی مەعریفەی عێراقی دێن سەردانی مەلای گەورە دەکەن، دەبینن لەسەر مێزەکەی چەند کتێبێک هەیە، ئەو کتێبانە بەشێکیان قەدەغەن یان بەشێکیان مەلا بۆی نەبوو بیانخوێنێتەوە یاخود زانایانی ئاینی خۆیان بە دوور دەگرت لە خوێندنەوەی ئەو جۆرە کتێبانە، لێی دەپرسن دەڵێن تۆ زانایەکی کوردی چۆن ئەم کتێبانە دەخوێنییەوە؟ مەلای گەورە بە سەرسوڕمانەوە وەڵام دەداتەوە دەڵێت بۆ زانای کورد یان ئیسلام نابێت ئەم زانیارییانە وەربگرێت و کتێبی جیا لە ئاینی بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت کە لەدەرەوەی بازنەی ئیسلام چی هەیە و چ زانستێک هەیە.

**پرسیار**: دەوترێ مەلای گەورەی کۆیە ڕۆژانە زیاتر لە ١٦ کاتژمێر خەریکی لێکۆڵینەوە و تێفکران بووە، بەرهەمی ئەو ١٦ کاتژمێرە چی بووە؟

**وەڵام**: دەبێت نموونە بە وەسیەتێکی حاجی عەبدوڵڵای جەلیزادە بێنینەوە کاتێک مەلای گەورە دەڵێت وەسیەتی باوکم بۆ من بوو بە زۆر شت، یەک لەوانە دەڵێت وەسیەتی کردم هەرچی نووسراوە بیخوێنمەوە، دەڵێت بەڕاستی من ئیستیفادەم کردووە، ئەوانەی کەوتنە ژێر دەستم خوێندمەوە، لە کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، لەهەرچی نووسراوە کە لەژێر دەستم بوو سوودێکی زۆرم لێی بینی، توانیم خۆم پێبگەیەنم، دیارە مەلای گەورە دوای ئەوەی ساڵی ١٩٢٨ لەکاری میری دووردەکەوێتەوە و زیاتر خۆی سەرقاڵ دەکات بە نووسین و خوێندنەوە، بەرهەمی ئەو ١٦ کاتژمێرەی کە ڕۆژانە و شەوانە خەریکی بوو، جگە لەوەی لەگەڵ فەقێکانیش کاتێکی زۆری بەسەر دەبرد بە وانەوتنەوە، دەتوانین بڵێین ٢٠ کتێب و نامیلکە بووە، لەگەڵ تەفسیرەکەی کە بە گەورەترین تەفسیر و بەگەورەترین شاکار لە ژیانی مەلای گەورە دادەنرێت.

**پرسیار**: تەفسیری کەلامی خوداوەند، دە بەرگە و مەلای گەورە لەماوەی ساڵانی ١٩٣٣-١٩٤٣ تەفسیری کردووە، دەکرێت چۆن سەیری ئەم تەفسیرە بکەین، یان بڵێین مەلای گەورە تا چەند لەم ڕێگەیەوە کورداندنی بۆ قورئان کردووە؟

**وەڵام:** بەڵـــێ، دیـــارە دوای ئەوەی ســـاڵی ١٩٢٨ لـە کـــاری میـــر دوورکەوتۆتەوە زۆر هەوڵیداوە لەناخەوە، لە تەفسیرەکە دەنووسێت و دەڵـێ من حەزم دەکرد تەفسیرێک بکەم بە زمانی عەرەبی بێت، دواتر دەڵـێ چەند گەنجێکی کۆیی هاتن بۆ لام و هانیاندام لەسەر ئەوەی کە تەفسیرێک بە زمانی کوردی بنووسم، دەڵـێ کە هانیاندام منـــیش ئەوە چـــووە دڵـــمەوە، منـــیش زۆر ئـــافەرینم لێکـــردن، زۆر دەستخۆشـــیم لێکـــردن، ئەوان منیـــان هانـــدا لـە ســـەر ئەوەی ئەم تەفسیرە بنووسم، دەڵـــێ سەیری جیهـانی ئیسلامیشم دەکرد کە مەلایانی بۆ نموونە عەرەب یان تورک قسە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کـــۆدەکەنەوە و لـە ســـەر زانیارییەکـــانی خۆیـــان زیـــادی دەکەن و دەیکەن بە تەفسیر، دەڵـێ منیش بەبیرمدا هات کە تەفسیرێک بە زمانی کوردی بنووسم تـا لاوان سودی لـێ ببینن، بەداخەوە دوای حەفتا ساڵ لە کۆچی دوایی سەرجەم تەفسیرەکەی چاپ دەکرێت، ئەگەرچـی نەجیـبە خـان زۆر هەوڵیـداوە و ســاڵی ١٩٧٠-١٩٧١ دوو بەرگی بەچاپ گەیاندووە، دواجار ساڵی ٢٠٠٩ لەسەر ئەرکی مام جەلال هەموو تەفسیرەکە بەچاپ گەیەنرا، دیـارە ئەم تەفسیرە یەکێکە لە شاکارە هەرە گەورەکانی کتێبخانەی کوردی و جیهانی ئیسلامی، ئەگەر هاتبووایە ئەم تەفسیرە بە زمانی عەرەبی بووایە، دەنگدانەوەی زۆر زیاتری دەبوو، خەڵکێکی زۆر زیاتر لە جیهانی ئیسلامی سوودی لەم تەفسیرە وەردەگرت، دەتوانین بڵێین تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندا، تەفسری مەلای گەورە کە زیاتر بەو

ناوە ناسراوە، جۆرێک لە کوردانـدنـی پێوە دیارە هەوڵیداوە لـە ژینگە و مەنـاخـی کوردی تـەفسیرێکـی جوان بـۆ ئایەتـەکـانی قورئـانـی پـیرۆز بکـات، لـەکـاتی تـەفسـیر کردنــی ئایـەتـەکـان دەبینــین هـەوڵیــداوە کێشــەیەکی کــورد کە ئەو کــات بــاو بــووە، هەوڵیــداوە کێشــەیەک چارەسـەر بکـات، بەسوود وەرگـرتن لـەو ئـایـەتـانـەی کە باسیان لـەو جۆرە کێشـانـە کـردووە، یـاخود دەبینـین لـە هـەنـدێک تـەفسیر کردنـی ئـایـەت نموونـە بـە دابونـەریتی کوردی دێنێتـەوە، بـۆ نـموونـە دەبینـین لـە ئــایـەتی (وهـوفی الاخـره مـن الخـاسـرین) پەنـدێکی زۆر جـوانی کـوردی دێنێـتەوە و ئـایـەتەکە بە پەنـدەکە ڕوونـدەکاتـەوە و دەڵــێ: وەك مـازی کـەری کـون لـە پـاشـۆلی لـە سبـەی تـا ئێـوارێ مـازی ئـەکـا ئـەی هاوێتـە پاشولی لێی ئـەکەوێ ئاگای لێ نییـە. ئێـوارە صفر الید دێتـەوە مـاڵێ. ئـەوانـەی لـە بـەیانییـەوە تـا ئێوارە دەچن بۆ مازووکردن و کونێـک لـە تورەگـەکـەیـدا هـەیە، تــا دەگــاتـەوە مــاڵەوە هەمــووی لێکـەوتـوون، ئـەم ئـایـەتـە بـەو شـێوە جـوانـە تـەفسـیر دەکـات، یـاخود دەبینـین چـەنـد ئـایـەتێـک بـە شـیعر تـەفسـیر دەکـات، بـۆ نـموونـە بـە شیعری حـاجی قـادر و نـالـی و شیعری خـۆی، یان بـە شیعری شێخ ڕەزا، ئـەمە نـموونـەیـەکی زۆر جـوانی پێشـکـەش کـردووە لـەم تـەفسـیرە، کە دەتـوانین بڵێین شـاکارە لـە هـەمـوو جیهـانـی ئیسلامی، هـەروەهـا لـە کتێبخـانـەی کـوردی، کـە زانـایـەکی وەکـو مەلای گـەورە سـاڵی ١٩٣٣-١٩٤٣ بیر لـە تـەفسیرێکی وەها بکاتـەوە و بـە زمانـی کوردی بۆ ئـەوەی کـە کتێبخـانـەی کوردی دەوڵـەمـەند بکـات.

**پرسیار**: دەکرێت بڵێین مەلای گەورە یەکەم کەس بووە کە قورئان تەفسیر بکات بەشێوەیەکی کوردانە؟ یاخود بە کوردانە تەفسیر بۆ قورئان بکات؟

**وەڵام**: زۆربەی خەڵکی ئەوانەی کە لە بواری تەفسیر کار دەکەن دەڵێن مەلای گەورە یەکەم کەس بووە، بەڵام هەندێک بۆچوونیش هەیە دەڵێن زانای تریش هەبووە پێشتر هەوڵیانداوە تەفسیر بکەن، بەڵام من نەمبینیووە لە کتێبخانەی کوردی تەفسیر هەبێت، پێش ئەوەی مەلای گەورە دەست بۆ تەفسیر کردن ببات، لەوانەیە بە چاپ نەگەیەنرابێت، ئی ئەو زانایانەی کە تەفسیری کوردیان کردووە.

**پرسیار**: کوردستان و کۆیە بەتایبەتی تا چەند ڕەنگدانەوەی لە نێو تەفسیری کەلامی خوداوەندا هەیە؟ بە هۆکاری ئەوەی مەلای گەورە لە کۆیە ژیاوە.

**وەڵام**: وەک باسمکرد لە زۆربەی تەفسیر کردنی ئایەتەکان هەوڵیداوە نموونەیەک لە کێشە و ڕووداوەکانی ئەوکات باس بکات، باسی ئەوە دەکات کە پڕۆژەی نەوتی بابەگوڕگوڕ لە ساڵی ١٩٢٠ دەست پێدەکرێت و بۆ دەریایی ناوەڕاست دەگوازرێتەوە، لەو کاتەی کە ئینگلیزەکان سەرقاڵی گواستنەوەی نەوتن، لە بابەگوڕگوڕەوە بۆ دەریایی ناوەڕاست، پڕۆژەیەکیش لە کۆیە دەستی پێکردووە، لە حەماموکەوە ئاو بۆ کۆیە بە بۆڕی بنێردرێت، لەبەرانبەردا مەلای گەورە دەڵێ ماشاڵڵا نەوتی بابەگوڕگوڕ بۆ دەریایی ناوەڕاست

گــوازرایەوە، بەڵام بەهــۆی گەنــدەڵی و خۆخــۆری و کەم توانــایی نەتــوانرا ئــاو لە نزیــک کــۆیە بــۆ نــاو کــۆیە بگــوازرێتەوە، ئەمە کارەســاتە، بەشــێک لە نموونەکــان دەبینــین ڕەشــبینی پێوەدیــارە، مەلای گەورە ڕەشــبین بــووە، بەوەی ئیســتیعماری بەڕیتــانی و خــودی خۆمــان وەك کــورد لەنــاو یەک یەکگرتــوو نــین و پەلامــاری یەکتــر دەدەین.

**پرسیار:** مەلای گەورە ڕیفۆرم و چاکسازی کردووە، یەکێک لەو قسانە کە زۆر باسی لێدەکرێ دید و ڕوانینی مەلای گەورە بووە بۆ ژن، دید و ڕوانینەکانی مەلای گەورە بەرانبەر ژن چی و چۆن بووە؟

**وەڵام:** بەڵــێ، دیــارە مەلای گەورە یەکێــک بــووە لەو زانایــانەی کە لەکاتی خۆیدا بڵێین شۆڕشێکی ڕۆشنبیری بۆ ژنــان بەرپا کردووە، چونکە شایەتی ئەو قسەمان بەڵگەیەکی هەرە گەورەیە کە نەجیبە خانی جەلیزادە لەو کاتەی کە ژن بڵێین بە شێوەیەک تەماشا کراوە ئەسڵەن بۆی نییە تەداخولی ڕۆشنبیری و مەعریفە بکــات، نابێت بچێتە قوتابخانە، نابێت بڵێین زانست و زانیــاری فێربێت، ئەوکــاتە و لە نێو ئەم کۆمەڵگــایە نەجیبە خــانی کچی نــارد بۆ قوتابخــانەی کوڕان، بێ ئەوەی گوێ بداتە لۆمەی لۆمەکــارانی هەرچەنــدە کە ئەو کــات هەرایەکــی زۆری لە نــاوچەی کــۆیە لــێ کەوتەوە، چۆن دەبێت زانــایەکی ئــاوا منــاڵەکــانی کــچەکەی بنێــرێتە قوتابخــانەی کــۆیە، دیــارە ڕێزی ژن لای مەلای گەورە پــایەکی تــایبەتی هەیە، بەردەوام هەوڵیداوە ژن بێتە ناو کایەکانی کۆمەڵگە.

**پرسیار**: بە باوەڕی تۆ، لای مەلای گەورە بڕیاری ناردنی نەجیبە بۆ فێرگە لەگەڵ کوڕان لەژێر چ بنەمایەک بووە؟ کاتێک لەو سەردەمە نەک بۆ کچان بەڵکو بۆ کوڕانیش بەو شێوەیە مافیان نەبووە و دەرفەتیان کەم پێدەدرا بچن بۆ فێرگە و بخوێنن، زیاتر باوباوی خوێندنی حوجرە و مزگەوتەکان بووە، بچن ببن بە فەقێ، نەک بچن بۆ فێرگە، بنەمای ئەم بڕیارە چ بووە؟

**وەڵام**: لەژێر ئەو بنەمایەی کە مەلای گەورە یەکێک بووە لەو زانایانەی کە ئەقڵی خۆی بەکارهێناوە و سوودی لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بینیووە، کە بینیویەتی لە قورئان و فەرموودە زۆر شتێکی ئاساییە ژنیش وەک پیاوان خوێندەوار بێت و ڕۆشنبیر بێت، تێگەیشتوو بێت، کچی خۆی ناردۆتە بەر خوێندن، دەبینین نەجیبەخان لە یاداشتەکانی خۆیدا دەڵێ بە گوێی خۆم گوێم لێ بووە، بابم دەیگوت:

- خۆزیا کە ئیجباری بۆ پیاوان هەیە ببن بە سەرباز-عەسکەر، خۆزیا بۆ ژنانیش هەبا.

+ دەڵێ بۆچی بابە ئاوات پێ خۆشە ژنیش ببن بە سەرباز و ئەوانە؟

- گوتی: بۆ ئەوەی لە ڕۆژی تەنگانە ژن بەهانای پیاو بێت.

هەتا لە تەفسیریشدا جێگە و مەکانیەتی خۆی کردۆتەوە، لەناو تەفسیریش کە قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتدا نموونەمان لەبەردەستە، کە چەندە بەشێوەیەکی جوان تەفسری ئەو ئایەتانە

دەکــات، لە بــابەتی ژنەوە دابەزیــوون، بــۆ نمــوونە لە تەفســیری ئایــەتی: (وللرجــال علــیهن درجه) دەڵێــت: دەرەجەی شــەرەف و فەزیــڵەت، کە ژنــی پــێ حیمــایەت بکــا، نەك دەرەجەی سیادەت و سەڵتەنەت و قەهر و غەلەبە، زاتەن ژن وەك شوشەیە، ئەبێ پیاو بیپارێزێت لە شکان، قاعیدەی شەرعی ئیسلامیە، ئەوی زیادەییەکی فتڕی هەبێ صەرفی بکا بۆ لە خۆ بەرە ژێرتر، نەك وەك تەبیعەت قەوی زەعیف بخوا.

**پرسیار:** هەرچەندە مەلای گەورە خۆشی لە چەندین شیعردا باسی لە ژنان کردووە، بۆ نموونە دەڵێ: ژن زینەتی دونیایە ئەمانەتی خودایە، لە زۆر شوێندا پێگە و مەقامی ژنی باس کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشــدا ڕەخــنە لە مەلای گەورە دەگیــرێ کە دیــد و ڕوانینێکی باشی بەرانبەر بە ژن نەبووە، ئەمە لە چ حاڵەتێکە؟ یاخود دەکرێت بڵێی مەلای گەورە جاروبار لە بەرانبەر ژنان توند بووە؟

**وەڵام:** مــن ســەرجەم بەرهەمەکــانی مەلای گەورەم خوێنــدۆتەوە، تەفسیرەکەیم هەموو خوێندۆتەوە، لە خزمەت شیعرەکانیدا بووم، شتێکی وای تێدا نییە، بە تووندی دژی ژن بێ، لەوانەیە هەندێ جار شتێکی باس کردبێ وەك عادات و تەقالید و ڕەخنەی لە قەومی کورد گرتبێ، کە ڕێز لە ژن ناگرن ئەگینا وەکو ڕەخنە لە ژن بگرێ، بەو شێوەیە نییە، نموونەیەکمان بۆ دێنێتەوە و ژن زۆر موهیمە بۆ

دروست کردنی ئینسان دەڵێ هەزار شاعیری وەک حاجی قادر و ئامۆژگاریکەرێکی وەک من بۆ میللەت نابێت بە دایکێکی باش، ئەڵبەتە چەند نموونەیەکی ترمان لە ڕێزی ئافرەتان بۆ دێنێتەوە.

**پرسیار**: مەلای گەورە لە تەفسیری کەلامی خوداوەندا لە شوێنێک باسی مەکری ژنان دەکات، زۆرجار ئەمە بە نموونە دەهێننەوە کە مەلای گەورە لێرە جۆرێکی پیاو سالارانە سەیری ژنی کردووە، یاخود مەلای گەورە جۆرێک لە جۆرەکان ویستوویەتی هەندێ لایەنی دیکەی ژنیش بخاتەڕوو، ئەوەشمان بیرنەچێت کە بۆ یەکەم جار لەناو بنەماڵەی جەلیزادەدا لەسەردەمی مەلای گەورەدا ژن دەرفەتی پێدرا کە بێت لە چوارچێوەی پیاواندا دابنیشێت و ژن و پیاو بەیەکەوە لەسەر مێزێکدا نان بخۆن، لە هەمبەر ئەمەدا تۆ چیت هەیە؟

**وەڵام**: دیارە ئەم نموونەیە لە تەفسیر کردنی سوڕەتی یوسف باسی لێوە دەکات، باسی مەکری ژنان دەکات، ئەم نموونەیەش وەنەبێ بەخۆی باسی کردبێ، نموونەیەکە لە دەرەوە هێناوەتییەوە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم شێوەیە، دەڵێ ئەگەر هاتوو ژن دایە سەر مەکر و ئەمانە ئەوە لەوانەیە لەو کاتە بەسەر پیاودا زاڵ بێ، ئەم نموونەیەی لە یەکێک لە کتێبەکان هێناوەتەوە بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی تەفسیر کردنی ئایەتەکە، ئەمە و چەندان نموونەی تریشمان هەیە، بۆ نموونە مەلای گەورە یەکێک بووە لەو زانایانەی کە

شایەتی لە ژنان وەرگرتووە کاتێك ژنێك مانگی دیووە، کردوویەتی بە جەژن، لە کاتێکدا پیاویش مانگی دیتووە و نەیکردووە بە جەژن، گوتیان بۆ؟ وتی وەڵڵا ئەو پیاوە زۆر ڕاستگۆ نییە، بەڵام ئەم ژنە زۆر ڕاستگۆیە و سیفەتی لەبیرکردنەوەی تێدا نییە، لەبەرئەوە شەهادەتی ئەو ژنە قبوڵ دەکەم، لە هەموو جومگەکانی ژیان پێگەیەکی تایبەتی داناوە بۆ ژن ماموٚستای گەورە.

## پوختەی ژیاننامەی هاوکار عەبدوڵڵا

لە ساڵی ١٩٨٦ لە گوندی شێخ وەسانی ناحیەی بالیسان لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی شێخ وەسانان تەواو کردووە، ناوەندیی لە ناحیەی بالیسان و ئامادەیی لە هەولێر خوێندووە، ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١ کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان بەشی بنەماکانی ئایین لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردووە.

لە پۆلی چواری ئامادەیی دەستی کردووە بە کاری ڕاگەیاندن، بابەتی لە ڕۆژنامەکان بلاوکردۆتەوە، دواتر لەگەڵ کۆمەڵێک گەنج یادنامەیەکیان بەناوی شێخ وەسان دەرکردووە و لە ٤/١٦ی هەموو ساڵێک لە یادی کیمیاباران بلاویان کردۆتەوە، دواتر کردویانە بە گۆڤار بەناوی گۆڤاری راز.

لە ڕادیۆی ڕوناکی چەند بەرنامەیەکی لەسەر بە کولتور کردنی خوێندنەوە لە کوردستان پێشکەش کردووە، ساڵی ٢٠١٣ تاکو ٢٠١٥ ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی کتێبدۆستانی کوردستان بووە.

خاوەنی چوار کتێبە، کتێبی یەکەمی تایبەتە بە کولتور کردنی خوێندنەوە، بە ناوی مرۆڤ و خوێندنەوە کە لە ٢٠١٥ لەلایەن کتێبخانەی هەنبانەبۆرینە چاپکراوە، کتێبی دووەم و سێیەمی بە ناوی دین و جیهانبینی مەلای گەورە و ژیان و ئەزموونی مەلای گەورە، کتێبی چوارەمی بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو ئامادە کردووە بەناونیشانی دیوانی عاجز.

# [illegible]

## پوختەی ژیاننامەی مەسعوود محەممەد

مەسعوود کوری مەلا محەممەد کوری مەلا عەبدوڵڵا کوری مەلا ئەسعەد کوری مەلا عەبدولرەحمان کوری مەلا عەبدوڵڵا کوری مەلا محەممەد کوری مەلا ئیبراهیم کوری شێخ حەسەنە. پێنج پشت لە باپیرانی مەسعوود، بە جەلیزادە ناسراون، بەڵام پشتی شەشەم نازناوی کاکی جەلیان هەبووە، نەک جەلیزادە، بنەماڵەکەیان لەسەردەمی باپیرە گەورەیان مەلا برایم کوری شێخ حەسەن لە ناوچەی بێگەڵاسی دەڤەری پشدەرەوە هاتوون بۆ گوندی شیواشان، لەدواتردا بۆ کۆیە.

مەسعوود محەممەد، لە ساڵی (١٩١٩) لە هاوینەهەواری چنارۆک، چاوی بە دونیا بۆتەوە، ئەگەرچی ڕۆژی لەدایکبوونی تۆمارنەکراوە، تەنیا ئەوەندە دەزانرێ کە ئەو کاتەی لەدایکبووە، کۆتایی وەرزی هاوین و کاتی ترێ و مێوژ بووە. برایەکی بەناوی فارووق و چوار خوشکی بە ناوەکانی نەجیبە و ئیقلیمە ئەدیبە و سوڕەیا هەبووە. تاڕادەیەک ژیانی ناوبراو لە منداڵانی تر جیاواز بووە و هەستی لەخۆبایی بوونی هەبووە، چونکە لە بنەماڵەیەکی دیندار و دەوڵەمەند ژیاوە، ئەوەی ویستوویەتی بۆی کراوە، ئەڵبەتە ئەمە بەهۆی باوکییەوە بووە، کە کەسایەتییەکی دیار و بەرچاو و بەناوبانگ بووە.

ساڵی (١٩٤٥) لە بەغداد خوێندنی زانکۆیی لە بەشی حقوق تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە شاری کۆیە، لەدوای گەڕانەوەی لە بەغدادەوە، بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە شاری کۆیە دەمێنێتەوە و

سەرقاڵی خوێندنەوە و تێفکرین و خۆ دروست کردن بووە، ئەو ماوەیە لە خەڵوەتدا بووە. لە ١٩٦٥/٥/١٣ لە کۆیەوە بۆ بەغداد ماڵی دەگوازێتەوە، لەوێدا درێژە بەژیانی ڕۆژانەی دەدات و بۆ ماوەیەکی زۆر نزیکەی سی و دوو ساڵ لە بەغداد دەمێنێتەوە، تاکوو لە ساڵی (١٩٩٧) بەهۆی هەڵکشانی تەمەنییەوە کە بەرەو هەشتا ساڵی دەچوو، ماڵی دەهێنێتەوە هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبێ.

مەسعوود محەممەد، بەدرەنگەوە ژیانی هاوبەشی پێکدەهێنێ، لە تەمەنی چل و دوو ساڵی و لە پایزی ساڵی (١٩٦١) بڕیاردەدات ژیانی هاوبەش لەگەڵ خانمێک بەناوی نەجلە شێخ ڕەوف پێکبهێنێ و سەفەری (هەنگوینە مانگ)یان بۆ بەغداد کردووەو بۆ ماوەی دوو هەفتە ماوەتنەوە. لەماوەی ژیانیدا سێ منداڵیان دەبێ، دوو کوڕ بەناوەکانی (دەوەن و محەممەد) و کچێک بەناوی (بنار).

لەدوای گەڕانەوەی بۆ هەولێر، تامانگی شوباتی ساڵی (٢٠٠٢)، بە شێوەیەکی ئاسایی ژیان بەسەردەبات، بەڵام نەخۆشی ڕێگە نادات مەسعوود محەممەد درێژە بەژیان بدات، لە ڕۆژی یەکی نیسانی (٢٠٠٢)دا، کاتژمێر (٦:٣٠) خولەکی ئێوارە، لەنەخۆشخانەی رزگاری لە تەمەنی هەشتا و سێ ساڵیدا بەیەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان کرد. بۆ ڕۆژی دواتر، تەرمەکەی هێنرایەوە شاری کۆیە، لە تەنیشت گۆڕی مەلای گەورەی باوکی و نەجیبەی خوشکی و بنەماڵەکەی لە گۆڕستانی دەروێش خدر، ئەسپەردە کرا.

## کاریگەری مەسعوود محەممەد لەسەر کۆمەڵگەی کوردی

مەسعوود محەممەدی کوری مەلای گەورەیی کۆیی، بە ڕووناکبیر، ڕۆشنبیر، ڕۆشنفکر، نووسەر، نالیناس، تەنانەت بە فەیلەسووفیش ناوی دەهێنرێ. لەماوەی ژیانیدا زیاتر سەرقاڵی خوێندنەوە و نووسین و لێکۆڵینەوە بووە، بیست و سێ کتێب بەزمانی عەرەبی و بە زمانی کوردی و زیاتر لە پەنجا وتاری لەبوارەکانی (مێژوویی، ئەدەبی، هزریی، سیاسیی، ئاینیی، فەلسەفی)، نووسیوە.

نەجلە ڕەوف، ناسراو بە نەجلەی شێخ ڕەوف، لە ساڵی ١٩٦١دا لەگەڵ مەسعوود محەممەد ژیانی هاوبەشیان پێکهێنا، لەبارەی مەسعوود محەممەدی هاوژینییەوە دەڵێ: "مەسعوود محەممەد ١٩١٩-٢٠٠٢ کەسێکی زۆر تایبەت بوو، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە خزم و دۆستەکانی خۆشدەویست و ڕێزی لە گشتیان دەگرت، ئەوەی سەردانیماڵی کردبووایە، زۆر دڵخۆش دەبوو و بەیەکەوە کاتێکی خۆشیان بەسەردەبرد. لەڕووی نووسین و بیرکردنەوە و تێفکران، کەسێکی باڵا و پڕ زانیاری بوو، چونکە ساڵانی ١٩٤٥ تا ١٩٥٢ ماوەی ئەو حەوت ساڵە، بەبەردەوامی لە خەڵوەت و خوێندنەوە و گۆشەگیریدابوو. زۆربەی کاتەکانی لەماڵەوە بەسەردەبرد و لەنێو خوێندنەوە و نووسیندا، تەواو گۆشەگیر ببوو".

دوکتۆر ئاراس محەممەد ساڵح، توێژەر و مامۆستای زانکۆی سلێمانی دەڵێ: "مەسعوود محەممەد، لەناو ژینگەی ئاینی و لە ماڵی

کەسایەتیەکی ئاینی مونەوەری وەک مەلای گەورەی کۆیە و شاری کۆیەدا گەشەی کردووەو پێگەیشتووەو هاتووەتە جیهانی نوسین و ڕۆشنبیریەوە، بێگومان هەموو ئەوانە ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە جیهانبینی ئەم بیرمەندەدا. ئەو ڕووناکبیر و نووسەرە بەتوانایەی کورد، کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیری و فکری کورد، لەسەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی لە بوارەکانی فکر و ئەدەب و زمانەوانی و زۆر بواری تردا".

ئاراس محەممەد، لەماوەی ڕابردوودا، توێژینەوەیەکی لەبارەی مەسعوود محەممەد، لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی مەسعوود محەممەدی زانکۆی کۆیە، بڵاوکردەوە، وتیشی: "لەڕابردوودا، بەهەموو شێوەیەک چەپەکانی کوردستان دەکەوتنە دژایەتی کردنی دەرەبەگ و سەرمایەدار و ئاین، بەڵام مەسعوود محەممەد کتێبی (حەماغای گەورە) دەنووسێت و باس لە بەخشندەیی و هەژار دۆستی ئەو کەسایەتیە دەکات، هەروەها، لە کتێبی (مرۆڤ و دەوروبەر)دا زۆر لایەنی بیرکردنەوەی چەپەکان شرۆڤە دەکات و ڕەتیکردووەتەوە. هەروەها مەسعوود محەممەد گەورەترین شاکاری لەبارەی حاجی قادری کۆیی نوسیوە، کتێبە سێ بەرگیەکەی (حاجی قادری کۆیی) باشترین لێکۆڵینەوەیەوە تاوەکوو ئێستا لەسەر شاعیری بیری کوردایەتی (حاجی قادری کۆیی) نوسرابێت. لەبارەی شاعیری گەورەی کلاسیکی (نالی)، کتێبی (چەپکێک لە گوڵزاری نالی) و (دەستەو دامانی نالی) لە شاکارە گەورەکانی مەسعوود

محەمەمەدن و زۆر لایەنی شیعری نالی شرۆڤە و ڕوونکردووەتەوە.
لەبواری زمانی کوردیەوە زۆر لایەنی شاراوەی زمانی کورد ڕوونکردوەتەوە، بەتایبەتی لەکاتی کارکردنی وەک ئەندامی کارا لە (کۆڕی زانیاری کورد) خزمەتی گەورەی بە زمان و زانستەکانی زمان و ڕێزمانی کوردی کردووە، ئەو هەولانەی مەسعوود محەممەد لە هەموو بوارەکانی زمان و ئەدەب و فیکر و مێژوو خزمەتی گەورەن و جێگەی لێکۆڵینەوەی فراوانن".

هەڵۆ بەرزنجەیی، نووسەر و لێکۆلەر، لەبارەی مەسعوود محەممەدەوە دەڵێ: مەسعوود محەممەد، سیمبولی هەرە دیاری قەڵەم و هزرێکە، کە بەدرێژایی و پانتایی ڕووبەری نیو سەدە، لە هەلومەرجی سەختی داگیرکراوی دابەشکراوی نەتەوە و خاکێکدا و لەبارودۆخێکی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ڕەوشێکی سیاسی نالەباری بارگاوی، بەوپەڕی بوێرییەوە نووسیویەتی. ئەو نووسەرێکە بە زمانێکی چڕ و خەست و قوڵ، لەڕەهەندەکانی کێشەی ژیان و مرۆڤ دەدوێ و گەرەکیەتی، لە ئاڵۆزترین ساتەکانیدا، لە ڕێگەی هۆشیاری و ڕێنمایی بابەتییەوە/ئۆپژەکتیف، بەختەوەری و ئاسوودەیی و بۆ مرۆڤ، بهێنێتەدی و فەراهەم بکات".

هەڵۆ بەرزنجەیی، لەم ماوەیەدا کتێبێکی بەناونیشانی "مەسعوود محەممەد و جیهانبینینی نەتەوەییانە یا خەرمانێ لە تێزی کوردایەتی" بلاوکردۆتەوە کە دەڵێ: مەسعوود محەممەد، بەچاوی خۆی شتەکانی بینیوە و بە ئەقڵی خۆی لێکیداوەتەوە و

بەبیرکـــردنـەوەی خـــۆی هەڵـــی ســـەنگاندوون و بـەردەوام لـە کـــار و بیرکـردنـەوەدا بـووە و هـەرگیـز وچـانـی نـەناسـیوە، قـەڵـەمـی هـەسـتـی بەماندوونەبوون، نـەکردووە و بـەدرێژایی بیرکردنـەوە تێڕامانـەکانـی، لـە کـەوشـەنـی ڕاسـتـی ویـسـتـی و هـەقپـەرسـتـی دا، وزە و توانـای خـۆی خـەست کردۆتـەوە و بـەدەوری ئـەو تـەوەرانـەدا ، مۆڵـی خواردووە".

هەڵۆ بـەرزنـجـەیی، یـەکێک بووە لـە دۆستـەکانـی مـەسعوود محـەممـەد و دوو دیـــداری دوورودرێـــژی لـەگـەڵـــدا ســـازکردووە و بـە دوو کتێـــب بڵاوکـــراوەتـەوە، زیـــاتر دەڵـــێ: "ئـەو بیریـــارەی کـــورد، لـە زەمیـــنـەی ڕاسـتـەقینـەی مـەیـدانـی خـەباتـدا (کـورد و کوردسـتـانـەکـەی) کـردۆتـە بـەرهـەسـترین و ســەرەکیترین و بـە بـەهـــاترین، کـەرەســەی لێـدوان و چوونـە نێو بواری نووسینـە ئاڵۆز و بەهادارەکانـی دنیـای ڕۆشنبیریی و مـەعریفییـەوە. بیروڕا و تێبینـی و سـەرنـجـەکانـی  هەڵقوڵاوی نـاخـی دەروونـی واقیعـی کۆمـەڵایـەتـی و دەرئـەنجامـی خوێندنـەوەیـەکـی قـوڵ و تێگـەیشـتـنێکی بـەرز و واقیعبینینێکـــی بـەرچـاو گـەش و شـــارەزایی و لێهاتوویی و بێوێنـە".

حـەکیم کاکـەوەیس، نووسـەر و وەرگێری تـەواوی کتێبـە عـەرەبییـەکانـی مـەسعوود محـەممـەد بۆ سـەر زمـانـی کوردی، سـەبارەت بـە کـاریگـەری مـەسعوود محـەممـەد، وتـی: "بـە دڵنیاییـەوە کاریگـەری لـە سـەر گۆڕین، یا ڕاستکردنـەوەی ئاڕاستـەی هـزری ڕۆشنبیران هـەبوو و پێم وایـە لـە ئێستا بـەدواوە، کـاریگـەری زیاتریشـی دەبـێ. ئـەو گـرنگییـەی ئـەمڕۆ خـــوێنـەوارانـی کـــورد، بـە تـــایبـەتـی گـەنـجـەکـــان بـە بـەرهـەمـەکـــانـی

مەسعوود محەممەدی دەدەن، مایەی دڵخۆشییە و نیشانەیەکیشە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو قاڵبەندییەی کە دەیان ساڵە هزری مرۆڤی کوردی لە نێوان دوو جەمسەری ڕاست و چەپدا سنووردار کردووە. ئەگەر مەسعوود محەممەد لە بواری فکردا هیچی نەکردبێ، خوێنەران و هەوادارانی بواری فکری فێر کرد، نیشانەی پرسیار بخەنە سەر هەر بۆچوون و تیۆرییەکی فکری، کە چارەنووس و بەڕێوەچوونی مرۆڤی پێوە بەندن. هەڵاتنی ئەو خۆرە، لە شەوەزەنگێکی ترسناکدا بوو و زۆرینەی ڕۆشنبیران، لە ڕووی فکرەوە نەک هەر لەگەڵیدا ناتەبا بوون، بگرە نەیاریشی بوون. ئەو، لە سەردەمێکدا بەرەنگاری بیری چەپایەتی، بە تایبەتی تەوەری سۆڤیەت بووەوە، هەر کەسە و ڕاست دەبووەوە بە ڕاست یا ناڕاست، خۆی پێوە بادەدا و بەرانگەربوونەوەی ئەو ڕەوتە باوە، مرۆڤی بە تەنها دەهێشتەوە. بەڵام گوێی بەوە نەدەدا ئاخۆ ڕێژەی یاران و نەیارانی، چەندە و چۆنە. ئەو، بۆ هەڵبژاردەی دەنووسی و نەیارە فکرییەکانی، ئەوەیان بە خاڵی نەرێنی لە قەڵەم دەدا بۆیە بە بۆرژوا (کە زاراوەی نابەجێی باوی) ئەو سەردەمە بوو، تۆمەتبار دەکرا".

حەکیم کاکەوەیس، بەهۆی سەرسامی بە نووسینەکانی مەسعوود محەممەد و وەرگێڕانی کتێبەکانی، ئاشنایەتی و شارەزایی تەواوی لەبارەیەوە هەیە. وتیشی: "مەسعوود محەممەد مرۆڤی بە لاوە هەرە باڵا و هەرە پیرۆزی کەون بوو، ئەوەش بەرانبەر ڕوانگەی ڕووکەشی

ئـاین و چەپـایـەتـی مـاتـریـالانـە، نـاتـەبـا دەوەسـتێـتـەوە. مـرۆڤ، لـەگـەڵ هـەمـوو خـەسڵـەتـە چـاک و بـەدەکـانـیـدا، بـە لای ئـەوەوە، کـرۆکـی بـاسـە. کـاتـێ نـووسـەرێـکـی عـارەب بـوونـی شـەیـتـان بـە پێـویـسـت دەزانـێ بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ خـەتـاکـانـی خـۆی بـخـاتـە ئـەسـتـۆی و ڕقـی خـۆی پـێ بـەتـاڵ بـکـاتـەوە، ئـەو بـیـر لـە نـەبـوونـی شـەیـتـان دەکـاتـەوە و لـەوەش بـەئـاگـادێـتـەوە کـە ڕەتـکـردنـەوەی شـەیـتـان دژ وەسـتـانـەوەی ئـایـنـە ئـاسـمـانـیـیـەکـانـە. لـە هـەمـان کـاتـدا، شـەیـتـان دەبـێـتـە بـزنـە بـەڵاگـەردانـەکـەی جـوولـەکـە کـە گـونـاحـی خـۆیـانـی لـێ بـار دەکـەن و بـەرەڵای بـیـابـانـی دەکـەن. ئـەوسـاش خـاوێـن دەبـنـەوە و ویـژدانـیـشـیـان ئـاسـوودە دەبـێ".

مـەسـعـوود محـەمـمـەد، سـاڵـی (١٩١٩) لـە شـاری کـۆیـە لـەدایـک بـووە، یـەکـێـک بـووە لـە ئـەنـدامـە کـارایـەکـی کـۆڕی زانـیـاری کـورد لـە بـەغـداد. زیـاتـر لـە سـی سـاڵـی لـەشـاری بـەغـداد ژیـانـی بـەسـەربـرد، سـاڵـی (٢٠٠٢) بـەهـۆی نـەخـۆشـیـیـەوە کـۆچـی دوایـی کـرد و لـە گـۆڕسـتـانـی دەروێـش خـدر-کـۆیـە، لـەتـەنـیـشـت گـۆڕی بـاوکـی و خـوشـکـەکـانـی ئـەسـپـەردەی خـاکـیـان کـرد[1].

[1] ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی وشە بڵاوکراوەتەوە. بە دەستکارییەوە لێرە دانراوە.

# دیداری عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**پرسیار**: مامۆستا عەبدوڵڵا، دانیشتن و وتووێژی ئەمجارەمان لەمەڕ مەسعوود محەممەد دەبێ، لە سەرەتادا چیت بۆ وتن هەیە؟

**وەڵام**: سڵاو لەیادی مامۆستا مەسعوود محەممەد.. ئەمن دەزانم لەم کوردستانە و بەتایبەتی لە باشووری کوردستان دەیان و سەدان کەس هەن کە شارەزای زیاتریان لەسەر ئەو بلیمەتە هەیە و لە "مەسعوود موحەممەدناسی"دا ئەمن تۆزیشیان ناشکێنم. بەوحاڵە بە خەساری دەزانم ئەم دەرفەتە لەدەست بدەم و بەچەند وتەیەك جێی خۆم لەنێو ئەو ناوانەدا نەکەمەوە کە بە دۆست و ئاشنا، یان (وەک خۆم) بە مرید و موخلیسی ئەو زانایە دەناسرێن. هەرچەندە دنیای مەسعوود موحەممەد -بۆیە تەنیا بە "مەسعوود موحەممەد"ی ناو دەبەم چونکە پێموایە ئەو جۆرە کەسانە بۆ خۆیان گەورەتر لەوەن پێویستییان بە "ألقاب" هەبێ.- لە زۆر بواری ژیاندا ئەوەندە بەربەرینە کە بیرەوەری و زانیارییەکانی من بە گۆشەیەکیشی ڕاناگەن.

**پرسیار**: مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، چۆنیەتی ئاشنا بوون و تێکەڵاویت لەگەڵ مەسعوود محەممەد چۆن و کەی بوو؟

**وەڵام**: ئەمن یەکەمجار ساڵی ١٩٧١ لە کۆڕی زانیاریی کورد، لە بەغداد بەخزمەتی گەیشتووم، هەتا لە نزیکەوە دەگەڵی ئاشنا نەدەبووی ئەو پیاوە بەسام و هەیبەت و تەنانەت نەختێک خۆبەزلزانیش دەهاتە بەرچاو، بەڵام کە دەرفەتت بۆ دەڕەخسا لە

مەجلیسیدا دابنیشی دیمەنەکە ١٨٠ دەرەجە دەگۆڕا و دەگەڵ گەورە پیاوێکی تا دڵ بخوازێ دڵخواز بەرەو ڕوو دەبووی کە حەزت دەکرد سەعاتەکان و ڕۆژەکان درێژ و درێژتر ببنەوە بەڵکو کاوی دڵ لە هاونشینیی ئەو مرۆڤە وەربگری و ڕەنگە زیادیشم نەگوتبێ ئەگەر بڵێم هیچ کەس لە هاونشینی مەسعوود موحەممەد تێر نەبووە و بە مرادی دڵ نەگەیشتوە. بە باوەڕی من مەسعوود محەممەد بە ئاسانی لە کەلیماتدا جێی نابێتەوە، چونکە ڕوناکبیرێکی گەورە بوو، قانون زانێکی گەورە بوو، بە باوەڕی من تێکۆشەرێکی گەورە بوو، کۆمەڵناسێکی گەورە بوو، لە زۆر بوار و لە نێو خەڵکی دەورانی خۆیدا دەکرێ بڵێین بەسەر گەرمیەک لە هەموان لە سەرەوەتر بوو. ئەوەی من لەسەر مەسعوود محەممەد دەیزانم یان دەیناسم، مەسعوود محەممەدی بیستراو و بینراو و خوێنراو، زۆر جێی سەرنج نەبوو، مەسعوود محەممەدی بینراو گەورە بوو، کە لەگەڵی دادەنیشتی، ئەو کاتە دەتزانی ئەو پیاوە چ دەریایەکە لە مەعلومات، چ مرۆڤێکی جامیعە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، باسی یاسا، باسی ئەدەبیات، باسی هونەر، باسی فەلسەفە، باسی سیاسەت، باسی قانونی بۆ کردبای، دەبوو هەموو هۆشت لە چاوانت دابێ و چاوت لە دەمی وی بێت و گوێشت هەڵخستبێت بۆ ئەوەی کە چ دەڵێت.

**پرسیار:** دیدارەکانی بەڕێزتان و مەسعوود محەممەد هەر لە کۆڕی زانیاری کورد بوو؟

**وەلام:** دیدارەکانی ئێمە و مامۆستا مەسعوود موحەممەد هەر لە کۆڕی زانیاری و شوێنی کارەکەی نەبوون. بەڵکو زۆر جار هەر بۆئەوەی پترمان دەگەڵ دانیشێ و لوتفمان لەگەڵ بکا، بانگهێشتنی دەکردین بۆ ڕێستوورانتەکان و بەخۆشییی ئێمەوە هاوکارەکانیشی وەک خوالێخۆشبووان مامۆستا شوکور مستەفا و دوکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف و بەڕێزان دوکتۆر کەمال مەزهەر و کاکە حەمەی مەلا کەریمیشی بانگهێشتن دەکرد. تەنانەت نزیکی و تێکەڵاوی دەگەڵ ئێمەی گەیاندە ئەو جێگایە کە لەماڵەوە سەردانی بکەین یان بۆخۆی بانگهێشتنمان بکا و لەماڵەوە میوانداریمان لێبکا. لەلاکەی دیکەشەوە ئێمە کە لەبەر باری ئەمنی شوێنی ژیانی خۆمان زۆر بەکەمی نیشانی کەسێک دەدا، مەسعوود موحەممەد یەک لەو چەند کەسە کەمە بوو کە هاتوچۆی ماڵەکەی ئێمەیان دەکردو هەمیشە هاتنی بۆ لامان بە دەرفەتێک دەزانرا. پاش ئەوەش کە هەردوو لامان پێمان لە بەغداد بڕا لە کوردستان پێوەندیی مامۆستا دەگەڵ مورید و موخلیسە کوردە ڕۆژهەلاتییەکانی لە جوانترین و پاکترین دیمەنەکانی دۆستایەتی و هاوپشتیدا بەردەوام بوو. نزیکیمان گەیشتبووە جێگایەک کە بۆ سەردانی ئێمە زۆر جار خەبەریشی نەدەدا و لەنەکاو پەیدا دەبوو، کە جار لەجاریش بۆ ئێمە خۆشتر بوو. حەز دەکەم ئەوەش نەبوێرم کە هەرچەند مامۆستا لەباری

ماڵییەوە زۆر ئیروو نەبوو زۆرجار یان پێش هاتنی یان دەگەڵ خۆی کاوڕێک یان دیارییەکی دیکەی دێنا و ئەگەر گلەییشمان لێدەکرد کە بۆچی ئەو ئەزیەتەی کێشاوە، دەیفەرموو خۆ بۆئەوە نیە نانی خۆم دەگەڵ خۆم بێنم. هەر دڵم وای پێخۆشە و حەزیش ناکەم ئەو خۆشییەم لێبستێنن.

**پرسیار:** پەیوەندی مەسعوود محەممەد لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان چۆن بوو؟

**وەڵام:** پێوەندی مامۆستا دەگەڵ ئێمە، تێکۆشەرانی دێموکڕات. ئەگەر تا ساڵی ١٩٧١ بۆ من ڕێ نەکەوتبوو لەنزیکەوە بیبینم، هێندێ کەسی دیکەمان وەک شەهید دوکتۆر قاسملوو و ڕەحمەتی کەریمی حیسامی ماوەیەکی زۆرتر بوو لەگەڵی ئاشنا بوون. لەوەش گەڕێ کە دەگەڵ هێندێ کوردی ئێرانی وەک هەردوو نەمران هەژار و حەسەنی قزڵجی ئاشنایەتی کۆنی هەبوو. وابزانم ڕەحمەتی هێمن-یش هەر لە ساڵەکانی سەرەتای نۆسەد و حەفتای زایینیدا لە نزیکەوە مامۆستای ناسیبوو. بەباوەڕی من، نزیکی مەسعوود موحەممەد لە ئێمە چالاکانی دێموکڕات پتر لەوەی پێوەندییەکی تاکەکەسی و سۆزداری بێ بارێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەبوو، بەو مانایە کە ئێمە وەک تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری پارچەیەکی دیکەی کوردستان خۆش دەویست و دەیەویست پشتیوانیمان لێبکا. بائەوەشی لێ زیاد بکەم کە مامۆستا مەسعوودیش وەک زۆری دیکە

لە کەسایەتییە ئەدەبی و زانستی و سیاسییەکانی کوردی باشوور لەلای ئێمە پتر لە هەموو مەجلیسێک دەکرایەوە و ئەوەی لەدڵیدا بوو دەریدەبڕی، کە لەو سەردەمەدا ئەمەش دەیتوانی هۆیەکی دیکەی نزیکیی نێوان مرۆڤەکان بێ.

**پرسیار**: ئەوەندەی ئاگاداربووی و زانیاریت هەبوو، ڕۆڵی مەسعوود محەممەد لە کۆڕی زانیاری کورد چۆن بوو؟

**وەڵام**: هەرچەند ئەمن لە بەردەستی مامۆستادا کارم نەکردوە، بەڵام ئەوەندەی لەلاوەڕا بۆم دەرکەوتبێ بەڕێوەبەرایەتی مەسعوود موحەممەد بۆ کۆڕی زانیاری شێوازی تایبەت بەخۆی هەبوو. دەگەڵ هەموو کارمەندو کرێکارەکانی ئەو دەزگا زانستییە دۆست و هەڤاڵ بوو. کەچی هەموو بەشەکانی کۆڕ وەک سەعات کاریان دەکرد و بەڕاستی کە دەچوویە سەردانی کۆڕی زانیاریی کورد دڵت دەکرایەوە. ئەو دەزگایە سەرانسەر جموجۆڵ بوو، هەرساڵەش پێشکەوتنێکی تازەی بەخۆیەوە دەدی. لەو ماوە کورتەدا ئەو دەزگایە کتێبخانەیەکی پێکەوە نا کە ئەگەر دەستی تاڵان و تاوانی نەگەیشتبایە ئێستا سەرمایەیەکی بەنرخی زانستی و فەرهەنگی بۆ کورد بوو. ڕەنگە بەدەگمەن هەڵکەوتبێ بەڕێوەبەرێک ئەوەندە بێفیزو خۆمانە دەگەڵ هاوکارەکانی بجووڵێتەوە و بەوحاڵەش ئەوەندە هەیبەتی هەبێ و ڕێزی لێبگیرێ.

**پرسیار**: پێگەی مەسعوود محەممەد لەنێو کەسایەتییەکاندا چۆن بوو؟

**وەڵام**: ئەو لەنێو پیاو ماقووڵ و گەورە پیاوانی کورددا لووتکەیەک بوو بە قامک ئاماژەی پێدەکرا، لە نێو زانایانی ئایینی و ئەدیبان و ئەدەبدۆستاندا جێنشینێکی شیاوی باوکی خۆی مەلا موحەممەدی کۆیی یان مەلای گەورە بوو و کورد گوتەنی: ئەگەر دەیانگوت مەسعوود موحەممەد ئاو ڕادەوەستا. پیاوی دەوڵەت (رجل الدولة) و شارەزای قانوون و لە هەمووی گرنگتر وڵات پارێزێکی گەورە و نەتەوە پەروەرێکی ماندوویی نەناس بوو. بێجگە لە دڵاوایی و خۆش مەجلیسی، ئەوەی لە ئاشنایی و دۆستایەتی کاک مەسعوود موحەممەددا لە هەموو شتێک بەرچاوتر و دڵپەسندتر بوو سەفا و ڕاستگۆیی و متمانەیەک بوو کە بە دۆستەکانی دەبەخشی و بە ئاشناکانی دەکرد.

**پرسیار**: زۆرجار، هەندێک گلەیی لە مەسعوود محەممەد دەکرێت، کە پیاوێکی خۆ بە گەورەزان بووە، یاخود بڵێین ئەنانی بووە، بەو پێیەی تۆ هاورێیەتیت لەگەڵیدا هەبووە، تا چەند مەعریفەکەی ئەو و ئەو زانیاریەی ئەو هەیبووە کاریگەری لەسەر ئەم لایەنەی مەسعوود محەممەد هەبووە؟

**وەڵام**: من ناتوانم ئەمە بە تەواوی قبوڵکەم و بە تەواویش ناتوانم ڕەتیکەمەوە، مەسعوود محەممەد بەهرەی زۆر بوو، لە هەمان کاتدا

پێی دەڵێن شانازی لە بنەماڵەکەی زۆر بووە، زۆر ئیعتیمادی دەکردە سەر ئەو شانازییانەی کە لە بنەماڵەدا هەیەتی، بە تایبەتی ئەوەندەی پەیوەندی بە مەلای گەورەوە هەبوو، ئەگەر لەگەڵی دانیشتبووای زۆر لە قسەکانی کە باسی عیلم دەکرا، دەیبردەوە سەر مەلای گەورە و گەورەیی مەلای گەورە و شوجاعەتی مەلای گەورە، کە ڕەنگە ئەگەر خەڵکێکی دی گوتبایان پیاو نەیدەگوت ئەوە تەعریفی خۆی دەکات، بەڵام، کە مەسعوود محەممەدە و کوڕی مەلای گەورەیە دەیڵێت ئەوە وای لێوەردەگیرێت کە تەعریفی خۆی دەکات، لە پاشان ئەگەر خاتری مەسعوود محەممەد گرتن نەبێ، دەکرێ بڵێین یەکێک لە دەلیلەکانی ئەوەی کە خۆی دەنواند، ئەوە بوو کە هیچ نەبێت لە ڕوانگەی خۆیەوە هەستی دەکرد خەڵک ناتوانێت وەریبگرێت، بەو جۆرەی هەیە بیناسێت، دەیویست لە میانەی ئەوەدا کە شت دەڵێت بابی عیلمی باس دەکات، شتی کۆمەڵایەتی باس دەکات، نوکتە باس دەکات، بشڵێت مەسعوود محەممەد پیاوێکی وایە و ئەوەی تێدا هەبوو، عالم بوو بە عیلمەکەی دەنازی، ڕەنگ بوو هەندێکیش بڵێن فەخر بەوەوە بکات، یانی وەک بڵێن فەخر بە خەڵکی بفرۆشێت. زیادم نەگوتووە، ئەگەر بڵێم بونیادەم بە ده سەعات لەگەڵ مەسعوود محەممەد دانیشتبووایە و هەمووشی هەر گوێ لێ گرتبووایە هەرگیز ماندوو نەدەبوو، هەرگیز وەڕەز نەدەبوو، هەرگیزیش تێر نەدەبووی، چون هێندەی پێ بوو، زۆر جار ئەوانە گووتراون، ڕەنگە هەر من نەمگوتبێ مەسعوود محەممەد

گوتنی لە نووسینی خۆشتر بوو، لە نووسیندا هێندەی پێ بوو، بە باوەڕی من، -کە بێ ئەدەبیشە لە موقابیلی ویدا- مەتلەبەکەی بۆ خر نەدەکرایەوە، سێ بەرگی لەسەر حاجی قادری کۆیی نووسی، ئەگەر ئیدامەی دابا و چووبا دە بەرگیش هەر پێی بوو، بۆیە باسی هەر شتێکی دەکرد، دەرۆی بۆ بوارێکی دی و لە بوارێکی دیدا دەینوسی، بەڵام ئەوەندی دەڵێن لە قسە کردندا شیرین گوفتار بوو، زۆر ئاسانتر تەرەفی بەرانبەری تێدەگەیاند، وەک لەوەی بنوسێت لە ڕۆژنامەدا، وەک لە کتێبدا و خەڵک بیخوێنێتەوە.

**پرسیار**: زۆر جار ڕەخنەی ئەوە لە مەسعوود محەممەد دەگیرێ، کە دەستی بۆ هەندێک بابەت بردووە، کە کەمتر لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا وجودی هەبووە، بۆ نموونە: ڕەخنەگرتن لە ڕێچکە فەلسەفییەکان و قسە کردن لەسەر مارکس و هیگڵ و سارتەر، ئیدی هەڵیداوە زۆر دژی یاخود بڵێن بەرانبەر مارکسییەکان و تیۆری مارکسییەکان قسە بکات، لەم کاتەشدا شیوعییەکانی کوردستان ڕەخنەیەکی زۆریان لێدەگرت، بە باوەڕی ئێوە، ئەمە چ لایەنێکی مەسعوود محەممەد نیشان دەدا، لایەنی مەعریفی مەسعوود محەممەدە؟ یان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مەسعوود محەممەد دەیویست دژی ئەو ڕەوتە باوەی کۆمەڵگە قسە بکات؟

**وەڵام**: ئەوەی کە لە هەموو بوارێکدا قسەی کردووە، پێموایە گەورەیی و ویسحەتی بیر و ئەندێشەی مەسعوود محەممەد

دەگەیەنێت، کە زۆر ئەهلی خوێندنەوە بوو، ئیدی تەقریبەن هەموو کەس ئەوە دەزانێت، کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەکوو عاریفان چووە ژوورەکەی و لە کتێبخانەی باوکی دانیشتووە و هەر خوێندوویەتییەوە، ئەوەندە عیلاقەی بەوەوە هەبووە، لە پاشان جامیع بوو، لە هەموو بوارێکدا دەیخوێندەوە، وەک جارێکی دی گوتم، ئەو هیچ فەلسەفەیەکی بە موتڵەقی قبوڵ نەبوو، هیچیشی بە موتڵەقی ڕەتنەدەکردەووە، هەر ئایدیایەکی بۆ چووبا ئازادانە بە بیرێکی ئازادانەوە سەیر دەکرد و هەڵی دەسەنگاند، ڕەنگ بوو ڕەئیی خۆی لەسەری هەبێت، ئەو ڕەئیەش ئەوە نەبوو حەتمەن هەموومان قبوڵمان بێت، یان هەموو ئەترافەکانی قبوڵیان بێت، بەڵام بۆ خۆی پێی قانع بوو، چاویشی لەوە نەبوو ئەو قسەی دەیکا خەڵک قبوڵی دەکا، یان قبوڵی ناکا، ئەوەندە متمانەی بە خۆی هەبوو چاوی لەوە نەبوو خەڵک پەسندی رەئیەکانی دەکا، هەر ئەوەی کە دەڵێی مارکسیەکان ئەو گلەیەییان لێ دەکرد، ئەو مەسەلەیە لەو ساڵانەی ئاخیردا ببوو بە باو، پێیان دەگوت دژەباو، مەسعوود محەممەد دژەباو بوو، مەسعوود محەممەد تەسلیمی ئەو جەوە نەدەبوو کە لە نێو کۆمەڵدا حاکمە، دەنا کاتێکی خەڵک بە تەواوی دژی کۆمۆنیزم بوو، دژی سۆسیالیزم بوو، دژی مارکسیزم بوو، خەڵک هەبوو هەر خۆیان بە مارکسی و بە کۆمۆنیست نیشان دەدا، بەڵام ئایە مەسعوود محەممەد خۆی دژی بیروباوەڕی مارکسیستی، یاخود سۆسیالیستی، یاخود کۆمۆنیستی بووە، لە مەعنادا ئەمن

ڕەئییەکی دیم هەیە، ئەو مەسعوود محەممەدەی کە دەمناسی زۆر دژی تەباعیەت بوو، ئەوە قسەی من نییە و قسەی ئەویش نییە، زۆر لە مێژە کە گووتراوە، وایلێهاتبوو کۆمۆنیزمەکانی کورد، ئەگەر لە ڕادیۆ گوتبای سبەی باران دەبارێت، لە سلێمانی و هەولێری چەتریان هەڵدەدا، ئەو دژی ئەوە بوو. دەنا باوەڕکەن لە هێندێک شتدا ئەمن هەستم دەکرد ئەو کابرایە وەکو من کۆمۆنیستە، ئەوەندە تەرەفداری خەڵکی هەژار و زەحمەت کێش بوو.

**پرسیار:** دواجار مەسعوود محەممەد لە نووسینەکانیدا لە هەندێک شوێن باسی گەورەیی مارکس دەکات، بۆ نمونە دەڵێت: ئەگەر باوکم و مارکس لە یەک سەردەم بژیابوونایە زۆر ئاسایی تەفاهومیان دەبوو.

**وەڵام:** ڕاستە، پێکەوە تەفاهومیان دەبوو، ڕاست دەکات! منیش هەر ئەوە دەڵێم، ئەو کابرایە بە باوەڕی من فەیلەسووفەکانی دەخوێندەوە، بە چاو بەستراوی تەسلیمیان نەدەبوو، دەیزانی مارکس چی قبوڵە و ئەوەی دی چی قبوڵە.

**پرسیار:** هەندێك جار مەسعوود محەممەد دەخەنە ژێر رەخنەوە، چونکە لەمەڕ کوردایەتی قسەی نەبووە، بۆ نمونە: ساڵی (١٩٨٨) هەڵەبجە کیمیا باران دەکرێت، دواتر کۆڕەوی کوردان دەست پێدەکا، دواتر شەری ناوخۆ ڕوودەدا، لەسەر ئەم باسانە کەمتر قسەی کردووە و ڕەخنەی گرتووە، لە کاتێکدا لە بەغداد دەژیا، بۆچوونی ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟

**وەڵام:** ئـــاخر باشـــە، هەر ئەوەی کە گووتـــت لەبەغـــداد ژیـــاوە، بەتـایبەتی کە لـە دەورانـــی هەرە زۆری ژیـانـی نـاسـراوی مەسـعوود محەمـمەددا کە بڵێین لـە سـاڵی (١٩٥٨)ەوە دەسـتپێدەکات، غەیـری ساڵـەکانی ئەوەڵی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، حکومەتێک لـەسەر کار بووە، کە قسە کردن لـەسەر جەریدە هێندە ئاسان نییە. کاتێك نـەقد لـە کەسێک دەکەیـن، عەیب لـە کەسێک دەگرین، دەبێت ئەو وەخـــتە لێـــی بگـــرین کە ئەو شـــتێک بڵێـــت بە خیلافـــی یـــان بە پێچەوانەی قـازانجی مـیللـەتەکەی بـێ، یـان قەزیەکەی مەسـعوود محەمـمەد، ئەوەی مـن بـزانم هەرگیـز شـتی وای تێـدانییە، تەنیـا ئەوەنـدەی لە بیـرم بێـت، مەسـعوود محەمـمەد دەگەڵ ئەوەی لە بەغداد بووە، دەگەڵ ئەوەی گووتت بەگژ بەعس دانەچۆتەوە، بەڵام دەبینـین هەمیشـە جێگـای متمـانـەی ڕێبەرایەتـی بـزووتنـەوەی کـورد بـووە، ئەی مەسـعوود محەمـمەد بـۆ دەبێـتە کاندیـد بـۆ پەرلـەمـانـی عێـراق؟ پـارەی داوە؟ زوڵـم و زۆری هەبـووە؟ دەسـتـەڵاتـی هەیـە؟ نـا.. لـەبەر لێوەشـــاوەییەکەی، هەم لـە بـــواری عیلمـــی هەم لـە بـــواری بیروباوەڕەوە خەڵک دەنگی پێداوە.

**پرسیار:** بە بـاوەڕی تـۆ، قسـە نـەکردنـی مەسعوود محەمـمەد لـەسـەر ئـەم لایـەنـە پەیوەندی بەوەوە هەبووە کە لـە بـەغداد ژیاوە؟

**وەڵام:** نـا.. پەیوەندی بەوەوە نییە، نـەک لـەژێـر سێبـەری دەوڵـەتێکـدا ئینسـان بـژی، جـا ئینسـانێکی نـاسـراویش، هەمـوو شـێکیش بڵێـت،

چونکە لە وڵاتێکی دیموکراتدا هەتا ئەگەر دیموکراتییەکی ڕێژەیشی تێدابێت ڕەنگە ئاسان بێت، کاتی خۆی لە یەشار کەمال دەپرسن و دەڵێن: ناترسی بتگرن؟ دەڵێ: نا، ئێستا ئیدی کاری من لەوە گوزەراوە دەوڵەتی تورکیا بوێرێت دەستم بۆ بێنێت. بەڵام لە عێراقدا هەرگیز ئەو وەزعە پێکنەهات، حکومەتەکانی عێراق هەمیشە دەیانتوانی دەست بۆ هەموو کەس درێژ کەن، ئەگەر هیچ نەبێت تیرۆری کەن، بۆیە ڕیعایەتی ئەودەم پێموایە لە گەورەی هیچ کەس نەبوو، نەک لە مەسعوود مەحەمەدی، لە هیچ کەسێکی دی کە لەنێو شارەکاندا ژیاوە، وەکو کەسێک کە لە شاخە و تفەنگی لە شانە و قسەی نەکردووە.

**پرسیار**: باسمان لە مەسعوود محەممەد کرد، لە بواری نووسین و لە بواری شرۆڤە کردن و لە هەموو ئەو باسانەی کە کردویەتی، بەباوەڕی تۆ دەکرێ بزانین مەسعوود محەممەد وەک پێویست لەناو خوێنەرانی کورددا نەناسراوە؟

**وەڵام**: عەرزم کردی، بەشێکی دەلیلی ئەوە بوو، کە لە سەردەمێکدا دەژیا، دوژمنانی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و مارکسیزم، خۆیان بە مارکسیزم و کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم نیشان دەدا، یانی فەزای سیاسی بەدەست کۆمۆنیستەکانەوە بوو، ئەویش لەسەر ئەوە قسەی هەبوو، دەلیلێکی دیکەش هەیە، پێموابێت کە مەسعوود محەممەد لە فکردا لە زۆربەی ڕووناکبیرانی هاوئاستی خۆی جیاواز بوو، لە پێش بوو،

دەرکردنـی مەسعوود محەمـمەد ئاسـان نەبـوو، هەرچەنـدە بـۆ خـۆم دەڵێم: نووسینی مەسعوود محەممەد، تێگەیشتنی، دەرکردنـی هەتـا خوێندنەوەی خۆش نەبوو، گوێگرتن لە قسەی مەسعوود محەممەد دە جار و بیست جار خۆشتر بوو، لە خوێندنەوە و نووسینی مەسعوود محەممەد، دەنـا تەماشـا دەکەی لەهەر بوارێـک دەنوسـێت ئەو کابرایە زۆری پێیە، بەتایبەتی دەستەڵاتی بەسەر زماندا، پێم سەیر نەبوو کە عەرەبی باش دەزانێت، چونکە سەقافەتەکەی لە بنەماڵەیەکە کە خوێندنی عەرەبییان خوێندووە، پاشان لە وڵاتێکە کە عەرەبی زمانی فەرمیە تێیدا و وڵاتانی عەرەبی گەڕاوە، بەڵام ئەگەر قسەت لەسەر لەهجەکەیدا هەبووایە، ڕەنگە پیاو بڵێت وەڵڵا جوان قسە ناکات، بەڵام باوەڕ بکە لە ئێمەی خەڵکی ئێران زیاتر شارەزایی لە ئەدەبیاتی فارسی هەبوو. چما ڕووناکبیرانی ئێستامان، کێی تر دەناسن؟ تا مەسعوود محەممەد بناسن؟ من ژنێک دەناسم، وەکو کەسێکی ڕووناکبیر ناوی نابەم، وتی: من قەبری باپیرم دێنمەوە دەرێ، وەکو قسەیەکی پێشکەوتووانە بوو، کە وانییە کەسێک ڕابردووی نەبێت، ئێستای نییە، ئێستای نەبێت ئایندەی نییە. بەڵام ڕووناکبیری ئێستا بمانەوێت یان نەمانەوێت، چاک بێت یان خراپ بێت، من باسی ئەو ژنە دەکەم خەجاڵەت نییە، بەڵام بێگانە لە ڕابردوودا ئەو وەسافەتە ئەو فاسیلەیە دروست بووە، لە بەینی ئێستا و ڕابردوودا.

**پرسیار:** تا چەند گرنگە بیروباوڕەکانی مەسعوود محەممەد بخرێتەڕوو و گەنجانی ئەم سەردەمە پێی ئاشنابن؟

**وەڵام:** من پێموابێت ئەگەر ئێستا باری ئەوە لەبەر چاو بگرین، ئەفکاری مەسعوود محەممەد، ئێستا دەبێت ئیدی لە ئاساردا بخوێنیەوە، شتی زۆری لێ فێردەبین. من دوو جار کتێبی چەپکێک لە گوڵزاری نالی-م خوێندەوە، باوەڕبکە لە زۆر شوێندا بیرم دەکردەوە، ئەو تەفسیرەی ئەو لە هەندێک شعری نالی-دا هەیبووە، نالی بۆ خۆی نەیبووە، ئەو کابرایە هێندە ورد و بە قوڵی دەچووە نێو ماناکەی، جا ڕەنگە لەو بارەوە بتوانین زۆر سوودی لێوەرگرین، دەنا خۆ مەسعوود محەممەد نەماوە، تا بچین دەرسی لێوەرگرین، گفتوگۆی لەگەڵ بکەین، تەنانەت ڕەخنەی لێبگرین، مەسعوود محەممەدیش مرۆڤ بوو، قابیلی ڕەخنە لێ گرتن بوو، هەر ئەوەی کە پێشتر باسمان کرد، کەمێک ئەوەی پێی دەڵێن لەخۆڕازی بوون و بەخۆدا هەڵگوتنی تێیدا بوو، ڕەنگە پاساوی بۆ بێنیەوە بەڵام تێیدابوو.

**پرسیار:** دواجار مەسعوود محەممەد کەسێکی دژەباو بووە، ئەو دژەباویەی گرنگە؟ تا خەڵک بە دیدێکی ڕەخنەییەوە لە بابەتەکان بڕوانێت؟

**وەڵام:** بەڵێ، پێموایە ئەوە یانی هەوڵدەین ئەو باوە هەر دروست نەکەین، شتێک حاکم بێت بەسەر فەزا و ڕژێمی سیاسیمان،

کۆمەڵایەتیمان، کە هەموومان تەسلیمی بین، پیاو ناچێتە نێو وردە کاریەکانەوە، بەڵام لە زۆر شتدا ئێمە واین، یانی من و تۆ قسەیەک دەکەین، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ باوە، ڕەنگە نەتوانین دژی بیروباوەڕێک قسە بکەین لەبەر فەزای سیاسی، لەبەر فەزای ئەمنی، بەڵام با فێر نەبین بە چاو و گوێ بەستراوی تەسلیمی بیروباوەڕێکی باو بین، پێشی هەڵدابڵێین، با هەرچی دەیبینین هەڵیسەنگێنین، ئەوەندەی فکرمان پێدەشکێ، ڕەنگە ڕووناکبیرێکی لە ئێمە زاناتر، یان بڵێین تازە تریش تێیدا بە هەڵە بچێت و جارێک بە هەڵە ناچێت، بەڵام باوەڕم دەبێت هەمیشە مرۆڤ بە چاوی کراوەوە، هەموو دیاردەیەک هەڵسەنگێنێت.

**پرسیار**: لەدوای گەڕانەوەی مەسعوود محەممەد لە بەغدادەوە بۆ کوردستان، جاروبار سەردانی تۆی دەکرد، لەو دیدارانە زیاتر باسی چیتان دەکرد؟

**وەڵام**: وەک گوتم مامۆستا مەسعوود محەممەد زۆر جامیع بوو، مامۆستا مەسعوود محەممەد کاتێك بۆ لای ئێمە دەهات، هەرگیز نەهاتووە وتار بدات، ئێمە لە مەجلیس دادەنیشتین، زۆر کۆنتر لەو دەورانەی کە ئێمە لە بەغداد بووین، لەگەڵ مەرحومی شەهید دکتۆر قاسملو سەرمان لە ئەو دەدا، ئەویش سەری لە ئێمە دەدا و بۆ دەرەوە بانگهێشتی دەکردین، ئەوە زۆر بوو. بابەتی ڕۆژ چ بووایە لەسەر ئەوە قسەی دەکرد، بە نوسراو پێموایە نەینوسیوە، بەڵام بە

پێچەوانەی ئەوەی کە خەڵک بیری کردبێتەوە، گوایە لەو سیستەمە ڕازییە، دەکرێ بڵێم چەند جار، -چەند جار بەینی دوو تا دەیە- من لە مەسعوود محەممەدم بیستووە گوتویەتی: "تەسەوڕ ناکرێت مرۆڤ بتوانێت هێندە خراپ بێت"، کە باسی دەستەڵاتی دەوڵەتی عێراقی کردووە، بەڵام ئیدی ناتوانێت ئەوە لە بەرامبەر دووربینی تەلەفزیۆن و میکرۆفۆنی ڕادیۆدا بڵێت.

**پرسیار**: جاروبار بە هۆکاری نەخۆشی لەبیرچوونەوە باسی دوو ساڵی کۆتایی تەمەنی مەسعوود محەممەد دەکەن، ئێوە لەمبارەیەوە چ قسەیەکتان هەیە؟

**وەڵام**: لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا، من قسەم کردووە و کاک محەممەدی کوڕی نووسی، گوتم بریا مەسعوود محەممەد دووساڵ زووتر مردبووایە، چونکە مەجلسی مەسعوود محەممەد، قسەی مەسعوود محەممەد، لە دوو ساڵی کۆتاییدا مەسعوود محەممەدێکی دی بوو، ئەو پیاوە عالیمە، ئەو پیاوە دەریایە دادەنیشت، وەکو پەیکەرێکت لێرە دانابێت، دە دەقیقە، بیست دەقیقە دادەنیشت، هیچی نەدەگوت، لە پڕ پێدەکەنی و قسەیەکی خۆشی دەگێڕایەوە، وەکو ڕادیۆیەکی بکوژێنییەوە دەکوژایەوە، دوای دە دەقەی دی دووبارە پێدەکەنییەوە، هەمان شتی دەگوتەوە، چونکە تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە ببوو. وەک بیرەوەرییەکی تاڵ دەیگێڕمەوە، لە یەک دوو ساڵی کۆتایی تەمەنیدا کە بەداخەوە تووشی نەخۆشی

هـاتبوو، ڕێدەکـەوت لـە هەفتەیەکـدا دووجـار بێتـە سـەردانمان. شۆفیرێکی عـەرەب زمـانـی لـەلا بـوو، کـە دەیهێنـایـە لای ئێمـە، ئـەو باسی دەکرد، دەیگوت مامۆستا تەنیا کەسی کە لەبیری مابێ ئێوەن. جارجار لێمدەپرسێ ترومبێلەکەت پڕە یان نا؟ ئەگەر بڵێم پڕە دەڵێ بمبە بۆ لای دێموکڕات و ئەگەر بڵێم پڕ نیە دەڵێ بڕۆ پڕی بکەو وەرە بمبە بۆ لای دێموکڕات. یادی مامۆستا مەسعوود موحەممەد و سۆزە ڕاستگۆیانەکەی بۆ تێکۆشەرانی دێموکڕات هەرگیز لەبیر ئێمە ناچێتەوە.

**پرسیار:** لەدوای کۆچی دوایی مەسعوود محەممەد و هێنانەوەی تەرمەکەی لە هەولێرەوە بۆ کۆیە، بەڕێزت یەکێک بووی لە ئامادەبووانی مەراسیمی بەخاک سپاردنی، لەمبارەیەوە گلەیی و ڕەخنەت هەبوو، ئەو گلەیی و ڕەخنانە چین؟

**وەڵام:** قەتم لەیاد ناچێت، ڕووداوێکی تاڵی ژیانی من بوو، باوەڕبکە، کە بەڕێکەوتم گوتم بڵێی دیاربم؟ خەڵک بزانێت کە چوومە؟ لەبەر ئەوەی فکرم دەکرد خەڵکێکی زۆر زۆر لەوێ ئامادەبێ، کەچی بە پێچەوانەوە، بینیم لە پەنجا کەس زیاتر نەدەبوو، بەوانەی کە لە کۆیەوە چووین و بەوانەی کە لە هەولێر ڕا هاتبوون، لەسەر قەبرانیش ١٥٠ کەس یان بڕێک لە ١٥٠ نزیک بووبێت تا لە ٢٠٠، ئەوە ئەگەر کەسێکی زۆر ئاسایی لە کۆیە مردبووایە، ڕەنگە دەبوو ئەوەندەی خەڵک لەگەڵبێت، چاوەڕێی ئەوەبووم کە تەقریبەن

زۆربەی ڕووناکبیرەکان لە زۆربەی شارەکانەوە بێن، خەڵکی کۆیە هەمووی ڕاپەڕێت، بەڵام ئەوەی کە گوتمان دژەباو، ئەو دژەباوییە وایکردبوو ئەو خۆشەویستیەی لە کۆیە نەبێت، ئیدی مەسعوود محەممەد لە ڕوانگەی زانستەکەی و فەزڵەکەیەوە هەڵنەدەسەنگێنرا، زیاتر خەڵکەکە لە ڕوانگەی هەندێک بیر و بۆچوون و پەیوەندی خانەوادەیی و ئەمانەوە هەڵیاندەسەنگاند، بۆیە ئاوا بەخاک سپێردرا.

**پرسیار:** مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ئەگەر بە یەک وشە باسی مەسعوود محەممەد بکات، چی دەڵێت؟
**وەڵام:** دەڵێم بیرمەندبوو.

## پوختەی ژیاننامەی عەبدوڵڵا حەسەنزادە

عەبدوڵڵا حەسەن زادە کوڕی حەسەن ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی سیسێری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە، لە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندنی مەدرەسەی مەلایەتی و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و لە سێ دێهات دەرسی گوتۆتەوە.

لە تەمەنی لاوییەتییەوە پەیوەندی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد-ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کردووە و بەشدار بووە لە زۆربەی چالاکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ماوەی دوو دەورە سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

یەکێکە لە قەڵەمە دیار و وەرگێڕەکانی کورد، کە خاوەنی زمان و شێوە وەرگێڕانی تایبەتی خۆیەتی، پتر لە پازدە بەرهەمی نووسراو و وەرگێڕدراوی لە نێو کتێبخانەی کوردیدا هەیە، لە بەرهەمە دیار و ناسراوە وەرگێڕدراوەکانی ناوبراو: (حەمەدۆك، بیرەوەری دوورخراوەیەك، دان چەرموو، گێلە پیاو، نزا بۆ ئارمین، کورد و کوردستان)..... هتد.

لە ماوەی ژیانیدا دەیان خەڵاتی ئەدەبی و فەرهەنگی پێبەخشراوە و ساڵی ٢٠١٩ لەلایەن زانکۆی کۆیەوە دکتۆرای فەخری پێبەخشراوە لە دوو دەیەی کۆتایی سەددەی بیستەمدا هاوڕێیەتی و ئاشنایەتی و تێکەڵاوی لەگەڵ مەسعوود محەممەددا هەبووە.

لە ئێستادا سەرقاڵی نووسین و وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبییە.

# دیداری خوسرەو جاف

**پرسیار**: مەسعوود محەممەد، لەڕێگەی نووسینەکانییەوە توانی خەڵك هۆشیار بکاتەوە؟

**وەڵام**: نەخێر نەیتوانی، خۆشی گوتی نەمتوانی. من پرسیارم لێکرد و گوتم: مامۆستا ڕەنگە نووسینەکانت قورس بێت، بە شێوەیەك بێت کە خەڵک نەتوانێت لێی تێبگا، لەبەرانبەردا وتی: ئەسڵەن من بۆ هەڵبژاردە دەنووسم، بۆ نوخبە دەنووسم، بۆ خەڵکە زۆرەکە نانووسم، وتی: تۆ سەیری مێژووی فەلسەفە بکە، سەیری مێژووی دونیا بکە، هەمیشە فەیلەسووفەکان، یان ئەوانەی بیرمەند بوون و بیرۆکەیەکی فەلسەفییان هەبووە، بۆ خەڵکە زۆرەکەیان نەوتوە و نەنووسیوە، بۆ هەڵبژاردەیەك و نوخبەیەکیان وتوە و نووسیوە. ئێستاش تۆ سەیری نووسینەکانی مامۆستا مەسعوود محەممەد بکە، لەیەک پەڕدا کە دەیخوێنیتەوە، مولزەمی مەجبورت دەکا، لە هەر دوو سەتر، سێ سەتر، جارێک بوەستی و فکر کەیەوە، نەتوانی لێی تێپەری من بۆ خۆم وام، بە تەئکید ئەوانەی بە دوای وردەکاریدا برۆن و بگەڕێن کە نووسینەکانی مەسعوود محەممەد دەبینن، هەر دوو دێڕ، سێ دێڕ جارێک ڕادەوەستن، جگە لەوانە مەسعوود محەممەد کە قسەی دەکرد فرسەتی نەدەدا مەسەلەیەکی دەهێناوە، هێشتان تەواوی نەکرد بوو مەسەلەیەکی دیکەی بەدوادا دەهێنا و هەمووی پڕبوو لە حیکمەت.

**پرسـيار:** مەسـعوود محەمـمەد تـوانی لەڕێـی نووسـینەکانییەوە کاریگەری لەسەر خەڵك هەبێ؟ بیرکردنەوە و ڕوانینیان بگۆڕێ؟

**وەڵام:** مەسـعوود محەمـمەد نەیتـوانی ئەو خەڵـکە قـانیع بکـات، لەبەرئەوەی ئاسـتی فکـری ئەو گەلێـک بەرز و بـاڵاتر بـوو لە دەوروبەرەکەی، ئەوەش خۆت دەزانـی وەکو تەبیعەتـی ئێمەی کورد هەمیشە دەکۆشن ئەوەی کە شتێکی لەباردابێت کەمتری کەینەوە، نەک بیبەینە سەرەوە، بەتایبەت سەردەمە تەقریبەن بیست ساڵ تا چل سـاڵ لەمەوبەر چۆن بـووە؟ ئێسـتا زۆرتـر بـووە بە حـاڵەتێکی حزبـی، ئەو وەخـتە تەک نەفەر بـووە تـاک کەس بـووە، بەرانـبەر بیرمەندێک، بەرانبەر نوسەرێک، بەرانبەر ڕۆماننووسێک، بەرانـبەر شـاعیرێک، پـێش چـوار شـاعیر، پێـنج نوسـەر هەڵەپەریـن و بە شێوەیەکی ناجۆر باسی دەکەن.

**پرسـيار:** گرنگتـرین ئەو شـتانەی مەسـعوود محەممـەد دەیویسـت لەڕێگای نووسینەکانییەوە بیگەیەنێت چی بوو؟

**وەڵام:** لە حەقیقەتـدا مەسـعوود محەممـەد لەدەوروبەری نائومێـد بووبـوو، هێنـدە قسـەی ناشـیرین و هێنـدە ڕەخـنەی نـابەجێ هەتـا جنێـوی ڕاستەوخۆ ئەوەنـدەی پێـدرا، مەسـعوود محەمـەد ئەسـڵەن وازیهێنا، لە مەسەلەیەکی دەوروبەری خۆی ئەوەبوو کە نـامەیەکی کتێبە مەعروفەکەی نـامەیەک بۆ گۆرباتشۆڤ، گۆرباتشۆڤی عەزیم ئەوەبوو کە کوردێکی لەبیرچووی وەک مەسعوود محـەممەد لەنێو

میلەتانی تردا بتوانێت ئەوەندە باوەڕی بەخۆی هەبێت و باوەڕی بەفکری خۆی هەبێت، کەوا نامەیەک بنووسێت بۆ سکرتێری حزبی شیوعی، ئیتحادی سۆڤیەتی، کە لە نیوەی دونیا زیاتری حوکمی دەکرد، نامەکەش تەمێی بکات، ئەمە کەم نییە، ئەمە ئەوپەڕی پۆپەی باوەڕ بەخۆبوونە، جا بۆ ئەمە من لەبیرمە بیست ساڵ بوو دەربەدەر بووم لە دەرەوەی عێراق پەنابەربووم، دوای بیست ساڵ گەڕامەوە ڕۆمانێکم نووسی بەناوی کۆدەرە، پەلاماریاندام، یەکێ گوتی بە پارە بۆیان نووسیوە، یەکێ گوتی ئەوە دزیویەتی، هاتم بە مامۆستا مەسعوودم گوت، من ئەو وەختت کە دەکا نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر  حدودی سی و نۆ ساڵ لەمەوبەر بوو، دوای دوو سێ مانگ لە چاپکردنی کتێبەکەم یەکەم جار بینیم، پێم گوت: مامۆستا ئەوە چییە ئەو خەڵکە بۆ وادەکات؟ ڕوانی و وتی: گوێت لێبێت نووسەر نییە بە ئەندازەی من جنێوی پێ درابێت، منیش جوابی کەسم نەداوەتەوە، یەک تەوسیەت دەکەم ئەوەی کە لێت دەنووسێت دەیەوێت دوو ئیستفادە بکات.

یەکەم: ئەوەیە لە بەرهەمەکەتی نووسیوە.

دووەم: ئەوەیە کە تۆ جوابی بدەیتەوە.

وتی تۆ لە بەشی دووەم مەحرومی کە، جوابی کەس مەدەوە، با شیعرێکی نالیت بۆ بخوێنمەوە، نالی دەڵێت:

نالی چییە میسلی شوغل خەریکی شیاکە

خۆتۆ بەحسابێک وەکو پەروانی شەمعت بوو

وتی: تێگەیشتی؟ وتم: ناوەڵڵا، وتی: نالی خۆی بەخۆی دەڵێت: نالی چییە تۆ وەکو قۆلانچە گورگ دەگرێنی، تۆبەلای خۆتەوە پەپولەی دەوری چرایت و دەبێت باڵت بسوتێ و دەبێت دەدەوری مۆم بگەرێیت، وتی هەر کەسێک بەدەوری مۆم و گڕ گەڕا بە تەئکید باڵی دەسوتێت، وتی: تۆ لەوانە گەڕێ جوابی کەس مەدەوە. من ئێستا تەمەنم ٧٤ ساڵە و دەچم بۆ ٧٥ ساڵی زۆر کەس بەچاک و بەخراپ لە بەرهەمەکانی منی نووسیوە و تا ئێستا وەکو دەزانی ٧٤ کتێبی لە چاپ دراوم هەیە و تا ئێستا وەڵامی کەسم نەداوەتەوە.

**پرسیار**: لەدیدی تۆوە ئەم ڕەخنانەی لە مەسعوود محەممەد دەگیران، قبوڵ بوون یان نا؟ یان بەجۆرێکی دی پرسیارەکە بکەین ئایە ئەمەی مەسعوود محەممەد باوەڕی پێی بوو و ئەمەی ئەو دەی خستەڕوو تاچەند ڕاست بوون؟
**وەڵام**: تۆ لەمن دەپرسی؟ من وەک خوسرەو جاف دەڵێم: سەد لە سەد ڕاست بووە، بەڵام ئەوە ڕەنگە ڕاستییەکەشی نسبی بێت، چون وەختێ ئاستی سەقافەت بەرزتر بوو لە نێو کۆمەڵگادا، بە تەئکید دابڕانە لە نێوان چینێکی یەک جار زۆری کۆلکە خوێندەوار، لەگەڵ بیرمەندێکی وەکو مەسعوود محەممەددا، ئەو فاسیڵە زۆر بوو، ئەو فاسیڵە زۆربوونەی بوو بەهۆی شاکامی و مەسائیلی فکری، حیزبی و زۆر مەسائیلی کۆمەڵایەتی بوو، کە ئەو قەناعەتی پێ نەبوو، لەکاتێکدا خەڵکەکانی تر سوربوون لەسەری، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی شەڕە قۆچێک ببێت لە بەینی فکری مامۆستا مەسعوود و

فکری ئەو برادەرانەی دی کە ئێستاش دەردەکەوێت کە قسەکانی ئەو ڕاسترە ئەوەندە ڕاست بوون، هەتا گۆرباتشۆڤ ئەوەی کرد کە مەسعوود محەممەد گوتی، خۆ من نالێم بە قسەی مەسعوود مەحممەدی کردووە، دەبینی ئیلتقای فکر لەبەینی دوو بیرمەندا کە هەر یەکێکیان لە ولاتێکن و کەسیان کەسیان ناناسن، ئەو دوو بیر و فکرە ئیلتقا دەکا و دەبێت بە یەک بیر، بیری مەسعوود محەممەد وەکو بریسکەیەک لەنێو بیرمەندەکانی دونیادا ئیلتقای کرد، وەک بینیت چی لە ئیتحادی سۆڤیەت هات.

**پرسیار:** مەسعوود محەممەد لەڕێگەی نووسینەکانی و قسەکردنەوە نەیتوانی کاریگەری لەسەر خەڵك هەبێ؟ بۆ نموونە لە کۆڕ و سیمینارردا؟

**وەڵام:** باشە، خۆ ئێمە هیچ تەعەروز ناکات لەسەر ئەوەی کە قسەکانی چین ئەو قسەی زۆر کەم لەگەڵ چینی گشتی بووە، ئەگەر کۆڕێک یا چل پەنجا کەسێک گوێیان لێ گرتبێت ئەوە چینی گشتی نییە، ئەوە کۆمەڵێکی زۆر مەحدودی بچووکە کە گوێیان لە مەسعوود محەممەد گرتووە، بەڵام چەند کەس، وەرە من پێت بڵێم چەند کەس وەک من دەربارەی مەسعوود محەممەد قسەت بۆ دەکات؟ دێت نایناسێت تا قسەت بۆ بکات، دێ و نازانێت قسە بکات، دێ و ڕقی لێیەتی و قسە ناکات، ئەم حاڵەتانە بوو بەهۆی ئەوەی کەوا ئەو پیاوە وردە وردە وەکو گڕێک وردە وردە بکوژێتەوە لەنێو دەوروبەرێکی تاریکدا.

**پرسیار:** بەباوەڕی تۆ هیچ هەوڵێك بۆ ناساندنی مەسعوود محەممەد نەدراوە؟

**وەڵام:** هەوڵ ئەوەیە کە تۆ ئەسڵەن دامەزراوەیەک بەناوی مەسعوود محەممەد دابنێیت ئەوە هەوڵە، تۆ کارێکی وابکەی کە بڵێی چەند مەسعوود محەممەد هەیە؟ ئێستا لەو کۆمەڵگایەدا کە دونیا مشتێکی لێهاتووە، فەرموون دەی من ناڕۆمە ناو میللەتانی تر، من بۆ میللەتەکەی خۆم دەڵێم چەند مەسعوود محەممەد لەناو ئەو میللەتەدا هەیە ئێستا، بەم هەموو ئیمکانیاتەوە کە دونیا پڕ بە چنگێکە و لەناو ئەو پارەوپولە، کە دونیا ڕۆیشتن و دونیا دونیا هاتنە، پێم بڵێ چەند مەسعوود محەممەدمان هەیە؟ هەر یەک مەسعوود محەممەد هەیە تا ئێستا.

**پرسیار:** لە دیدی تۆوە مەسعوود محەممەد بۆ جیاوازە؟ یان جیاوازیەکەی لە هاوسەردەمانی خۆی لە چیدابوو؟

**وەڵام:** مامۆستا، مرۆڤ کە دێتە دونیاوە بایۆلۆجیەن سیفەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمە یەک ئەو سیفەتە بایۆلۆجیەیە، ئێستا پەنجە مۆری من لەگەڵ باوکم و لەگەڵ براکانم جیاوازە، ئەمە پێی دەڵێن جیاوازی بایۆلۆجی، خووخەسڵەتی زۆر مرۆڤ لەیەک دەچێت. مەسعوود محەممەد ئەگەر مەسعوود محەممەد نەبوایە، چەند مەسعوود محەممەدێکی تریش دەبوو جیاوازیەکەی لەوەدایە کە هاودەم و هاوفکری مەسعوود محەممەد کەم بوون.

**پرسیار:** خوسرەو جاف هەمیشە بە بەرزی ناوی مەسعوود محەممەد دێنێت، یاخود لە چەندین شوێن باسی لەوە کردوە ئەگەر مەسعوود محەممەد کورد نەبووایە خەڵاتی نۆبڵی وەردەگرت، یانی ئەو ڕوانینە لەچیەوە سەرچاوەی گرتووە؟ لەبەرچی و لەژێر چ بنەمایەک تۆ ئەم قسەیە دەکەی؟ بۆچی پێتوایە مەسعوود محەممەد شایەنی خەڵاتی نۆبڵە؟

**وەڵام:** مامۆستا، ئەوەی کوردە لەدایک دەبێت تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت، خاوە دەدات، خاوەی کورد بوون دەدات، باجی کورد بوون دەدات، وەکو کورد مەسعوود محەممەد باجی کوردبوونی خۆی داوە باجەکەش ئەوەیە کە لەچوار تەنیشتێکدا بووە چوار تەنیشتەکە عەڵقەیەک بووە هەمووی دوژمن کار بووە، کە وڵاتانی دەوروبەرمانن، لەحنەتی کورد بوون لەچاوی ئەواندا عەلقەیەک بووە لە ملی مەسعوود محەممەددا، ئەم لەعنەتە کەم نییە ئەمە یەک. دوو: خەڵاتی نۆبڵ تەنیا بە بیرمەند و لێهاتوەکە نادرێت ٥٠% خاڵەکان دەدرێتە پێگە و جێگەی میللەتەکان، میلەتی ئێمە لەوە بێبەشە کە ئەو ٥٠%ی پێبدرێت، دەی فەرموو یەکێکی وەک مەسعوود محەممەد هەتاوەکو دەست نیشانیش بکرێت سەر ناکەوێت لەبەرئەوەی لە ٥٠%ی بۆی دەژمێردرێت ئەو ٥٠%ی نییە، میلەتانی تر ئەو ٥٠%یەیان هەیە، ٥٠% میلەتەکەیان هەیە، ئیتر پێگەی کۆمەڵایەتی بێت، پێگەی سیاسی بێت، پێگەی ئابوری بێت، پێگەی سەربازی بێت، چونکە ئەو پێگانە هەمووی خاڵە لە خەڵاتی

نۆبڵدا، من و تۆی کورد لەمە بێ بەشین. مەسعوود محەممەد ئەگەر هی میللەتێکی تر بووایە، نەک یەک جار، دوو سێ جار هەڵدەبژێردرا بۆ ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتبووایە.

**پرسیار:** وەرنەگرتنی خەڵاتی نۆبڵ پەیوەندی بە پێگە نەتەوایەتییەکەیەوە هەبووە؟

**وەڵام:** بەتەئکید، پێگەی نەتەوایەتییەکەی نەبووە، ئەگەرنا هیچ کەم و کورتییەکی نەبووە، مەسعوود محەممەد بۆ ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی پێ بدرێت پێویستی بە پێگەی نەتەوایەتی هەبوو، وەکو وتم هەر میلەتێکی تر بووایە ١٠٠% ئەو خەڵاتەی پێدەدرا.

**پرسیار:** لە ناو نووسەرانی عەرەبدا زۆر ناسراو بوو و خەڵکێکی زۆر خۆشیان ویستووە و عاشقی نووسینەکانی بووە، بەڵام لەنێو کورد ئێستاش کەمترە بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە: شێخ جەلالی حەنەفی یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی بەغداد و نزیکەی بیست کتێبی هەیە، ئەو بە فەیلەسووف نێوی مەسعوود محەممەد دێنێت، بەڵام لە نێو کورددا دەبینین کەمتر ئەم باسە هەیە، بە بڕوای تۆ پێویستە چ بکرێت بۆ ئەوەی مەسعوود محەممەد ئەم پێگەی خۆی بە دەست بێنێت لەنێو خوێنەرانی کورددا؟

**وەڵام:** ئەوەی دەیڵێیت حەقیقەتە، کە نووسەری عەرەب، ڕۆشنیری عەرەب، حەسادەتی بە مەسعوود محەممەد نەبردووە، بەپێچەوانەوە ئێستا ئەوان زۆرتر ناوی مەسعوود محەممەد دێنن تا

کـــــوردەکە، ئەمە واقیعـــــیەتە، ئەو عەرەبیــــیەی ئەو دەیزانـــــی عەرەبەکان نەیاندەزانی ئەمە یەک، ئەو عەرەبییەی ئەو دەیزانی من و تۆی کورد لێی تێناگەین، ئەوەندە وشە و واژەی هەڵبژاردەی تێدا بووە. چی بکەین بۆ مەسعوود محەممەد؟ کێ بیکات؟ من و تۆ بیکەین؟ دەبێت ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارە بیکەن، کە ئەسڵەن نازانن مەسعوود محەممەد کێیە؟ بیری لێ ناکاتەوە کە بکەوێتە بیری، نموونە: نالی، من چوار سەفەرم کردووە چوومە بۆ ئیستەنبوڵ بە دوای نالیدا، کام دامەزراوەی ڕۆشنبیری بەدوای نالیدا ڕۆیشتووە؟ پێم بڵێ کێ؟ کۆڕی زانیاری کورد؟ یان ئەکادیمی کورد؟ یان دەوڵەت؟ یان دەسەڵات؟ یان حیزبەکان؟ کامیان؟

**پرسیار**: کەواتە خوێنەرانی عەرەب لە کورد باشتر مەسعوود محەممەد دەناسن؟

**وەڵام**: باشتر ڕێزی لێدەگرن، لە نێو کوردیشدا هەیە وەک عەرەبەکان بیناسێت، بەڵام بێدەسەڵاتە، من هەر ئەوەم لە دەست دێت کەوا باسی مەسعوود محەممەد بکەم، لەمە زیاترم لە دەست نایە، لە دەستم بهاتبووایە هەموو شتێکم بۆ دەکرد، بەڵام هەر ئەوەندەم لە دەست دێت حەقیقەتەکە دەڵێم، حەقیقەتەکە بۆ من سەرمایەی مەسعوود محەممەدە، سەرمایەی منیشە کەوا دەتوانم حەقیقەت بڵێم.

**پرسیار:** دەکرێت پاڵپشتی ئەم بۆچوونە بکەین بەوەی کە ئەکادیمییەکی موسڵاوی عەرەب دێت دکتۆرا لەسەر مەسعوود محەمەد وەردەگرێت؟ بەڵام تا ئێستا لە نێو کورددا دکتۆرای لەسەر نەنووسراوە؟

**وەڵام:** ئەمەیە، ئا کاریسەکە لەمەدایە، چرا دیدیەکە لەمەدایە کە تۆ لێهاتوویی خۆت لەبیرچێت، وەها فکری لێبکەیتەوە و میللەتانی تر بێن دکتۆرا لەسەر مەسعوود محەممەد وەربگرن، تۆ کارێکی وانەکەی یان ئەسڵەن جامیعەیەک بەناوی مەسعوود محەممەد بکەی، یان دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیری بەناوی مەسعوود محەممەد بکەی، یان شەقامێک یان پەیکەرێک، هیچ، هیچ. هیچ نییە. ئەمە کاریسەیە، نەک تەنیا بۆ مەسعوود محەممەد، بۆ تەواوی بواری ڕۆشنبیری وایە. زۆربەی زۆری قەڵەم بەدەستانی کورد ئێستاش حاڵەتێکی فکری مارکسی لە عەقڵیاندا هەیە، ئەو وای تێنەدەفکری ئەو چەپگەرانە بەتایبەت حزبی شیوعی و ئەوانەی کە پێیان وابوو کە شیوعین ئەوان توانیان تا سنوورێکی زۆر ناوی مەسعوود محەممەد بەشێوەیەکی تر بزڕێنن توانیان.

**پرسیار:** چۆن توانیان؟

**وەڵام:** توانیان لەبەرئەوەی دامودەزگایان بەهێز بوو، ڕیکلامیان بەهێز بوو، ئەندامیان زۆر بوو، چەپگەراکان زۆرتر بوون، لەوانەی کە دونیایەکی ڕۆشنبیری معتدل هەڵبژێرن، لەسەر ئەو ئەساسەی

هەرچی وردە خوێندەوار و کۆلکە مەلا و کۆلکە خوێندەوار هەموویان کۆکردەوە ئاخنیانە ناو فکری ئەو خەڵکە، دژی فکری مەسعوود محەممەد ئەمە ڕاستییەکە.

**پرسیار:** بەشێک لەوانەی دژی فکری مەسعوود محەممەد قسەیان دەکرد، لەژێر کاریگەری خەڵکدا بوون؟

**وەڵام:** بە تەئکید، بەتایبەت چەپگەراییەکان و ئەوانەی مارکسی بوون، مەسعوود محەممەد لەگەڵ مارکسیەتدا نەبوو، قەناعەتی بە مارکسیەت نەبوو، ئەوەش ئەمان بە بزماری سەر تابوتی خۆیان دەزانی.

**پرسیار:** بەو ئەندازەیەی تۆ لەگەڵ مەسعوود محەممەد تێکەڵ بووی و هاوڕێیەتییەکتان هەبوو، مەسعوود محەممەد لە دیدی خەڵکەوە چۆن بوو؟

**وەڵام:** بە حەقیقەت مەسعوود محەممەد بەدبەخت بوو، هەتا لە ژیانی تایبەتی خۆشیدا، جگە لە دەوروبەرەکەی مرۆڤێکی خۆش بەخت نەبوو هەمیشە نەدەدوا و قسەی نەدەکرد، ناچارت نەکردبوایە مەسعوود محەممەد قسەی نەدەکرد، لە بێدەنگی خۆی دادەژیا، بەڵام کە هاتە قسە کردنەوە بە حەقیقەت مرۆڤ لەزەتی لێدەبر، یەک لە دوای یەک، هەروەکو زنجیرەیەک گوێگری سەرسام دەکرد، ئیدی من بە سەرمایەکی نەتەوەیی دادەنێم.

**پرسیار:** مەسعوود محەممەد لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا لە چ ئاستێکدایە؟

**وەڵام:** شەخسییەتێکی وەك مەسعوود محەممەد وردە وردە لەنێو میللەتی ئێمە کوژایەوە، کوژاندیانەوە، خۆ ئەو ریسالەی سەماوی پێ نەبوو، ئەو ئینسانێکی بیرمەند بوو، حیزبەکان قۆڵیان نەگرت، بە هیچ شێوەیەک یارمەتی مەسعوود محەممەدیان نەدا، بیرمەندێکی ئاوا خۆ لە ئاسمانەوە نەهاتووە، مرۆڤە پێ دەکەنێت، دەگری، ئیحساسی هەیە، هیچ جۆرە یارمەتیەک نەدرا و بە پێچەوانەوە هەمیشە دراوەتە سەری.

## پوختەی ژیاننامەی خوسرەو جاف

خوسرەو جاف ساڵی ١٩٤٥ لە شاری کەلار لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە کەلار و ناوەندی لە خانەقین و بەغداد تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٣ بۆتە پێشمەرگە و سەرلقی جاف بووە، ماستەری لە زانکۆی تاران لە میعماریدا وەرگرتووە، خاوەنی کچێك و کوڕێکە.

لەماوەی ژیانیدا خەڵاتی میعماری و ئەدەبی وەرگرتووە، خەڵاتی ڕۆشنبیری عێراقی (قەڵغانی جەواهیری) پێبەخشراوە، نەخشەی تەلارسازی پڕۆژەی مۆنۆمێنتی شەهیدانی کوردستانی کێشاوە و دایڕشتووە، پتر لە دە ماستەر لەسەر ڕۆمانەکانی وەرگیراوە. پتر لە حەفتا کتێبی بڵاوکردۆتەوە.

لەدوای لەناوچوونی ڕژێمی سەددام حوسێن لە خولی یەکەم و دووەمدا بووتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە بەغداد و ئێستا خانەنشینە و سەرقاڵی کۆکردنەوە و ئەرشیف کردنی کەلوپەلی تایبەتییە.

مەسعوود محەممەد و خوسرەو جاف لە کۆتاییەکانی سەددەی بیستەم یەکتریان بینیووە و ئاشنایی یەکتر بوونە.

خوسرەو جاف ئێستا لە ژیاندایە و لە شاری هەولێر نیشتەجێیە.

# دیداری نەبەز سەمەد

**پرسیار**: دیدی مەسعوود محەممەد بۆ مرۆڤ چییە؟

**وەڵام**: مرۆڤ لە دیدی مەسعوود محەممەد، بونەوەرێکی سەبژێکتیڤە، واتا بوونەوەرێکی زاتییە، خودییە، مرۆڤ خاوەن خودی خۆیەتی و ئەم خودەی جیای دەکاتەوە لە هاومرۆڤەکانی دیکە، ئەم خودە لە ڕوانگەی مەسعوود محەممەدەوە دەشێ لە هەندێک دۆخەوە یان لە هەندێک بارودۆخەوە ئەم خودە گۆڕانکاری بەسەردا بێت ، هەندێک جار ئەم خود بوونە کز ببێت، ئەم کزبوونە بەهۆی دۆخی کۆمەڵگەوەیە بەهۆی ئەو کاریگەرییەی کۆمەڵگەیە، یان سیاسەتە، یان ئایدۆلۆژیایە یان هەر شتێکی ترە، بەڵام لە هەندێک حاڵەتی تردا ئەم خود بوونەی مرۆڤ دەشێ هەڵبزنێت، دەشێ مرۆڤ تەواو خودی خۆی بێت، هەروەها لەلایەکی ترەوە مرۆڤ لە ڕوانگەی مەسعوود محەممەدەوە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، واتا هەموو بەرهەمەکانی هۆشی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگە و لەنێو مێژوودا، لەنێو جیهاندا لەتەک هاومرۆڤانی دیکە بەرهەمی دەبێت، واتا مرۆڤ لەتەنیاییدا بەبێ کۆمەڵگە ناتوانێت بەرهەمی هەبێت و ناتوانێت تەنانەت بیربکاتەوە، لەبەرئەوەی ئەم پەیوەندییە نێو مرۆڤییەی مرۆڤ هان دەدات بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە لە ڕوانگەی مەسعوود محەممەد مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادە، واتا  بە ئازادی لەدایک دەبێت و ئازادە لەڕووی مۆڕاڵییەوە توانستی هەڵبژاردنی هەیە لەنێوان چاکە و خراپە، هەروەها خاوەن ئیرادەیە دەتوانێت بریار بدات، واتا مرۆڤ ئازادە، نابێت و هیچ ڕەوایەتێک نییە بۆ ئەوەی ئازادی لە مرۆڤ بسەنرێتەوە، واتا هیچ پاساوێک هیچ شتێک ڕەوایەتی بەوە نادات کە تۆ ئازادی لە مرۆڤێک بسەنیتەوە.

**پرسیار:** مەسعوود محەممەد سەرجەم هزر و فەلسەفەکەی لەسەر بنەمای مرۆڤ دادەڕێژێت، واتا فەلسەفە و هزری مەسعوود محەممەد فەلسەفە و هزرێکی مرۆڤ سەنتەرییە، لەلای ئەو مرۆڤ بەر لە هەموو شتێک بوونەوەرێکی ئاوەزمەندە، ئەم بیرکردنەوەی پەیوەندی بە کۆمەڵگەی ئەوکاتی عێراق و کوردستانەوە بووە؟

**وەڵام:** هەموو هەوڵی مەسعوود محەممەد لەبەرئەوەی لە سەردەمێکدا ژیاوە کە سەردەمی ململانێی ئایدۆلۆژیاکانە و پێکدادانی ئایدۆلۆژیاکانە کە لە کۆمەڵگەی عێراقی و لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە تایبەتی لە نێوان لەلایەک کۆمۆنیست و مارکسییەکان لەگەڵ ناسیۆلیستەکان، لەلایەکتر بەعسییەکان، ئەم ئایدۆلۆژیایانە هەموو لە ململانێیەکی تونددان هەموویان دەیانەوێت مرۆڤ بەگوێرەی ئایدۆلۆژیاکانی ئەوان بیربکاتەوە و بەگوێرەی ئایدۆلۆژیا و بنەما و پرەنسیپەکانی ئەوان بهزرێت و هەڵبژێرێت و بڕیار بدات، بەڵام مەسعوود محەممەد دەیەوێت ئەو ئیرادە و ئەو ئازادییەی کە لەلایەن ئەو ئایدۆلۆژیایانەوە لە مرۆڤ سەنراوە یان ئەم ئایدۆلۆژیایانەی هەوڵی ئەوەیان داوە کە مرۆڤ لە مرۆڤ بوون بخەن، واتا ئەم ئایدۆلۆژیایانە دەیانەوێت مرۆڤەکان ئەوەندەی بۆ ئەم ئایدۆلۆژیایانە دڵسۆز و بە ئەمەک بن، بۆ بیروباوەڕی خۆیان و بۆ ئازادی خۆیان و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دڵسۆز نەبن، بۆیە مەسعوود محەممەد دەیەوێت ئەو ئایدۆلۆژیایانە ڕەخنە بکات بۆ ئەوەی جارێکی تر مرۆڤ مرۆڤ بونی

خـۆی بـەدەسـت بهێنێـتـەوە لـە کـۆمـەڵگەی عێـراق و لـە کـۆمـەڵگەی کوردی، لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردی لەڕێی ئەو ئایدۆلۆژیایانە لە مرۆڤ بوون خراوە و ئیرادەی تێکشکێنراوە و بووە بە مرۆڤێکی تێکشکێنراو، مەسعوود محەممەد ئیش لەسەر ئەوە دەکات، کەسێتی تاک و مرۆڤی کورد جارێکی تر بنیات بنێتەوە و ئەو تاکە توانستی بڕیاردان و هەڵبژاردنی هەبێت و باوەڕی بەخۆی هەبێت، واتا مەسعوود محەممەد دەیەوێت مرۆڤ ئازاد بێت، نەبێت بە کۆیلە و کۆیلەی هیچ ئایدۆلۆژیایەک، سەروەری هیچ ئایدۆلۆژیایەک بەسەر خۆیدا قبوڵ نەکات. ڕەخنەکانی مەسعوود محەممەد کاتێک لە بنەمایەکی مرۆڤ بوونەوە سەرچاوە دەگرێت و دەیەوێت ئەم ئیرادە و ئازادی و ئەو توانستە ڕەخنەییە بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە، کەواتە دەتوانین ڕەخنەکانی ئەو بەکاربێنین بۆ کەپیتالیزم و بۆ سەرمایەداری و بۆ ئەمڕۆژ وەک چۆن لە مێژووی فەلسەفەدا بۆ نموونە زۆرجار هزر و فەلسەفەی فەیلەسووفێک بڕ دەکات و پەیوەندە بۆ نموونە بە سەردەمی ئێستای ئێمە، هزر و فەلسەفەی مەسعوود محەممەدیش یان ڕەخنەکانی مەسعوود محەممەد بەتایبەت لە مرۆڤخستنی مرۆڤ، لە نامرۆڤاندن و لە پرۆسەی نامرۆڤاندن دەتوانین ئەمە بەکاربێنین و خوێندنەوەی پێبکەین بۆ ئێستای کۆمەڵگەی کوردی و عێراقی و بۆ جیهانیش بەتایبەت لە سیستەمی سەرمایەداریشدا.

**پرسیار:** مەسعوود محەممەد تا چەند ئاگاداری فەلسەفەیە، کە دێ باسی ڕێچکە فەلسەفییەکان دەکات و ڕەخنەیان لێدەگرێت؟

**وەڵام:** کاتێك مەسعوود محەممەد بە فەلسەفەوە خەریک دەبێت لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە مەسعوود محەممەد خۆی خەریکی فەلسەفەیە و ئاگاداری فەلسەفەیە خۆی دەفەلسەفێنێت و خۆی بەرهەمی فەلسەفی و تێڕوانینی فەلسەفی هەیە، ئارگۆمێنتەکانی ئارگۆمێنتی فەلسەفین، کاتێک کە دێت ڕەخنە لەو ئایدۆلۆژیایانە دەگرێت، یان بەتایبەت دێت ڕەخنە لە ماتریالیزم و لە مارکسیزم دەگرێت لە ڕوانگەیەکی فەلسەفیەوەیە، واتا لەبنەمای فەلسەفیەوە ڕەخنە دەگرێت، نەک ئەوەی کە ڕەخنەکانی لە بۆ نموونە کەسەکی بن، یان ڕقی کەسەکی بن، یان لە دژیەتییەوە دژایەتی کردنەوە بێت، بەڵکو ڕەخنەکانی لەسەر بنەمایەکی فەلسەفییە، لەبەرئەوەی ئەگەر تۆ بتەوێت وەڵامی فەلسەفەیەک بدەیتەوە یاخود ڕەخنەی فەلسەفەیەک بکەی پێویستت بەوەیە بە فەلسەفە وەڵامی ئەو فەلسەفەیە بدەیتەوە، لەسەر بنەمای فەلسەفە بنەمای ئارگومێنتەکانت دابڕێژی. کەواتە مەسعوود محەممەد بۆیە خەریکە بە فەلسەفە و خۆی دەفەلسەفێنێت لەبەرئەوەی ئەو ڕەخنەی لە فەلسەفە و ڕەخنەی لەمارکسیزم و لە ماتریالیزم دەکات، پێویستی بە فەلسەفەیە و خۆی بەرهەمی فەلسەفی هەیە و چەندین شاکاری فەلسەفی هەیە بەتایبەت پەیوەست بە کۆمەڵگای کوردییەوە. ڕەخنەیەکی تری مەسعوود محەممەد پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە لە

ڕوانگەی مەسعوود محەممەدەوە ماتریالیستەکان و مارکسیەکان، جیاوازی ناکەن لەنێوان دوو جۆر گۆڕانکاریدا، لە ڕوانگەی مەسعوود محەممەدەوە گۆڕانکاریەک هەیە کە گۆڕانکارییەکی بایۆلۆجییە و ئەم گۆڕانکارییە هاوبەشە لە نێوان مرۆڤ و لە نێوان زیندەوەر و بونەوەرەکانی تردا، مرۆڤ لەوێدا لە زۆرینەی ئەو گۆڕانکارییە بایۆلۆجییانەدا مرۆڤ کۆنترۆڵ نییە بەسەریاندا، بەبێ ویستی مرۆڤ کۆمەڵێک گۆڕانکاری هەیە و کۆمەڵێک گۆڕین هەیە لەنێو جەستەی مرۆڤدا، بۆ نموونە ڕوودەدات، هەروەها لە بونەوەر و زیندەوەرەکانی تریشدا، بەڵام لە ڕوانگەی مەسعوود محەممەدەوە گۆڕانکارییەکی تریش هەیە کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری مێژوویی و کلتوورییە، ڕەخنەی مەسعوود محەممەد لە ماتریالیستەکان چییە؟ لێرەوەیە لەبەرئەوەی لە ڕوانگەی مەسعوود محەممەد، ماتریالیستەکان و مارکسیستەکان ئەم جیاوازییە ناکەن، واتا گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کلتوری و مێژووییە لەگەڵ گۆڕانی بایۆلۆجی بەهەمان پێوەر و بە هەمان پێودانگ دەپێون لە کاتێکدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کلتوری و مێژووی مرۆڤ تێیدا سەروەرە، کە ماتەر، ماددە، هیچ کاریگەرییەکی نییە، بەبێ مرۆڤ هیچ کاریگەرییەکی لەم گۆڕانکاریانەدا نییە.

**پرسیار:** ئەو ڕەخنانەی کە مەسعوود محەمەد لە یاساکانی مارکسی گرتووە کە بۆ مێژووی کردووە لەگەڵ ئەو قۆناغ بەندیانەی کە مارکس بۆ مێژووی کردووە لەلای مەسعوود محەمەد ئەمەش لە ژێر بنەمای مرۆڤبون بووە؟

**وەڵام:** بەڵێ، وەکو وتم لەبەرئەوەی کۆی فەلسەفە و هزری مەسعوود محەمەد لەسەر بنەمای مرۆڤە و مرۆڤ سەنتەرە تێیدا زۆرینەی ڕەخنەکانیشی لەم بنەمایەوە لەو بنتەوە دەردەچێت، کە سەروەر بوونی مرۆڤ، سەنتەر بوونی مرۆڤ تێیدا فەرامۆش نەکرێت. ئەم گۆڕانکاریەی کە باسم کرد گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری بایۆلۆجی کە مارکسییەکان و ماتریالیستەکان ئەم جیاوازییە ناکەن و بە پێوەر و پێودانگ دەیپێون، مەسعوود محەمەد لەوێوە دێت ڕەخنەی ئەوە دەکات، لەبەرئەوەی ئەگەر تۆ ئەو دووانە بە هەمان پێودانگ بپێوی کەواتە هۆشمەندی مرۆڤ، ئاوزمەندیەتی مرۆڤ و ویست و ئارەزووی مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ دەخەیتە ژێر پرسیارەوە، مرۆڤ دەکەیت بە کۆیلەی یان ژێر دەستەی ماتەر کە لە کاتێکدا زۆربەی جیهانی دەوروبەری مرۆڤ ئەو جیهانەی کە مرۆڤ تێیدایە، هەم ژێرخان و هەم سەرخان، بۆ نموونە: ئەدەبە، ئایینە، هونەرە، فەلسەفەیە .....هتد، ئەمانە هەموو بەرهەمی باشی مرۆڤن و بەرهەمی مرۆڤن، لەلایەکیترەوە ژێرخانیش، بۆ نموونە: تەلارسازیە، ڕێگاوبانە، شارسازییە، هەموو ئەمانە هەر بەرهەمی مرۆڤن، ناکرێت تۆ ئەم گۆڕانکاریانە و ئەم بەرهەمانەی مرۆڤ لەبەرچاو نەگریت و هەمووی بگەڕێنیتەوە بۆ ماتەر، واتا کێشەی مەسعوود محەمەد لەگەڵ ماتریالیستەکان و مارکسییەکان ئەوەیە کە ئایە

مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەر یان مرۆڤ و ماتەر کامیان هۆکاری یەکەمە؟ کامیان کارتێکراوە؟ کامیان کاریگەرە؟ لەلای مەسعوود محەممەد مرۆڤ خاوەن ئیرادەیە، مرۆڤ کاریگەرە و ماتەر و دەوروبەر کارلێکراون.

**پرسیار**: زۆرجار ڕەخنەی ئەوە لە مەسعوود محەممەد دەگیرێت کە هیچ میتۆدێکی نووسینی نییە، تا چەند ئەم ڕەخنانە لەجێگای خۆیدان؟ زۆرجار دەبینین ڕەخنەی ئەوە لە مەسعوود محەممەد دەگیرێت کە دژە مارکس بووە تا چەند ئەمە ڕاستە؟
**وەڵام**: لە ڕاستیدا مەسعوود محەممەد دژە مارکسی نییە، ڕەخنەکانی ئەو لە ڕەخنەیەکی شەخسی و کەسەکییەوە بەرانبەر بە شیوعییەکان یان بەرانبەر بە مارکسییەکان نییە، بەڵکو ڕەخنەکانی ئەو لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە پشت بەست بە ئارگیۆمێنتی فەلسەفی ڕەخنە دەکات، دوای ئەوەی کە تێگەیشتووە لەم بنەما و ئەم تێڕوانینەی ئەوان دێت لەسەر ئەمە ڕەخنەی ئەوە دەکات، نەک ئەوەی کە لە ڕوانگەیەکی زۆر کەسەکی یان لە ڕق و کینەی کەسەکییەوە بێت، یەکێکی تر لەو ڕەخنانەی مەسعوود محەممەد لە ماتریالیستەکان یان لە مارکسییەکانی دەگرێت ئەوەیە کە لەلای مارکسیەکان یان ماتریالیستەکان زۆرجار واقع یان ڕیالیکتی یان فاکت دەخرێتە خزمەت ئایدۆلۆژیاوە، واتا زۆرجار هەوڵی ئەوە دەدرێت کە لە بری ئەوەی ئایدۆلۆژیا یان هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤ لەگەڵ واقع، لەگەڵ فاکتەکان، لەگەڵ

ریالیکتیدا بگونجێ، ئایدۆلۆژیاکان داوا دەکەن لە مرۆڤ کە مرۆڤ دەبێت خۆی لەگەڵ ئایدۆلۆژیا بگونجێنێت، هەروەها ریالیکت یان واقع و فاکتەکان لەگەڵ ئایدۆلۆژیایەکەدا بگونجێن، بۆیە زۆرجار ئەم تێڕوانینەی ئایدۆلۆجستەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم تێڕوانینە بگۆڕدرێت بۆ ئایدۆلۆژی تۆتالیتار و تێیدا مرۆڤ لە مرۆڤ بوونی خۆی بخرێت و ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی تراژیدی و جەنگ و جینۆساید، بۆیە مەسعوود محەممەد ڕەخنەکانی لەم ڕوانگەیەوە لەوەیە کە مرۆڤ بوون بۆ مرۆڤ بگەرێنێتەوە و سەروەر بوون و ئیرادە و ئازادی بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە.

**پرسیار:** ژینگەی ئەوکات هۆکاری سەرەکی نەبوو بۆ ئەوەی مەسعوود محەممەد ڕۆچێتە نێو فەلسەفەوە؟

**وەڵام:** بێگومان وەک پێشتر باسم کرد لەبەرئەوەی ململانێیەکی توندی ئایدۆلۆژی هەبووە، زۆر لەم ئایدۆلۆژیایانەش پشت بە فەلسەفە دەبەستن، بەتایبەت ماتریالیزم و مارکسیستییەکان دەگەڕێنەوە بۆ فەلسەفەی مارکس، دواتر مارکسیستییەکانی تریش وەکو لینین و ستالین، بۆیە مەسعوود محەممەد بۆ ئەوەی ڕەخنەی ئەوە بکات و وەڵامی ئەمان بداتەوە پێویستی بەوەیە بە فەلسەفەوە خەریک بێت، ڕەخنەکانی لە باکگراوندێکی فەلسەفی و لەسەر بنەمایەکی فەلسەفییەوە هەڵبهێنرێت، ئەم دۆخەی کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا و لەکۆمەڵگەی عێراقی ئەو کاتەدا هەبووە، ئەمە

وای لە مەسعوود محەممەد کردووە کە مرۆڤ بەسەنتەر بگرێت ە خودی مرۆڤ بفەلسەفێنێت، واتا مەسعوود محەممەد بۆیە بە فەلسەفەوە خەریکە، لەبەرئەوەی دەیەوێت جارێکی تر ئیرادەتمەندی و توانستی هەڵبژاردن و ئازادی بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە، بۆیە پێویستی بە فەلسەفەیە بۆ ئەوەی ئەمە بکات.

**پرسیار**: ئەم ڕەخنانەی مەسعوود محەممەد لەماتریالەکان و لە مارکسییەکانی بەتایبەت گرتووە چییە؟

**وەڵام**: یەکێک لە هەرە ڕەخنە دیارەکانی مەسعوود محەممەد لە ماتریالستەکان و مارکسییەکان دەگرێت، پەیوەندی بە تێڕوانینی ماتریالیستەکان و مارکسییەکانەوە هەیە، پەیوەندی بە مارکسیەکان و ماتریالیستەکانەوە هەیە بۆ مرۆڤ لەبەرئەوەی مەسعوود محەممەد پێیوایە کە ماتریالیستەکان و مارکسیستەکان لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دەوروبەر و مرۆڤ و سروشت و مرۆڤ و ئامرازەکانی وەبەرهێنان کە ئەوان سەروەریان داوە بەماتەر، ماتریاڵ و دەوروبەر، بەهۆیەکانی وەبەرهێنان بەرامبەر بە مرۆڤ، بەڵام مەسعوود محەممەد ڕەخنەی ئەوە دەکات کە نەخێر، مرۆڤ سەروەرە بەسەر ماتەر و بەسەر دەوروبەردا هەروەها بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەبەرئەوەی ئەمانە هەمووی بەرهەمی خودی هۆشی مرۆڤن، بەرهەمی بیرکردنەوەکانی مرۆڤن، بەرهەمی ئەو پەیوەندییە نێویەکی و ئەو پەیوەندیە هاومرۆڤییەیە کە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە.

**پرسیار**: ئەو تایبەتمەندییەی مەسعوود محەممەد لە بیرکردنەوە هەیەتی چییە؟ چۆن ئایدیاکان دەبینێ و دەخوێنێتەوە؟

**وەڵام**: مەسعوود محەممەد کەسێکی ریالیستە لەگەڵ ئەوەی کەسێکی ڤاشناڵنیستە لەگەڵ ئەوەی کەسێکی ئەقڵگەرایە یان ئاوزگەرایە، واتە کاتێک کە بۆچوونێک ئایدۆلۆژیایەک بە فاکت بە واقع دەسەلمێنرێت بۆچونێک کە هەڵەیە یان بۆچونێک کە دەسەلمێنرێت کە هەڵەیە مەسعوود محەممەد ئامادەیە کە لەم ڕوانگەیەوە لەم بۆچوونە پەشیمان بێتەوە و بەلای ئەوەوە مرۆڤ نابێت ببێت بە کۆیلەی ئەم بۆچوونە ئەم ئایدۆلۆژیایە، ئینجا ئەم ئایدۆلۆژیایە فەلسەفی بێت، سیاسی بێت، ئایینی بێت، کۆمەڵایەتی بێت، هەر شتێک بێت، بۆیە لەم ڕوانگەشەوە جارێکی تر کە دەچێت ڕەخنەی بۆ نموونە ئایدیالیستەکان دەکات لەبەرئەوەی هەندێک لە بنەماکانی فەلسەفەی ئایدیالیست، زۆرجار لەگەڵ ریالیست لەگەڵ واقعدا ناگونجێت، بۆیە مەسعوود محەممەد ڕەخنەی دەکات، مەسعوود محەممەد دەیەوێت لەسەر بنەمای تا چەند ئەو بۆچوونە لەگەڵ واقعدا لەگەڵ داکەوتدا لەگەڵ ریالێتیدا دەگونجێت و تا چەند هۆشی مرۆڤ قبوڵی دەکات، واتا تا چەند لۆژیکییە ئەم بۆچوونە.

**پرسیار**: لەگەڵ ڕەخنە گرتن لە فەلسەفەی مەتریالییەکان و مارکسیزم، ڕەخنە لە فەلسەفەی ئەڵمانییەکانیش بەتایبەتی هیگڵ دەگرێت، دەکرێ بڵێین ئەمە پەیوەیستە بەوەی کە بنەما و بناغەی فەلسەفەی مەتریالییەکان لە فەلسفەی هیگڵەوە وەرگیراوە؟

**وەڵام**: بەڵێ، دەشێت ئەمە ڕاست بێت، بەشێکی ڕەخنەکانی مەسعوود محەممەد پەیوەندی بەوەوە هەبوو بێت کە بەشێکی زۆری فەلسەفەی مارکس و مارکسیستەکان گەڕانەوەیە بۆ فەلسەفەی ئایدیالیزمی هیگڵ و بە گشتی ئایدیالیزمی ئەڵمانی، بەڵام مەسعوود محەممەد کاتێک کە ڕەخنەی مارکسیست دەکات دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانیش بۆ ئەوەی لە بنەڕەتەوە ئایدیاکانی ئەوان و بیروبۆچوونی ئەوان ڕەخنە بکات بۆ ئەوەی ئاگادار بێت، بۆچوونەکانی مەسعوود محەممەد یان ڕەخنەکانییان دژە مارکسی نییە، تەنیا ڕەخنە لەو ناگرێت مەسعوود محەممەد ڕەخنەی لە ئایدیالیستەکان هەیە، دەتوانین ڕەخنەکانی مەسعوود محەممەد تەنانەت بۆ کەپیتاڵیزم و تەنانەت بۆ سەرمایەداریش بەکاربهێنین، بۆ نموونە لە ئێستادا کە سەرمایەداری یان کەپیتاڵیزم سەروەرە بەسەر جیهاندا، بەسەر ئابوری و سیستەمی سیاسی جیهانی لەگەڵ لیبرالیزمە، ئەم سەرمایەداری یان کەپیتاڵیزمە مرۆڤی کردووە بە ئامراز بەکاری دەهێنێ، هەموو هەوڵێکی ئەوەیە کە مرۆڤ زیاتر بەرهەمبهێنێت بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو بەرهەمە بۆ خودی مرۆڤ بێت، لە کارگەکان یان لە کۆمپانیاکاندا مرۆڤ بە زۆری کراوە بە ئامراز و بەکاردەهێنرێت بۆ قازانج کردن.

**پرسیار**: مەسعوود محەممەد بە تەنیا ڕەخنە لە ماتریالییەکان و مارکسییەکان ناگرێ، بەڵکو ڕەخنە لە وجوودییەکان-بوونگەراییەکانیش دەگرێت، بەڵام زۆر کەمتر لە چاو ڕەخنەگرتنی لە مارکسییەکان، ئەمە پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟ پەیوەندی بەوەوە نییە کە لەو سەردەمەدا دەستکەوتنی زانیاری لەمەڕ ئەو ڕێچکە فەلسەفییە ئاسان نەبووە، یاخود نەبووە؟

**وەڵام**: لە ڕاستیدا هزر و فەلسەفەی مەسعوود محەممەد تاڕادەیەکی زۆر نزیکە لە هزر و بیرکرنەوەی وجوودیەکان-ئێکزێنستیالیستەکان، هەرچەندە ئەمە پەیوەندی ڕەنگە بەوەوە نەبێت کە مەسعوود محەممەد لاسای ئەوان بکاتەوە و هزر و فەلسەفەی ئەوانی وەرگرتبێت. مەسعوود محەممەد خۆی خاوەن بیرکردنەوە و فەلسەفە و هزرێکی ڕەسەنە، زۆرینەی فەلسەفاندن و هزرەکەی ئەو پەیوەستە بە کۆمەڵگەی کوردییەوە، بە کلتوری کوردییەوە، خۆشی باس لەوە دەکات کە تاڕادەیەکی کەم ئاگاداری بەرهەمەکانی بوونگەراییەکانە، زۆرینەی بەرهەمەکانی نەخوێندونەتەوە لەبەرئەوەی لەو کاتەی  مەسعوود محەممەد تێیدا ژیاوە دەستگەیشتن بەو بەرهەمانە ئاسان نەبووە، چ بەهۆی ئەوەی کە ئەو بەرهەمانە وەرنەگێڕدراون، چ وەکو ئەوەی تەکنەلۆژیا وەکو ئێستا پێشکەوتوو نەبووە، بۆ نموونە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە تۆ بتوانی ئەمانە بە دەست بخەی، کەواتە ڕەخنەکانی مەسعوود محەممەد تاڕادەیەک لەوان، من پێم وایە زیاتر دوو شێوەی لێکچوون

هەیە لە نێــوان فەلســەفەی بوونگەراکانــدا لەگەڵ مەســعوود محەممەد، بۆ نموونە بەتایبەت پەیوەست بە مرۆڤەوە کە مەسعوود محەمــمەد لەلای ئەو مــرۆڤ ئــازادە و مــرۆڤ ســەنتەرە، هەروەک دەبینین فەلسەفەی بوونگەراکانیش مرۆڤ سەنتەرە و مرۆڤ ئازادە. وەکو سارتەر دەڵێت: "مرۆڤ مەحکومە بە ئـازادی"، واتـا مـرۆڤ دەبێت ئازاد بێت، بە هەمان شێوە لەلای مەسعوود محەممەد ئەمە هەیە، هەروەها لەلایەکی تر ئیشکردن لە نێو زماندا و پەیوەندی زمان و بوون، زمان و وجود، زمان و هزر، لەلای  مەسعوود محەممەد ئەو زۆر بە شێوەیەکی ووجودیانە، بەشێوەیەکی بونیانە ئیشی لەنێو زماندا کردوە.

**پرسیار:** جیا لەمەی مەسعوود محەممەد ڕەخنە لە خودی سارتەر دەگرێ، تا چەند  توانیوویەتی سەرکەوتوو بێت لەو شتەی دەیویست و هەوڵی بۆ دەدا؟

**وەڵام:** مــەســعوود محەمــمەد لە ڕەخنەکانیــدا و لە دوربینـــی و پێشــبینیەکانیدا، لە خوێنــدنەوەکانی بــۆ کــۆمەڵگەی کــوردی، بــۆ کلتــوری کــوردی و عێراقــی، خوێنــدنەوەکانی بــۆ مارکسیستــەکان و ماتریاڵیستەکان، پێموایە تاڕادەیەکی زۆر پێکاویەتی و تاڕادەیەکی بـاش توانیـویەتی سـەرکەوتوو بێـت، لەبەرئەوەی پنتـی دەرچـوونی فەلســەفەی مەســعوود محەمــمەد و ئیشــکردن و بنــاغە داڕشــتنی فەلسـەفەکە لە مـرۆڤەوە دەردەچێت و مرۆڤـی کـردووە بە سـەنتەر،

ئـەمـەیە وایکـردووە کە تـاڕادەیەکی زۆر بـەڵـگە و ئـارگۆمێنتەکـانی و ڕەخنـەکانی و پێشبینی و دووربینیەکانـی ڕاست دەربچێت و بتوانێت بیپێکێت.

**پرسیار**: مەسعوود محەممەد بۆ ئێستا ئێمەی کۆمەڵگەی کوردی گرنگە؟ ئەگەر گرینگە بۆچی؟

**وەڵام**: مەسعوود محەممەد بۆچی بۆ ئێستای ئێمە گرنگە؟ لەبەر چەند هۆکارێک، یەکێک لەوانە من پێموایە ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردی سەرەڕای ئەوەی کە لەنێو قەیرانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژی، بەڵام پێموایە کرۆکی کێشەکان کرۆکی قەیرانەکان بریتییە لە قەیرانی یان کێشەی بیرنەکردنەوە، نەهـزرین، مەسعوود محەممەد بۆیە بۆ ئێستای ئێمە گرنگە لەبەرئەوەی فێرمان دەکات چۆن بهزرین، چۆن بیر بکەینەوە، چۆن مرۆڤ خاوەن هۆشە، ئاوەزمەندە و توانست و ئیرادەی هەیە دەتوانێت هەڵیببژێرێت، بۆیە ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئێستای ئێمە کە ئێمە بەرهەمەکانی مەسعوود محەممەد و فەلسەفە و بیرکردنەوە و هزری مەسعوود محەممەد بە نەوەی نوێ و بە کۆمەڵگەی کوردی و بە کلتوری کوردی ئاشنا بکەین، بۆ ئەوەی توانست بۆ مرۆڤی ئێمە بگەڕێتەوە، لەلایەکی تر مەسعوود محەممەد بۆیە بۆ ئێستای ئێمە گرنگە لەبەرئەوەی ئێمە ئێستا لەنێو پرۆسەیەکی نامرۆڤاندن و لە مرۆڤ خستنی مرۆڤی کوردیدا دەژین، هەم مرۆڤی کورد یان کورد وەکو بوون پێموایە بوونێکی داگیرکراوی هەیە، بوونێکی هەیە،

مرۆڤی کورد بەگشتی بوونی خۆی لەبیرچۆتەوە، مەسعوود محەمەد بۆیە گرنگە بۆ ئەوەی ئێمە جارێکی تر ئەو بوونە لە بیرکراوەی خۆمان بێدار بکەینەوە وەبیرمان بێتەوە و ئەو بوونە داگیرکراوەمان بگۆڕین بۆ بوونێکی سەربەخۆ، کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ جارێکی تر بچێتەوە نێو مێژوو و بێتەوە نێو جیهان، لەبیرمان نەچێت مەسعوود محەمەد پێیوایە کە کورد لە دەرەوەی مێژوودا دەژی و لە دەرەوەی جیهاندایە، بۆ ئەوەی کورد بێتەوە نێو جیهان بێتەوە نێو مێژوو، ئێمە پێویستمان بە هزر و فەلسەفەی مەسعوود محەمەد و کەسانی وەک مەسعوود محەمەد هەیە، پێویستمان بەوەیە کە ئێمە جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ کلتوری کوردی، بۆ هزری کوردی، بۆ ئەدەب و هونەری کوردی و ...هتد، ئەفسانە و فەلەکناسی و ئایینە کوردییەکان بۆ ئەوەی لەوێوە مرۆڤی کورد جارێکی تر ئاشنا کەینەوە بە خۆی، کە مرۆڤی کورد مێژووی خۆی، شوناسی خۆی، کلتوری خۆی لەیاد کردوە، بۆ ئەوەی ئەمە بێتەوە یادی ئەم بوونە داگیر کراوەی، ئەم بوونە لەبیرکراوەی لەلای مرۆڤی کورد بێدار ببێتەوە، مرۆڤی کورد جارێک یتر تایبەتمەندی بۆ بگەڕێتەوە کە تێکشکێنراوە، بێ ئیرادە کراوە، بۆ ئەوەی کەسێتی کورد جارێکی تر ئەم کەسێتیە تێکشکێنراوەی لەسەر بنەمای کەسێتیەکی ئازاد بنیات بنێتەوە، هەروەها لەلایەکی ترەوە مەسعوود محەمەد بۆ ئێستای ئێمە گرنگە لەڕووی زمانەوانییەوە، لەبەرئەوەی ئێستا بەهۆی سۆشیاڵ میدیا و ڕاگەیاندنەکان و بەهۆی زۆربوونی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنییەکان زمانی کوردی تاڕادەیەکی زۆر شێوێنراوە،

زمانی کوردی پڕبووە لە هەڵەی زمانەوانی و ڕێزمانی و زاراوەسازی، مەسعوود محەممەد زۆر گرنگە ئێمە بۆی بگەڕێینەوە بۆ ئێستای ئێمە، بۆ ئەوەی ئەم زمانە کوردییە ڕەسەنە جارێکی تر بگەڕێتەوە.

**پرسیار:** ئەگەر بەیەک وشە باسی مەسعوود محەممەد بکەی چی دەڵێیت؟

**وەڵام:** دەڵێم: مەسعوود محەممەد فەیلەسووف و بیرمەند و ڕەخنەگرێکی کورد بوو.

## پوختەی ژیاننامەی نەبەز سەمەد

نەبەز سەمەد، نووسەر، وەرگێڕ و مامۆستا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان/ زانکۆی سلێمانی. ساڵی ١٩٨٨ لە کۆیە لە دایک بووە. ساڵی ٢٠١٥ لە زانکۆی مانچێستەر/ بەریتانیا ماستەری لە ئێتیک و فەلسەفەی سیاسی بەدەستهێناوە. ٢٠١١ بەکالۆریۆسی لە فەلسەفە لە زانکۆی کۆیە بەدەستهێناوە. تاکو ئێستا دوو کتێبی وەرگێڕدراوەی بڵاوبۆتەوە:

- برادراتان، کۆستیکا (٢٠٢٠) مردن لەپێناو ئایدیاکاندا: ژیانی پڕ مەترسی فەیلەسوفان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە نەبەز سەمەد، وەشانی نووسیار، سلێمانی.

- برامبوش، ئانتوون ڤان دێن (٢٠١٨) هزراندنی هونەر: ڕێبەرییەک بۆ فەلسەفەی هونەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە نەبەز سەمەد، هیوا فاوندەیشن، سلێمانی.

هەروەها چەندین وتار و توێژینەوەی نووسیوە و وەرگێڕاوە کە لە گۆڤار، ڕۆژنامە و ماڵپەرەکان بڵاوکراونەتەوە. پێشتر لە گۆڤاری کۆنسێپت وەک دەستەی نووسەران، لە گۆڤاری کولتوور مەگەزین وەک ئیدیتۆریال بۆرد ئیشی کردووە.

# دیداری د. نەوزاد جەمال

**پرسیار**: مەسعوود محەممەد لە بەشێکی نووسینەکانیدا ڕەخنەی لە مارکس گرتووە، لەبەرانبەر ئەمەدا چەند ڕەخنەیەك ئاراستەی مەسعوود محەممەد کراوە، ئەم ڕەخنانە چین؟ تا چەند قبوڵن؟ مەسعوود محەممەد لە چوارچێوە فەلسەفییەکەی تا چەند سەرکەوتوو بووە؟ کە ڕەخنەی لە مارکسییەکان و فەلسەفەی ماتریالی گرتووە؟

**وەڵام**: بەڕاستی ئەوە یەکێکە لەو خاڵانەی کە بۆ مەسعوود محەممەد بە دەستکەوت تۆماردەکرێ، کەسێک بووە توانیویەتی مشتومڕ و وتووێژی ڕەخنەیی دروست بکا، لەگەڵ ڕکابەرەکانی خۆی کە بیری چەپ بوون، ئەو بەحساب جۆرێک لە بیرێکی نەتەوەیی هەبووە، یاخود کۆنسێرڤاتیڤ بێت، لەوێدا مەسعوود محەممەد ئەوەی پێدەبڕێت کە توانیویەتی و دەستپێشخەر بووە لەو ڕەخنانەدا، چونکە خۆت دەزانی هەژموونی چەپ من نالێم فەلسەفەی مارکسیزم، من دەڵێم ئایدۆلۆژیای مارکسیزم، چونکە لەوانەیە بە بۆچوونی خۆم و بە تێگەیشتنی خۆم، ئەوەی خوێندومەتەوە لە کۆمەڵێک کتێب، مارکسیزم بە فەلسەفە دانانێم، بە ئایدۆلۆژیای دادەنێم، ئایدۆلۆژیا کە لەسەر ئەوەی بنەمایەکی تیۆری هەیە، ڕاستە بنەمایەک هەیە تیۆری ماتریالیزمی دیالیکتیکی هەیە بۆ شرۆڤەکردنی مێژووی جیهان و گۆڕینی جیهان کە ئەمە لە فەلسەفە دەردەچێت. ئەمەش خاڵێکە کە زۆر لە بیرمەندە چەپەکانیش ئیشی لەسەر دەکەن، یەکێک لەوانە (جۆرج

لابیکـــا )یە، کە مارکســـیزم و مـــارکس هەر دابرانێکـــی تەواوە لە فەلسـەفە، کەواتە بـا وشـەی فەلسـەفە و سـیفەتی فەلسـەفەش نەدەینـە پـاڵ ئەوان، بەڵام مەسـعوود محەممـەد لەمەدا دەسـتێکی بـاڵای هەبـووە کە هەنـدێک تێکسـتی خوێنـدۆتەوە دڵنیـام لە ڕەخنەکانیـدا لەسـەر مارکسـیزم و لەسـەر ڕۆشـنبیری چەپ کە هەیبووە، من پێم وایە، ناتوانم بڕگە بڕگەی بەراورد بکەم بەڵام تەئسیری (ریمۆن ئارن) و نوسەرێکی تر هەیە کە باسی کۆمەڵگای تەبەقی تازە دەکا تەبەقە جدیدە ناوەکەیم لەبیر نەماوە ئێستا، هەست دەکەم مەسعوود محەممەد لە ساڵی حەفتا و هەشتاکاندا خوێنـدویەتییەوە و ئاگاداریش بووە، چونکە مەسعوود محەممـەد خوێنەرێکی باشیش بووە.

**پرسـیار:** مەسـعوود محەممـەد خـۆی ئامـاژەی بەوە کـردووە کە شارەزایەکی باشی لە سارتەر و فەلسەفەی بونگەرایەکاندا نییە، بەڵام دێ و دەیخاتە ژێر ڕەخنەوە بۆ نموونە: مەسەللەی فرۆشتنی ڕۆژنامە، باسی ئەوە دەکات و دەڵێت لەئێستادا سارتەر خەریکی ڕۆژنامەی چینیەکانە، جۆرێک لە جۆرەکان ئەمە دێنێت و وەکو ڕەخنە لێیدەگرێت، لە کاتێکدا دەشێت ئەم ڕەخنەیە زۆر ناواخنی نەبێت؟

**وەڵام:** ئەڵبەت وەکو وتم ئیحتیمالە لە ژێر کاریگەری ئەو ڕیمۆن ئارۆندا بێت کە بیرمەند و کۆمەڵناسێکی فەرەنسیە، ڕەخنەی زۆری

لە ڕۆشنبیرە چەپەکانی سەردەمی خۆی گرتووە، لەوانە مارکس و سیمۆنۆ دیڤوار و ئەوانەی تر کە هاتوون، لەژێر ئەو ئایدۆلۆژیایە دابوون ڕەنگە لەژێر کاریگەری ئەو دابووبێت، نووسەری تریشمان هەیە بۆ نموونە وڵاتێکی تری نەبینیووە و فەیلەسووفەکانی تری نەناسیووە، کەچی لەخۆیەوە لە ڕۆژنامەیەکدا یان لە گۆڤارێکدا وتارێکی خوێندۆتەوە و لەسەر بنەمای ئەوە دەست دەکات بە داوەری کردن و ڕەخنە گرتن، ئەڵبەت ئەمە وەکو گوتمان لەڕووی ئەکادیمییەوە شتێکی ڕەوا نییە، بەڵام ئەمە وەکو مافێکی ئازادی خۆیەتی و وەکو نووسەرێک، توانیویەتی ڕەخنە لە سارتەر بگرێت و لە هەمان کاتدا نەشیخوێندۆتەوە. ڕەنگە ڕەخنەکەی لە سەر هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی سارتەر بووبێت، نەک ناواخنی کتێبەکانی خۆی ، وەک بوون و نەبوون، بوون و هیچ، یاخود کتێبەکانی تر کە نووسیویەتی یان ڕۆمانەکانی.

**پرسیار**: زۆرجار دەوترێت مەسعوود محەممەد فەیلەسووفە یاخود بە فەیلەسووف ناوی دەهێنرێت، تا چەند گونجاو و قبوڵە ئەم چەمکە بۆ مەسعوود محەممەد بەکاربهێنرێت؟ یان بنەما و پێوەرەکانی فەیلەسووف بوون چییە؟ ئینجا مەسعوود محەممەد چی لەمانە تێدابووە؟

**وەڵام**: کۆمەڵێک وەڵامی جیاواز هەیە، بەڕاستی من هەر لەپرسیارەکە کێشەم هەیە خودی پرسیارەکە، هەست دەکەم

نـــاڕەوایی و نـــاحەقییە بەرانـــبەر خـــودی مەســـعوود محەممـــەد و بەرانـــبەر بە فەلســـەفە. یەکەم لەبەرئەوەی تـــۆ چـــاوەڕوانییەکی گەورە و زەحـــمەت دەخەیـــتە ســـەر مەســـعوود محەممـــەد وەک فەیلەســـووفێک دەیناســـێنی و پێناســـەی دەکەیـــت، بەڵام کاتێـــک بەرهەمەکـــــانی دەخـــــوێنیتەوە ئەو بەرهەمە و ئەو ئاســـــتە فەلســـەفییەی نییـــە، ئەوەی لە ناوەنـدە فەلســـەفیەکاندا تـا ئێستا هەبـووە و ئەو تێکسـتانەی لەبـواری فەلســـەفەدا بەرهەم هێنـراوە هەست دەکەی ناچێتە ناو ئەو خانانەوە، ڕاستە لە دەرگای هەندێک بابەتی داوە و هەنـدێک پرسیاری وروژانـدوە، بەڵام ئەمانە ناکرێت بـــوبێتە فەلســـەفە دەتـــوانین بڵێـــین ئەوە فەلســـەفاندنی پـــرس و بابەتەکانـی کۆمەڵگەی کوردەواری بووە، ئەدەبیاتە، زمانە، مێـژووە، نەتەوەیە، خەریکی فەلسەفاندن بووە، بەڵام وەکو فەلسەفە نەخێـر، چونکە تۆ ناتوانی بڵێی کەسێک شاعیرە و دیوانی شیعری نییە، یان ڕۆماننووسە و ڕۆمانێکی نەبێت، کە یەکێکیش دەڵێین فەیلەسووفە، کەواتە بەڵگەت چییە لەسەر فەیلەسووف بوونەکەی؟ ئەوەیە کە بەرهەمێکی فەلسەفی ئەوەی کە باوە لە نێو ناوەندە فەلسەفیەکان و ئەکادیمی و فەیلەسووفەکاندا کۆمەڵێک بابەت و پرس هەیە لەنێو فەیلەسووفەکاندا لەمێـژە و لە یۆنانەوە تا ئێستا ئیشی لەسەر دەکرێت و قسەی لەسەر دەکرێت، تۆ ناکرێت بڵێی دیکارت و هیگڵ و یان کانت فەیلەسوف نییە، چونکە ئەو بابەت و بەرهەمانەی ئەوان ئیشیان لەســەر کـردووە بـابەت و پرسـیاری فەلســەفین، بەڵام بـۆ

مەسعوود محەممەد دەتوانین بڵێین فەلسەفاندنی هەبووە، بەڵی فەلسەفاندنی هەبووە و هەوڵی فەلسەفاندنی داوە، هەر لەو فەلسەفاندنەشەوە جاری وایە ئاڵۆزی و سەختی و قورسی و ناحاڵی بوونی خستۆتەوە بەراستی. سەبارەت بەوەش کە بڵێین بنەماکانی فەیلەسووف بوون چین؟ وەکو وتم یەکێک لەوانە تۆ دەبێت بەرهەمت هەبێت پێناسەیەکی کۆنیش هەیە دەوترێت کە ئەوانەی خۆشەویستی دانای ئەوانەی کە خۆشەویستیان هەیە بۆ دانای، بەڵام هێشتا ئەمە لە پایە و پێگەی مەسعوود محەممەد کەم ناکاتەوە کاتێک کە تۆ بڵێیت ئەو فەیلەسووف نییە، بەوەش زیاد ناکات کەتۆ بڵێت مەسعوود محەممەد فەیلەسووفە یانی ئەوە پەتایەکە، دەردێکە توشی ڕۆشنبیر و خوێنەری ئێمە بووە، چەند ساڵێکە من دەیبیستم ئایە کورد فەیلەسووفی هەیە؟ یا نییەتی؟ بۆ نییەتی؟ بۆ دواکەوتووە لەو ڕەوتە فەلسەفییە؟ ئێمە بەدوای یەکێک دەگەرێن خێرا بیکەین بە فەیلەسووف وەکو چۆن دەڵێین جاران هەوڵێک هەبوو لەبیری نەتەوەیی کوردیدا پێغەمبەرەکان دەکران بە کورد، ئێستاش دەمانەوێت نووسەرەکانی خۆمان ئەوانەی نووسەرن بیانکەین بە فەیلەسووف، بەڵام وەک وتم ئەبێت خاوەنی تێز و بۆچوون و سیستەمێکی فەلسەفی خۆی بێت و لە بەرهەمەکەیدا ڕەنگی دابێتەوە، ئەو بابەتەش ئەو بابەتە بێت کە لە بواری فەلسەفەدا دەخوێندرێت، بەڵام مەسعوود محەممەد فەلسەفاندنی هەبووە ئەمەش هیچ لەپێگەی ئەو کەم ناکاتەوە.

مەسعوود محەممەد دەڵێت من حەوت ساڵ خەریکی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی خۆی بووە وەکو وتم مەسعوود محەممەد خەریکی فەلسەفاندن بووە و کۆمەڵێک پرسیار لە مێشکیدا هەبووە، سەبارەت بە مرۆڤی کورد سەبارەت بە چارەنووسی مرۆڤی کورد، داهاتوی خۆی، کێشەکانی مرۆڤی کورد، ئەمانە بیری لێکردۆتەوە، بۆ نموونە: لەڕووی ئابورییەوە، لەڕووی قانونییەوە، لەڕووی سیاسییەوە، لەڕووی ئەدەبی و فەرهەنگییەوە، ئەمانە هەمووی بیری لێکردۆتەوە، بەڵام وەکو وتم مەسعوود محەممەد دەرچووی کۆلێژی حقوقە، کەوایە شتێکی وای خوێندوە ئەمە یەک، دووەم، کاتێک کە تۆ دەڵێی ئەگەر مەسعوود محەممەد چاوەڕێی لێبکەی فەیلەسووف بێت و پەیامەکانی فەلسەفی بێت، کۆمەڵێک ڕێچکە و ڕێباز هەیە لە نووسینی فەلسەفیدا کە ئەو ئەمایانی نییە.

**پرسیار:** دەستەیەك سێ بەرگی مرۆڤ و دەوروبەری مەسعوود محەممەد بەشاکارێکی فەلسەفی ناوبراو دادەنێن و هەندێک لە نووسەرانیش قسەیان لەسەرئەوە کردووە کە دەکرێت ئەمە وەکو بەرهەمێکی فەلسەفی گرنگی مەسعوود محەممەد چاوی لێبکرێت، ئەمە لە چ سۆنگەیەکەوە؟

**وەڵام:** فەلسەفە بەچ مانایەک؟ دەبێت ئێمە بزانین وشەی فەلسەفە لێرەدا بۆ چ بەکاردێنین، زۆر جار ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمان لە نێو کورددا تەنانەت من لە ئێستا خەریکی دکتۆر مستەفا زەڵمیم

ئەویش وشەی فەلسەفی بەکارهێناوە، بەڵام وشەی فەلسەفە بە مانایەک بەکارهێنراوە کە هیچ پەیوەندی بە خودی فەلسەفەوە نییە، بەڵکو وەکو سیفەت و پێشگرێک بۆ کۆمەڵێک شتی تر، وەکو بە یەکێک بڵێی فەلسەفەی ڕۆیشتن، فەلسەفەی دانیشتن، فەلسەفەی قسەکردن، ئەمانە سیفەتن، ئەتەکێتن، ئاکارن، ناگەڕێتەوە بۆ خودی فەلسەفە. فەلسەفە، وەکو چالاکیەکی هزری بالا بەرزترین ئاستی بیرکردنەوەیە، کە زۆر پەتییە، واتا موجەردە، ئەبسترکتە، لە کۆمەڵێک بابەت و پرسیاری سەرەکی دەکۆڵێتەوە، بەڵام مرۆڤ و دەوروبەر، بەڵێ پرسیاری فەلسەفی تێدایە بەمانای بوونەوەی مرۆڤ، وانییە؟ مرۆڤ و دەوروبەر لەسەر پەیوەندی مرۆڤ و دەوروبەر، ئەو پەیوەندییە دیالێکتیە چییە؟ ئیشی لەسەر کردووە لەمانەدا، بەڵام ئەمە لەلایەک، خاڵێکی تر ئەوانە کێن کە دەڵێن مەسەلەن ئەو بەرهەمەی مەسعوود محەممەد بەرهەمێکی فەلسەفییە؟ ئەوانە کەسانێک نیین لە بواری فەلسەفەدا قوڵبووبێتنەوە، چونکە ئەگەر تۆ شارەزابیت و لە فەلسەفە قوڵبووبێتییەوە و لە فەلسەفە بزانیت و بزانی تێزە فەلسەفییەکان چین، بەرهەمە فەلسەفییەکان چین، فەیلەسووفەکان کێن، ئەمەت بۆ ڕووندەبێتەوە و لەوەدا حاڵی دەبیت و تێدەگەی کێ بە فەیلەسووف دادەنێیت. مەسعوود محەممەد بیرکەرەوەیەکی باشە، خاوەنی کۆمەڵێک پرسیار بووە، کۆمەڵێک ڕەخنەی وروژاندووە، کۆمەڵێک بابەتی زوو هەست پێکردووە و درکی پێکردوە، قسەی لەسەر کردووە ئەمانە گرنگن.

**پرسیار:** مەسعوود محەمەد بیرکەرەوەیە؟ یان بیرمەندە؟

**وەڵام:** بیرمەند.. نازانم بڵێم وشەیەکی سەخت و قورسە، نازانم ئایە ئەو خۆی وەکو بیرمەند پیشان دەدات یان نا؟ بەڵام نووسەرێکی بیر چاکە بەراستی! ئەوەی من هەستم پێکردووە لە خوێندنەوە و نوسینەکانیدا درکی پێدەکەم و لێی حاڵیبم بیرکەرەوەیەکی باشە، لە زماندا بیردەکاتەوە، لە ئەدەبدا بیردەکاتەوە، لە مێژوودا بیر دەکاتەوە، هەوڵی بیرکردنەوەیەکی تەواوی هەیە لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک پرسیاری هەبووە، بەڵام هەندێک شتیش هەیە بە ناتەواوی و نیوەچڵی بەجێیهێشتووە و تەواوی نەکردووە، یاخود سەرنەپرژاوە، یاخود لەبەرئەوەی فرە ڕەهەند بووە، یان شتێکیتر لە مەسعوود محەممەددا هەیە، یاخود ئەگەر ئێمە نەڵێین فەیلەسووفە، دەتوانین بڵێین کەسێتی مەسعوود محەممەد فرە ڕەهەندە، فرە کەسێتییە، واتا دەتوانین وەکو ڕەخنەگرێکی شیعری و ئەدەبی سەیری بکەین، وەکو مێژوو سەیری بکەین، وەکو لایەنی نەتەوەیی و وەکو ڕەخنەگرێک لە بواری مارکسیزم و چەپ، کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاواز دەتوانی سەیری بکەی، کە تۆ مەسعوود محەممەد دەڵێی فەیلەسووف نییە مانای ئەوە نییە کەسێتی ئەو دەوڵەمەند نییە، نا. ئەو کۆمەڵێک کەسێتی ڕۆشنبیری خۆی هەیە لە کۆمەڵک ئاستی جیاجیادا.

**پرسیار:** مەسعوود محەمەد دەڵێ ئەوەی دەینووسم بەرهەمی بیروهزری خۆمە دەکرێ لە خوێندنەوەی کتێبدا زانیاری وەربگرم و لە مێشکی خۆمیدا هەڵدەگرم تا ئەو کاتەی پێویست دەکات لێکدانەوەی بۆ دەکەم و دەینووسم؟

**وەڵام**: تۆ دەبێت هەر سەرچاوەیەک هەر قسەیەک کە ڕاپەگوێزی دەبێت دەری بخەی کە ئەمە بۆچوونی خۆتە، یاخود وەرتگرتووە؟ ئەو بابەتانەی ئەویش کە هەندێکی باسکردوە پێشتر باس کراوە، بۆ نموونە: ڕیمۆن ئارۆن کۆمەڵناسێکی فەرەنسی بوو لە ساڵانی شەست و حەفتاکاندا کتێبێکی گەورەی هەبووە، ڕەخنەیەکی توندی تێدابووە سەبارەت بە ڕۆشنبیرانی چەپ، ئەگەر ئەو کتێبە بخوێنیتەوە کە بە زمانی عەرەبی هەیە هەست دەکەیت مەسعوود محەممەد لەو بۆچوونانە نزیکە، یاخود مەسعوود محەممەد لە هەندێک بۆچوونی عەلی وەردی نزیک بووە، وەکو ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی کە بیری کردبێتەوە و پرسیار بکاتە سەر هەندێک جومگە و کێشەی مرۆڤی کورد، ئەمانە خوێندنەوەی بۆ کردووە و ئاگاداری هەبووە، بەڵام ئاماژەی پێنەداوە، یان لەبیری چووە یاخود نەبونێکی پەڕبووتی لەمیتۆدا یان لە نووسیندا سەرچاوەکانی خۆی لەبیر چۆتەوە. خاڵێکی تر، وابزانم هەر لە ژیاننامەی خۆیدا ئاماژەی پێداوە، کە شت دەخوێنێتەوە وەکو چۆن ئیسفەنجێک ئاو هەڵدەمژێت، خۆ ناڵێت ئیسفەنج، ئەو دەڵێت هەموو شتێک کە دەخوێنمەوە لە سەرچاوەکانەوە هەڵیدێنجم و دەیخەمە مێشکمەوە، دوای ئەوە دایدەڕێژمەوە بە بۆچوون و تێگەیشتنی خۆی. پرسیارەکە ئەوەیە، تاچەند ئەو بۆچوون و تێزانە ڕەسەنن یان هی خودی مەسعوود محەممەدن، یاخود هی خەڵکانی پێشترن و ئەو گوتویەتییەوە، یاخود شتی زیادەی خستونەتە سەر؟ بەڵام بەهەموو بارێکدا ئەو ڕەخنە و وتووێژانەی کە لە ئایدۆلۆژیای مارکسیزم و

چەپ گیراوە کە هەژموونی بەسەر ڕۆشنبیری کوردی و بەسەر بزافی سیاسی کوردیدا هەبووە و ئەو کێشە و گرفتانەی کە هەبووە ئەمە بابەتێکی گرنگە، بۆ نموونە: عەبدولرەحمان زەبیحی، ئەوەی کۆسمۆپۆلۆتیزم و ڕەتدانەوەی کۆستمۆلیزم لە سالانی شەستەکان یاخود پەنجایەکاندا نامیلکەیەکی نووسیوە بە زمانی عەرەبی لە سوریا چاپ کراوە، ئەمەش یەکێکە لەو سەردەمانەی ئەو پێش مەسعوود محەممەد کەوتووە لەمەدا، دڵنیام مەسعوود محەممەد ئەو کتێبەی خوێندۆتەوە و بینیویەتی، بەڵام تا چەند سوودی لە بەکارهێنانی هێناوە نازانم، بەڵام ئەگەر تۆ بتەوێت سەرچاوەکان دەدۆزیتەوە لە ڕێگای بەراورد کردنەوە.

**پرسیار**: واتە مەسعوود محەممەد هەندێک ئایدیای وەرگرتوە ئینجا بە بۆچوونی خۆی دایڕشتووە و نووسیویەتی؟
**وەڵام**: وەریگرتووە و دایڕشتۆتەوە، بەبۆچوونی خۆی لێکیداوەتەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنییە قسەی خۆی نەبووبێت یان شتی خۆی نەبووبێت.

**پرسیار**: بەڵام ئەو بابەتانەی مەسعوود محەممەد نووسیویەتی و قسەی لەبارەیانەوە کردووە، بەرلەئەو کەمتر باسی لێوەکراوە و خراوەتەڕوو، ئەڵبەتە ئەو سەردەمە نووسەر و نووسین کەم بووە؟
**وەڵام**: سەردەمانی مەسعوود محەممەد کە شتیان نوسیووە، قەڵەمی کوردی و نووسەری کوردی کەم بوون، زۆر نەبوون کە لەم بوارانەدا

کار بکەن، یانی ڕەنگە هەندێک نووسەری پێش مەسعوود محەممەد لەوانە: محەرەم محەممەدئەمین، شاکر فەتاح و هەندێک نووسەری تر هەبوون لەپێش ئەودا لە هەندێک بابەتی فکریان داوە و کاریان لەسەر کردووە، مەسعوود محەممەدیش هەر لەسەر ئەو نەریتەیە یان لەسەر ئەو ڕۆشنبیرییە گشتییە کە پێیوایە مادام تۆ خەمی کورد دەخۆی و کێشەکانی کوردیش فرە ڕەهەندن، دەبێت لە کۆمەڵێک دەرگای جیاواز بدەی، دەبێت لەسەر زمان و لەسەر ئەدەب و لەسەر سیاسەت و لەسەر قانون و لەسەر زانست کار بکەی، بەڵام تا چەند توانای بەسەردا شکاوە؟ تا چەند مافی هەموو ئەو بابەتانەی داوە؟ ئەمەش پرسیارێکی ترە.

**پرسیار:** ئەو ڕەخنانەی کە بەهۆی نووسینەکانییەوە ئاراستەی مەسعوود محەممەد دەکرێن چین؟

**وەڵام:** ئەوە زۆر پرسیارێکی گونجاو و جوانە، کە ئێمە هەڵسەنگاندن بۆ نووسەرەکانی خۆمان بکەین، لە گۆشەنیگایەکی بابەتی و ئەکادیمی و زانستییەوە، یەکێک لە پێوەرە بابەتی و زانستییەکان ئەوەیە کە هەرکەسێک لەبوارێکدا توێژینەوە و نوسین دەکات، پێویستە میتۆد واتا ڕێبازێکی هەبێت بۆ توێژینەوە ئەو ڕێبازەش واتا چۆنیەتی ڕێکخستنی نووسینەکەی و دابەشکردنی بیروڕای خۆی و ئەنجام گیری و بە چ هەنگاو و قۆناغێک تێدەپەرێت، ئەگەر تۆ سەیری بەرهەمەکانی مەسعوود محەممەد بکەی کە من دووجار

زیاتر خوێندومەتەوە و شەن و کەوم کردووە و لێکدانەوەم بۆ کردووە، هەست دەکەی تێکەڵی و پێکەڵییەک و بێ سەروبەرییەکی تێدایە لە ڕووی نووسینەوە، زۆرجار شتێک بەجێدەهێڵێت و تەواوی ناکات دەگەڕێتەوە سەری و هەست دەکات تێر بووە و هێشتان ماویەتی ئەو بابەتە ئەمە هەمووی دەلالەت و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو ڕێباز و میتۆدێکی نەبووە، هەرکاتێک ئەو ئێنگێزەیەی بۆ نووسین بۆی هاتووە نووسیویەتی، بەڵام دواجار نەیتوانیووە لەمەسەلەی پاکۆکاری و پاڵفتەکردن بە ڕێگەی میتۆدەوە ئەو شێوازە بنووسێت، نووسینەکانی دووبارە بوونەوەی تێدایە، هەندێک شوێن هەیە بێزارکەرە و لەهەندێک شوێن درێژە پێدانێکی بێ سوودە، مەسەلەن وشە زۆر بەکارهێنراوە، ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەرئەوەی ئەو میتۆدێکی نەبووە بۆ نووسین.

**پرسیار:** هەندێك جار ڕەخنە لە مەسعوود محەممەد دەگیرێ، کە ئەو چەمک و وشانەی مەسعوود محەممەد لە سەردەمی خۆیدا بەکاری هێناوە سەخت و ئاسان نەبووە، بەڵکو وشە و چەمکی قورس و زەحمەتی بەکارهێناوە، لەبەرانبەردا دەستەیەکی دیکە دەڵێن: ئەو سەردەمەی مەسعوود محەممەد نووسیویەتی هەر ئەو چەمك و وشانە باو بوون و کوردی بوونە، وەکو ئێستا چەمك و وشەکان هێندە سادە و ڕەوان نەبوونە، لەمبارەیەوە چ دەڵێی؟

**وەڵام**: زۆر ڕاستە، بێگومان ئەگەر لە ڕەهەندی زمانەوانی مەسعوود محەممەد بکۆڵیتەوە، دەبینی ئەو کەسێکە زمانی کوردی باش زانیوە و زۆر قوڵبۆتەوە لە مەسەلەی زمان و لێکدانەوەی زمان و ناسنامەی زمان و ڕەگ و ڕیشەی زمانی کوردی و دیالێکتەکان و چۆنیەتی بەکارهێنان و ساین تێکس و ئەم شتانە، مەسعوود محەممەد کتێبێکی هەیە زاراوەسازی و پێوانە کتێبێکی جوانە لەو بوارە، ئەو زمانزانێکە یانی ئەمەش ڕەهەندێکی تری مەسعوود محەممەدە، کەسێکە نووسەرێکە لە بارەی زمانەوە ئیش دەکات، بەڵام لەوێدا هەست دەکەیت بە قوڵییەکی قورس و زەحمەت پەیامەکەی خۆی ناگەیەنێ ئەوە کێشەکەیە بەراستی.

**پرسیار**: کەواتە مەسعوود محەممەدیش لەم چوارچێوەیەدایە کە پێی وابووە ئەگەر ئەم وشە ڕەق و ناخۆشانە بەکاربێنێت خۆجیاکردنەوەیە لەڕووی ئاستی مەعریفە لەگەڵ چینی گشتی؟

**وەڵام**: یەکێک لە شتەکان ئەوەیە هەر خۆجیاکردنەوە لە چینی خەڵکی گشتی و ئاسایی نەبووە، بەڵکو خۆجیاکردنەوەشە لە نووسەرەکانی تر، ئەو ویستویەتی ستایلێک بۆ نووسینەکانی خۆی دەستنیشان بکات، جا ئەو ستایلەشی هەڵبژاردووە کە نووسینەکانی وشکن، ڕەقن، ئاڵۆسکاون. من لە کتێبەکەی خۆشم (دید و جیهانبینی مەسعود محەمەد لەبەر ڕۆشنایی بەرهەمەکانیدا - توێژینەوەیەکی شرۆڤەیی) باسم کردووە بۆ نموونە: نەبونی میتۆد، بەڕاستی تۆ

دەکرێت نوسینەکانت قوڵ بێت، بەبێ ئەوەی زمانێکی قورس بەکاربهێنی و وابکەی بە ئاسانی لێت حاڵی بن بە تەواوەتی، یان خەڵک ماندوو نەکەی خوێنەر ماندوو نەکەی بە خوێندنەوەی دەقەکانی خۆت، بەڵام لە هەندێک دەقدا سەیر دەکەی مەسعوود محەممەد زۆر ماندووت دەکات، وەڕزت دەکات و شتەکان نادات بە دەستتەوە، ئەمانە پەیوەندی بەوەوە هەیە: بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی میتۆد، بەڵام ئەو ویستویەتی خۆی جیابکاتەوە لە نووسەرەکانی تر و لە خوێنەرەکانی تر، ئەو دەیویست ئەو ئاستە قوڵەی خۆی نیشان بدات، لە ڕێگەی ئەو زمانەوە قوڵی و جیاوازی خۆی و دروستکردنی ناسنامەیەک وەکو مەسعوود محەممەد کە جیای بکاتەوە لە نووسەرەکاتی تر دەستنیشان بکات بۆ خۆی.

**پرسیار**: گرفتی نووسینەکانی مەسعوود محەممەدا چییە؟ چ شتێکی کەمە؟ یاخود چی تێدا نییە؟

**وەڵام**: کۆمەڵێک سەرچاوە، وەکو وتم کە دەبێت تۆ دەری بخەی، بۆ نموونە، هەر فەیلەسووفێک کە قسەیەک دەکات لەسەر بابەتێک ئەوانەی پێش خۆی دەزانێت کە مێژووی فەلسەفە قسەی لەسەر کردووە، ئەو چۆن بە جیاوازتر قسەی دەخاتە سەر و دیارە شتەکان هەمووی دەناسرێتەوە یانی ئەوەی کە لە بواری فەلسەفەدا خوێنەری باش بێت، یان فەلسەفەزانێکی باش بێت، یان پسپۆر بێت ئەوە دەناسێتەوە کە بۆ نموونە ئەم بابەتە بابەتێکی فەلسەفییە و

خەڵکی تر قسەی لەسەر کردووە، ئەم چۆن قسەی لەسەر دەکات، نموونە دیکارت قسەی لەسەر شتێک کردووە و ئەفلاتونیش قسەی لەسەر کردووە، بەلام دیکارت ئەفلاتون نییە.

**پرسیار:** دەکرێ بڵێین: نووسینەکانی مەسعوود محەممەد بەو زمانە زەحمەت و ڕەقئاساییە بۆ تەواوی خوێنەران نەبووە، بەڵکو بۆ بەشێك و دەستەبژێرێکی کۆمەڵگە بووە؟
**وەلام:** بەڵێ، مەسعوود محەممەد لە گۆشەنیگای خۆیەوە نووسینەکانی خۆی بۆ کەسانێکی بژاردە واتا بۆ نوخبە نووسیوە، کە ئاستێکی ڕۆشنبیری و ڕوناکبیرییان بەرزە، بۆ ئەوانەی نوسیوە و بۆ خەڵکی گشتی نەنووسیوە.

**پرسیار:** تا چەند مەسعوود محەممەد توانیوویەتی سەرکەوتووبێت لە نووسین لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە؟
**وەلام:** وەکو وتمان، بەڕاستی ئێمە ناتوانین مەسعوود محەممەد لەیەک گۆشەنیگاوە بخوێنینەوە، تۆ دەبێت باسی ئەوە بکەیت بەنموونە لە بواری ئەدەب و زماندا، ئەوە دەبێت زمانزان و ئەدەب ناسەکان پێمان بڵێن، ئایە ئەو تێز و تێگەیشتنانەی ئەو کە هەیبووە بۆ ئەدەب و بۆ زمان و بۆ شیعر، تا چەند تەواو و دروستە بەتەواوی؟ من ناتوانم هەڵسەنگاندنی بۆ بکەم من لێرە دانەنیشتووم دادگایەک دروستکەین بۆ مەسعوود محەممەد و بڕیاری لەسەربدەین، ئەمەی لێ بسەنین و ئەمەی پێ بدەین، ئەمە جۆرە مامەڵەیەکی زۆر نا ئەکادیمییە لەگەڵ کەسێکدا تۆ دەتەوێت گرنگی پێ بدەیت و دەقەکانی و بەرهەمەکانی بخوێنرێتەوە.

**پرسیار**: زۆر بە کەمی لە نووسینەکانی مەسعوود محەممەددا بەرچاو دەکەوێ کە سەرچاوەی بەکارهێنابێ، بەڵکو زۆرینەی نووسینەکانی بەرهەمی سەرچاوەی بیروبۆچوونی خۆیەتی. ئەی نووسین بەو زمانە قورسەی کە باسدەکرێ پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟

**وەڵام**: هەموو شتەکان لە سەرچاوەی بیر و بۆچوونی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت، ئەم تێگەیشتنەی خۆی جاروایە زمان فریا ناکەوێت یان کات فریا ناکەوێت ئەوەندە ئاڵۆز و قورسە، جگە لەوەی لەوانەشە لە سەردەمانێکدا نووسەرەکان پێیان وابووبێت هەتا نوسین ئاڵۆزتر بێت ئەوە دەلالەت لە قوڵی تۆ دەکات، یاخود لە گەورەیی تۆ دەکات ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاستی تۆ زۆر بەرزترە لە ئاستی خوێنەرانی خۆت، ئەمە نیشانەیەکە، لەوانەیە ئەمانە کۆمەڵێک پاڵنەر بووبێتن وای لە مەسعوود محەممەد کردبێت وشەکانی ڕەق و وشك بێت و بەرهەمەکانی بەم جۆرە بێت.

**پرسیار**: بە کورتی مەسعوود محەممەد چۆنی دەناسێنی؟

**وەڵام**: هەموو ئەو وێنانەی کە وتم. کەسیەتییەکی دەوڵەمەندە، بابڵێین کەسێتییەکە لەخۆی ڕادەبینێت و بوێری تێدایە ڕەخنە بگرێت، توانای پرسیار کردنی هەیە، جگە لەوەی لە کۆمەڵێک دەرگای جیاوازی داوە، کۆمەڵێک بابەتی باشی نووسیوە، ئیتر ڕۆڵ و پێگەیەکی هەبوو بۆ سەردەم و شوێن و پێگەی خۆی، ئێمە ئێستا

وەکو گەنجی ئەم سەردەمە وەکو خوێنەری ئەم سەردەمە، ئەوانەی کە لەبواری ئەکادیمیدان پێویستە بە عەقڵیەتێکی زۆر بابەتی و ئەکادیمییەوە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکانی مەسعوود محەمەددا بکەن، کاتێک کە ئێمە ڕەخنە یان ئەم سەرنجانەمان گرت، ئەمانە هیچ لە مەسعوود محەممەد کەم ناکاتەوە، مانای ئەوە نییە تۆ مەسعوود محەممەد مەخوێنەوە، نەخێر، بیخوێنەوە، هەوڵبدە تێگەیشتنێکی تری بۆ بدۆزەوە، لەوانەیە کەسێک هەبێت زۆر جوان مەسعوود محەممەد بخوێنێتەوە و زۆر باشتر تێبیگات و حاڵی بێت لەو بابەتە.

## پوختەی ژیاننامەی د. نەوزاد جەمال

نەوزاد جەمال دکتۆرای لەفەلسەفەی نوێدا هەیە و پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لەبواری فەلسەفەدا، لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر بەشی فەلسەفە. ماستەرو بەکالۆریۆسی لەبەشی فەلسەفەی زانکۆی ئەمستردام/هۆڵەندا (٢٠٠١-٢٠٠٧) وەرگرتووە.

چەندان توێژینەوەی بەزمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە، تا ئێستا نزیکەی بیست کتێبی لەبارەی: دیدوجیهانبینی مەسعود محەمەد، میتافیزیک، فەلسەفەی ئایین، فەلسەفەی سیاسی، فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، فەلسەفەی میدیا، دەروازیەک بۆ فەلسەفە، ئۆنتۆلۆجیای سیاسی کۆمەڵگای کوردی، فەلسەفەو فەیسبوک، فەلسەفەو قەیران، هتد ...دا چاپکردووە.